# ملوانکە




**هاوڕێ نەهرۆ**

**نەرویج - ٢٠١٤**

## پێشکەشە:
بە مرۆڤە ڕاستگۆیەکان.
بە مرۆڤە دەستپاکەکان.

### ناوی چیرۆکەکان:


١- بوتڵی گاز.
٢- ئامێری جاز.
٣- بوومەلەرزە.
٤- پاقلەفرۆشەکە.
٥- تەور.
٦- خەونی ماسی گرتن.
٧- دابڕان.
٨- داری تەڕ بە وشکەوە دەسوتێ.
٩- سەگ و مرۆڤە تەنیایەکان.
١٠- شەقام.
١١- شەمەندەفەرەکە.
١٢- کەنارەکان.
١٣- گەمەی گوناه.
١٤- لە پشتی هەورە دوورەکانەوە.
١٥- هەڵهاتن.
١٦- ملوانکە.
١٧- ناوم پێستە.


### پاشکۆ:
وەرگێڕانی دوو چیرۆکی بیانییە لە ژێر ناوەکانی:


١- چیرۆکی دارتاشەکە.
٢- هاوسەری گاوانەکە.

# بوتڵی گاز.

بە دەنگێکی گڕ هاواری دەکرد گاز.. گاز. پیرگ پیاوێکی ئەسمەری مامناوەندیی بوو.. تەمەنی چڵ ساڵێک دەبوو، پێشتر لە بەنزینخانە کاری ئەوە بوو بەرمیلی سەردەخستە سەر پشتی لۆری و پیکابەکان.. بەرمیلە نەوت و گاز بۆ گوندە دوورەکان، تەختەدارێکی درێژیان دادەنا لە نێوان زەوی و پشتی ئۆتۆمبیلەکە.. بەو تەختەدارەیان دەگوت (دەراب)، کرێکارێکی کوێریان هەبوو بە ناوی "شاکر".. ئەویش هەمان کاری دەکرد.. شاکر لە کاتی پشوودا چوارمەشقیی لێی دادەنیشت و جگەری دادەگیرساند.. کرێکارەکانی دی شۆخییان لەگەڵ دەکرد.. پارەی وردەیان بۆ فڕێدەدا یان دەیانخستە دەستیەوە.. شاکریش تووڕە دەبوو جنێوی دەدا.. دەیگوت سەگبابینە من دەرۆزەکەر نیم!

دوایی کە بوتڵی گاز پەیدا بوو.. پیرگ عەرەبانەیەکی کڕی و بوتڵی گازی بۆ گەڕەکەکانی قەراغ شار دەگواستەوە، پیرگ کاتژمێر هەشتی بەیانی دەستی بە کارەکەی دەکرد و کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ لێدەبۆوە، منداڵەکان و خەڵکی گەڕەک پیرگیان دەناسی و خۆشیان دەویست.. هەر کە دەهات منداڵەکان دەگەشانەوە و دەیانگوت: "پیرگ هات.. پیرگ هات!" پیرگ قازانجی زۆری لە خەڵک وەرنەدەگرت تەنانەت بە قەرزیش بوتڵی پڕی دەدا بە تایبەت بۆ ئەو خانەوادانەی کە پیاوەکانیان لە کۆمپانیای نەوت ئیشیان دەکرد و سەری مانگ مووچەیان وەردەگرت، پیرگ بە قسەی خۆی دەیگوت "هەر ڕۆژە دینارێک قازانج دەکەم، ٥٠٠ فلسی بۆ خەرجی خۆم و دایکمە.. ٥٠٠ فلسەکەی دی پاشکەوت دەکەم" دەیگوت (پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە!).

پیرگ لە گەڕەکێکی شار لەگەڵ پیرە دایکێکی دەژیا، دەیانگوت پیرگ خوشک و برایەکی تری هەبووە.. برایەکەی ئیشی قاچاغچێتیی کردوە.. لە کاتی بردنی سندوقە چای بۆ ئێران.. لەسەر سنوور تەقەیان لێکردوە و دەمودەست گیانی دەرچووە! خوشکێکیشی قوتابی بووە.. مامۆستایەکی میسری حەزی لێکردوە مێردی پێکردوە و چوونە بۆ میسر! پیرگ هەر کە لە فرۆشتنی بوتڵە گازەکان دەبۆوە لە قەراغ شەقامەکە عەرەبانەکەی ڕادەگرت و جگەرەیەکی دادەگیرساند و بە قووڵیی قومی لێدەدا.. ئیدی نەماندەزانی بیر لە چارەنووسی خوشکەکەی دەکاتەوە یان بیر لە برا جوانەمەرگەکەی!

کاتێ کە پیرگ پاڵی بە عەرەبانەکەوە دەنا، ئارەقەی شین و مۆری دەردەدا، تەنانەت کە زستان و پایز دەهاتن.. ئێمە زۆر زگمان پێدەسوتا.. چۆن ئەوها بەرگەی ڕەشەبا و باران دەگرێ! بە منداڵیی کە لە دەوری پیرگ کۆدەبووینەوە.. یەکە یەکەمانی دەناسی، دەیگوت تۆ کوڕی فلانە کەسی سڵاو لە باوکت بکە، هەموو ڕۆژێ کە لە فرۆشتنی بوتڵە گازەکان دەبۆوە لە هەمان شوێنی قەراغ شەقامەکە دادەنیشت و جگەرەیەکی دادەگیرساند، سەرەتا ئێمە نهێنیی هەڵبژاردنی ئەو شوێنەمان نەدەزانی بەڵام ڕۆژگار دەریخست کە ئەو شوێنە نزیک ماڵی بێوەژنێکە و پیرگ حەزی لێکردبوو، کاتێ پیرگ لەوێ دادەنیشت.. بێوەژنەکە بەدەم گسک لێدانەوە دەهاتە بەر دەرگا.. ژنێکی سپی ڕەنگی چاو شین بوو، پیرگ چاوی لە ڕووشاندن و لەکەدارکردنی ئابڕوومەندیی خەڵک نەبوو.. ئەو دەیویست ژنێک بهێنێ لە پاڵیدا بحەسێتەوە و ژیانی هاوسەرگیریی بگوزەرێنێ، پیرک نەیدەشاردەوە کە حەزی لە ژن و منداڵە.. ئاواتەخواز بوو ژنێکی هەبێ منداڵی بۆ بخاتەوە، چەند ڕۆژێک پیرگ دیار نەما.. وامانزانی سەفەری کردووە.. دواتر ڕۆژێکیان خۆی کرد بە گەڕەکدا وەک جاری جاران بە دەنگە گڕەکەی هاواری دەکرد گاز.. گاز.. بەڵام ئەمجارەیان جلی ڕەشی لەبەردابوو.. لێمان پرسی: "پیرگ بۆ جلی ڕەشت لەبەردایە؟" لە وەڵامدا بەکزییەوە گوتی: "دایکم عەمری خوای کردووە!".

ئیدی زانیمان پیرگ بە تەنیا دەژێ و بە نیازە ژیانی هاوسەرگیریی پێکبهێنێ، ڕۆژێک لە کاتی گاز کڕیندا پیرگ

به دایکمی گوتبوو "(دایکی سەلا) نهێنییەکم لە دڵ دایە با لە نێوان خۆم و خۆت بێ.. تۆ دەزانی کە دایکم مردووە و بە تەنیا دەژیم.. منیش بیرم کردۆتەوە کە دەستی ئافرەتێک بگرم.. ئەگەر زەحمەت نەبێ دەتوانی داوای دەستی ئەو بێوەژنەی دراوسێتانم بۆ بکەی؟ بەلام با جارێ لە نێوان خۆمان بێ و کەس نەزانێ" دایکم پێیگوتبوو: "بەسەرچاو تۆش وەکو کوڕی گەورەی خۆمی.. لە دەرفەتێکدا پێی دەڵێم.. لە ڕۆژانی داهاتووش وەڵامت لێدەگێڕمەوە" خۆشبەختانە بێوەژنەکە ڕازیی بوو، ئیدی وەک نەریتی لای خۆمان، پیرک کۆمەڵێک پیاوی ڕاسپارد تا بچن بۆ خوازبێنیی.. دوایی کۆمەڵێک ژن هاتن و دایکم لەگەڵیاندا چوو!

ڕۆژێکیان پیرک بە عەرەبانەکەیەوە دەرکەوت.. لەباتی بوتڵی گاز سندوقی پیپسی و تورابی پێبوو، دەمانزانی ئەوە بۆ ڕۆژی دەستگیرانییەکەیەتی، من منداڵ بووم.. کاتێ ڕۆژی دەستگیرانیی داهات خۆم کرد بە حەوشەی ماڵی بێوەژنەکەدا کە ئەویش خۆی و دایکی پێکەوە دەژیان.. بوتڵێک تورابییان پێدام.. ئێستاش چێژی ئەو تورابییە لە دەمم ماوە!

پیرگ لە کاتێ ئیشکردندا جلێکی شینی لەبەردابوو.. بە درێژایی ساڵ داینەدەکەند.. تەنیا زستانان قەمسەڵەیەکی لەسەر لەبەردەکرد بەلام ڕۆژی دەستگیرانییەکەی کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەرکردبوو.. ئەگەر یەکێک نەیناسیبایە دەیگوت مامۆستایە لە یەکێک لە قوتابخانەکان! پیرگ بێوەژنەکەی گواستەوە، ماوەیەکی پێچوو عەربانەکەی فرۆشت و دەمپەرێکی کڕی.. ئیدی پیرک لە باتی پاڵنان بە عەرەبانەوە بووە لێخوڕی دەمپەر.. بە دەمپەر بوتڵە گازی بۆ گەڕەکەکان دەبرد، دەیانگوت بێوەژنەکە بە پارەی دوورمان یارمەتی پیرگی داوە ئەو دەمپەرە بکڕی، ڕۆژێکیان پایز بوو.. خەڵک قوڕیان دەگرتەوە و سەربانەکانیان سواغ دەدا تا لە زستاندا دڵۆپە نەکا.. ئێمە خەریکی قوڕکاریی بووین.. گوێمان لە دەنگی دەمپەرەکەی پیرگ بوو.. کاتێک گەیشتە ئاستی ئێمە.. ڕایگرت و دابەزی.. چوکلێتی بە سەرمان دابەش دەکرد، لێمان پرسی پیرگ ئەوە بە چ بۆنەیەکەوەیە؟ لە وەڵامدا گوتی: "خێزانەکەم بارداره" ئێمەش دەستبەجێ دووعای خێرمان بۆ دەکرد.. بە تایبەتیی دایکم، ئیدی پیرک زۆر شادمان بوو کە ژنی هێناوە و لە داوڕۆژیشدا دەبێتە خاوەنی منداڵ.

ماوەیەکی پێچوو، خەسووەکەی پیرگ مرد.. هەر لە گەڕەکەکەی ماڵی پیرگ پرسەیان دانا، ئیدی پیرگ وەک جاران زوو زوو هاتوچۆی گەڕەکەکەی ئێمەی نەدەکرد.. خەڵکی ناچار بوون ڕاستەوخۆ منداڵەکانیان بنێرن بۆ بەنزینخانە و لەوێ بوتڵە گاز بکڕن.. ئۆتۆمبیلی جێب و پۆلۆنی هاتوچۆی نێوان شار و گەڕەکە دوورەکانیان دەکرد، هەر کەس بوتڵە گازی پێبووایە پارەی کەسێکیان پتر لێوەردەگرت، حەزمان دەکرد هەواڵی پیرگ بزانین.. وەک جاری جاران بگەڕێتەوە گەڕەکەکەمان بەلام پیرگ بە جارێ پێی لەو ناوە بڕیبوو.. ئێمە هەزار و یەک لێکدانەوەمان بۆ کرد.. وامانەدزانی وازی لە ئیشەکەی هێناوە.. بەلام دەرکەوت تەنیا بۆ گەڕەکەکەی ئێمە نایێ، نهێنیی ئەو نەهاتنەی بۆ ماوەیەک بە نادیاریی مابۆوە، دواتر زانیمان ژنەکەی پیرک لە کاتی هەڵگرتنی بوتڵە گازدا زگەکەی لەبارچووە، پەیتا پەیتا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە پیرک چیدیکە ڕوو ناکاتە گەڕەکەکەمان و گوتوویەتی: "ژنێکی چاوپیس هەیە لەو گەڕەکە.. تا ئەو بمانبینی ئێمە خێر لە خۆمان نابینین" هۆکاری لەبارچوونی زگی ژنەکەی خستبووە ئەستۆی ئەو ژنە چاو پیسە!

ئەو ژنەی باسی دەکرد ژنێکی شەست ساڵەی ڕەشپۆش بوو و ناوی نوورجان بوو.. لە کەلاوەیەکی نیمچە ڕووخاو لەگەڵ مێردە کەنەفتەکەی دەژیا.. وجاخیان کوێر بوو.. دەیانگوت زۆر ئیرەیی بە خەڵک دەبا.. لە هەر کەس بخوێنی دووچاری کەتنێکی دەکا، کە گەورە بووم ئەوجا زانیم زۆر جار (وەهم) ژیانی خەڵک و ڕەفتاریان بەڕێوە دەبا! هەر ئەو (وەهم)ەش بوو کە چیدی پیرگ ڕوو نەکاتەوە گەڕەکەکەمان!!

٢٠١٢\٤\١١ - نەرویج

## ئامێری جاز.

من کە ناوم کونتەر گراسە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری دانتسیغ پەیدا بووم، دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەو شارە کەوتە بەر پۆڵۆنیا، لە کاتی شەردا یاریدەدەر بووم لە هێزی ئاسمانیی ئەڵمانیا، لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بە دیل گیرام، هەمان ساڵ ئازاد کرام، چیرۆکی دیلیەتیی شکستی دەروونیی لا دروست کردم بۆیە لە قوتابخانە نەمتوانی بوارێکی کومەڵایەتی هەڵبژێرم و پەنام بردە بەر پەیکەرتاشیی.. لە هەمان کاتدا حەزم لە ژەنینی ئامێری جاز بوو.. پێموایە ژەنینی ئامێری جاز لە یانەی شەوان زۆر جار لە بێ پارەیی رزگاری دەکردم، زۆر جار لە دوسلدورف ئیشم دەکرد کە کەوتۆتە بەشی رۆژئاوای ئەڵمانیاوە.. لە سەردەمی لاویەتییمدا زۆر تەنیا بووم.. ئامێری جاز تاقە ئامرازم بوو لە رێگایەوە دڕ بە شەوگاری تەنیایی بدەم! کاتێ دەچووم بۆ یانەی شەوان خەریکی ژەنینی ئامێری جاز بووم.. نیگای چاوم دەیڕوانیە خەڵکەکە.. کە لەسەر مێزەکانیان بیرە و شەراب دانراوە و قاپە چەرەزەکان لە تەکیان دایە.. بە دوو قوڵیی و سێ قوڵیی دانیشتوون، مێز نەبوو یەک دوو ئافرەتی جوانی لێ نەبێ.. کاتێ کە جازم دەژەنی ژن و پیاوەکان خەریکی رامووسین و لێستنەوەی لێوی یەکتر بوون.. جاروباریش بە جووتە هەڵدەستان بۆ سەما.. منیش لە ناخەوە ئیرەییم پێ دەبردن، کاتێ ئەو دیمەنانەم دەبینی توندتر ئامێری جازەکەم دەژەنی.. خەڵکەکەش پتر مەست دەبوون.. جازەکەم وەک دەفی دەرویش وابوو کە چۆن لە کاتی لێدانیدا موریدەکان حاڵ دەیانگرێ.. منیش لە رێگای بەرزکردنەوەی دەنگی جازەکە ئەو خەڵکەم دەخستە سرووتی حاڵ لێهاتنەوە.. یەکتریان پتر رادەمووسی.. پتر سەرقاڵی سەما دەبوون، منیش تا دەهات لە نێو دەریای ئیرەیی دەخنکام.. جاروبار بەرچاوم لێل دەبوو.. دیمەنی سەماکەران لەگەڵ تۆزی (وەهم) تێکەڵ دەبوون، لەو کاتانەدا کە من پتر ئاوێتەی ریتمی جازەکە دەبووم.. تیکەڵاوییەک لە نێوانمان دروست دەبوو.. من دەبوومە جازەکە.. جازەکە دەبووە من، وەک چیرۆکەکەی چیخۆفمان لێدەهات کە چۆن چیرۆکی ناخی خۆی بۆ هێسترەکەی دەگێڕایەوە.. منیش لە رێگای ژەنینی جازەکەوە شەڕانگێزیی و تووڕەیی ناخی خۆم دەردەبڕی!

پێموابوو خودی جازەکە ئاگاداری نهێنییەکانی ژیانی منە.. ئاگای لە قەدەری بەتافکەوتنم هەیە، هاوکێشەیەکی سەیرە.. کاتێ مرۆڤ تووڕەیی و شەڕانگێزیی ناخی خۆی دەردەبڕێ.. کەچی خەڵکانێک شادمان دەبن، من تەنیا ژنیاری ئامێری جاز نەبووم.. نووسەریش بووم.. لە پیشەی نووسەرییشدا تەنیا بووم، نووسەریش لە رێگای دەقەوە کایە لەسەر لایەنی شەڕانگێزیی خۆی دەکا کەچی خوێنەر دیوە ئەرێنییەکەی دەبینێ.. ئەو بارەش پێیدەڵێن شیزۆفرینای نووسەر.. کەسایەتیی دوو جەمسەریی! هەرچەندە خودی هونەرمەند یان نووسەر لە بەدبەختیی و نەهامەتیی دەژی کەچی دیوە گەشەکەی پیشانی گوێگر یا خوێنەر دەدا!

من لە رێگای جازەوە رۆژانە چیرۆکی بەدیلبوونم لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە دەگێڕایەوە.. چیرۆکی بەسەرهاتی دایک و باوک و بنەماڵەکەمان دەگێڕایەوە بەڵام کەم کەس لەو راز و نیازەی من تێدەگەیشت، هەر مرۆڤێک لە بازنەیەکدا دەسووڕێتەوە، ئاسۆی بینینی مرۆڤەکان وەکو یەک نییە، سەرگوزەشتەیان وەکو یەک نییە، توانای دەربڕینیان وەکو یەک نییە، یادەوەریی من پتر یادەوەریی ژمارەییە لەوەی کە یادەوەرییەکی ئاخاوتن بێ! هەندێ جار هونەری گێڕانەوەی ئاخاوتن لای من دەمرێ.. تەنیا بیر لە ژمارەکان دەکەمەوە؛ کرێی خانووەکەم، پارەی خواردنی مانگێکم، کاتژمێری ئیشکردنم لە یانەدا... من نەمدەتوانی وەک ئەو خەڵکەی سەر مێزەکان لەسەرخۆ و لەسەر ریتمێکی خاو باسی شتی پووچ و بێهودە بکەم، لایەنی کەم روانینی من وا بوو.. لەوانەیە راستییم نەپێکابێ لەو بوارەدا، خۆزگەم دەخواست یادەوەریی منیش ئاخاوتن بووایە.. لە رێگای هونەری گێڕانەوە و گێژخواردن لە نێو فەرهەنگ و زمان دوستێکی کچم بۆ خۆم پەیدا بکردبایە.. بە واتایەکی تر من رۆڵی سەرنشینی سەر مێزەکانم بگێڕابایە.. یەکێ دیکە.. بەدبەختێکی دیکە لە باتی من جازی بژەنیبایە، بەڵام ئەو خواستە نەدەکرا و نەدەبوو..

لەو رۆژەی جاز دەژەنم کەس نەبوو دەستپێشخەری بکا و دارەکانم لێوەرگرێ، هەر وەکو کایەی نووسین لە بیرم نایە رۆژێک کەسی هاتبێ پێنووسەکەمی لێم وەرگرتبێ!

جاز ژەنین و نووسین و پەیکەرتاشی تا دەهات پتر جیهانی تەنیاییمیان قووڵتر دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا دەمگوت لەوانەیە من ئافەریدەیەکی هەڵبژێردراو بم.. ئەرکم ئەوە بێ پەیامی خۆشیی بەو خەڵکە بدەم.. وەک کانیاوێک ئاوی سازگارم لێهەڵقوڵێ، ئەگەر مرۆڤەکان بدوێنی کەس بە بەشی خۆی رازیی نییە.. ژندار حەزی لە ژیانی بێ ژنییە.. مرۆڤی زگورتیی حەزی لە هاوسەرە، نووسەرە ئیتالییەکە دەڵێ ئەقڵی مرۆڤەکان ئەقڵێکی شێتانەیە لە وەرزی زستان حەزیان لە هاوینە و لە وەرزی هاوینیش حەزیان لە زستانە!

بەڵام من وەک کەسایەتی کونتەرگراس شێت نیم، ئێوە دەزانن ساڵی ١٩٩٩ خەڵاتی (نۆبڵ)یان پێ بەخشیم، کەواتە من شتی لۆژیکییم نووسیوە و دەنووسم، هەمیشە دژی شەڕ و ئاشتی پەسەند بووم، لێرەدا من باسی گوشارە دەروونییەکانی خۆم دەکەم.. ئەو چوارچێوانەی ناچارم کایەی تێدا بکەم، دەبووایە هونەرمەندان و نووسەران چەشنی مەل و پەڕندان بوونایە.. دوو باڵیان هەبووایە و کاتی نیگەرانیی لە شەقەی باڵیان بدایە، کەچی ئێمە وەک مار واین و ماوە ماوە کاژێک فڕێ دەدەین و خۆمان نوێ دەکەینەوە.. دوای هەر بەرهەمێک دەبێ یادەوەریی پاداشت بکرێ لە لایەن خاوەنەکەیەوە بە بوتڵێ شەراب یان چەند بیرەیەک! من وابووم دوای ژەنینی جاز کە ماندوو دەبووم چەند بەرداغە بیرەیەکم فڕ دەکرد.. هەرگیز سەرمەست نەدەبووم بەڵام هەستم دەکرد کات زووتر لەبەرم دەڕوا.

پێموایە هونەرمەندان و نووسەران نهێنییەکیان لایە.. نهێنیی دانانی کاریگەریی لەسەر خەڵک.. ئەگەر وا نەبووایە چۆن ئەو خەڵکە بە ژەنینی جازەکەی من پتر مەست دەبوون، یان خوێنەر بە دوای نووسینەکانی خۆمەوە رادەکێشم تا ئەو کاتەی خۆم کۆتایی بە کایەیەکە دەهێنم! ئەگەر پتر رۆشنی بکەمەوە ئەوە شەوێکیان خەونم بینی لە خەونەکەمدا پێیانگوتم دەستت دەسەڵاتێکی جادووگەریی تێدایە.. دەسەڵاتت بەسەر ژەنینی ئامێری مۆسیقا و کایەی نووسیندا دەشکێ! لەو رۆژەوە جۆرێک لە بڕوابەخۆبوون لام دروست بوو.. ئیدی بەردەوام بووم چ وەک هونەرمەند چ وەک نووسەر!

راستە من بە رەگەز ئەڵمانییم.. نازییەت بۆتە بەشێک لە مێژوو و کەلەپوورمان بەڵام من کاتێ دەنووسم بۆ تێکرای مرۆڤایەتی دەنووسم.. بە رەش و سپی.. بە بڕوادار و بێ بڕواوە! بەڵام گرفتێک هەیە زۆر کەس لێی تێنەگەیشتوە، تێنەگەیشتنێک هەیە لەو میانەدا ئەویش جیاوازیی نەکردنە لە نێوان رژێم و گەل.. رژێم خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی و دامودەزگای سەرکوتگەرە کەچی گەل یان میللەت لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات دایە.. خەریکی ژیان و گوزەرانی خۆیانن.. رۆژگار قورسایی خۆی لە سەریان داناوە.. نابێ ئێمە تێکەڵیان کەین لەگەڵ واتا و چەمکی رژێمدا، لەوانەیە میللەت بەشداریی بکا لە داڕشتنی سیاسەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان لە رێگای سندووقی دەنگدانەوە بەڵام لە بەرایی و کۆتاییدا میللەت بەستەزمانە، لە رێگای میدیاکانەوە دەسەڵات زاڵە بە سەر ئاراستەی بیرکردنەوەیاندا.. زۆر جاریش میللەت دەکەوێتە داوی گەمەی دەسەڵات و رۆڵی نەرێنیی پێ دەگێڕن.. بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبن بە بەشێک لە کایەکانی دەسەڵات.. بە چەپڵەلێدان بۆ سەرۆک یان لایەنگرتنی لە کاتی بەرپاکردنی شەڕێکی ناڕەوا.. وەک چۆن بەشێک لە گەلی ئەڵمانیا لایەنگری هیتلەر بوون.. بەڵام کە دوایی وەئاگاهاتنەوە لە هەنگاوەکانیان پەشیمان و پاشگەز بوونەوە! ئێستاش لەگەڵدابێ لە ناوهێنانی هیتلەردا شەرم دایاندەگرێ هەروا ئەمڕۆ نازیزم بۆتە جنێوێکی سیاسیی و رەوشتیی!

٢٠١٣\٤\٢٣ - نەرویج

## بوومەلەرزە.

هەستم دەکرد لە خەوێکی قووڵ دام.. لە نێوان ئاگایی و بێ ئاگایی هاتوچۆم دەکرد، هەستم دەکرد هێزی مەرگ بەرەو ژێرزەمینێکی قووڵ و تاریک رامدەکێشی، ئای کە تامی مەرگ ناخۆشە، هەستکردن بە چوونە نێو دەروازەی مەرگ ناخۆشترە! دەتوانم پتر بارەکەم ئاشکرا بکەم؛ ٧٠٪ی جەستەم مردووە.. لە ٣٠٪ی زیندووە، ئازارێکی قووڵ ناخم ئەنجن ئەنجن دەکا.. دەمەوێ هاوار بکەم بەڵام دەنگ لە گەرووم دەتاسێ، چەند ناخۆشە دەستەوەستان بی بەرانبەر هێز و دەسەڵاتە نادیارەکان، هاتوچۆی نێوان مەرگ و ژیان پیاسەیەکی تەنیایی کوشندەیە، لەناکاو حەز دەکەی زنجیرەی بیرکردنەوەت بپسێ و بە یەکجارەکیی بچیتە نێو جیهانەکی هەمیشە ئارامەوە، کۆدی فەرامۆشیی لێدەدەی کەچی کەلکی نییە، جەمسەری ژیان جاروبار رادەکێشی بە لای خۆتدا.. وەک کرمێک دەتەوێ ماسولکەکانت بجووڵێنی بەڵام ناتوانی.. چارە چییە؟ چەند چارەنووسێکی رەشە، تۆ هەرگیز بیرت نەکردبۆوە بکەوێتە ئەم داوەوە، تۆ هەمیشە لایەنگری مەرگی کتوپڕ بووی.. وا ئێستا بوویتە سەنگی ژێرەوەی ئاسیاو.. ئەوە نییە بەرداشەکە بە جاری بتهارێ.. هەر رۆژەو چەند شانەیەکت تێکدەدا.. جاروباریش لەنگەر دەگری.. تۆیش هەناسەیەک هەڵدەکێشی، ئەو خانووەی بەسەرت داڕووخا لە قوڕ دروست کرابوو ئەگینا ئەگەر چیمەنتۆ بووایە هەر زوو دەمردی.. ئاواتەکەشت بەدی دەهات!

حەسیرە داقڵێشاوەکان ئازاریان بە جەستەت گەیاندووە.. لە هەندێ شوێن دا برینداریان کردووی.. تۆ ناتوانی دەست بۆ شوێنی برینەکانت بەری.. تەنیا بە هەست دەزانی کامە پارچەی لەشت ئازاری پێگەیشتووە، بەخشۆکەیی ویستت خۆت بجووڵێنی کەچی بڕستی ئەوەت نەبوو، پێدەچێ قورسایەکانی سەر جەستەت لەوە زۆرتر بێ کە تۆ وێنای دەکەی، کاتێ مرۆڤ قورساییەکی ئەوتۆی لەسەر بوو تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە، تۆ ئێستا جگە لە خۆت کەسی دیکەت بیر نییە.. لە هەمانکاتدا دەتەوێ ئەو بارەی نێوان ژیان و مەرگ یەکلابێتەوە! خۆزگە لەگەڵ یەکەم چرکەی بوومەلەرزەکە تێدا دەچووم، من نەمزانی بووراومەتەوە.. کاتێکیش وەئاگاهاتم جەستەم وزەی تێدا نییە و لە ژێر قورسایی کەلاوەیەک دەناڵێنێ، خۆبەخۆ پرسیارێکم ئاراستەی ناخی خۆم کرد.. ئەگەر من لە لێواری ئاگاییشدا بم کەواتە هەناسە دەدەم و ئۆکسجینم لێ نەبڕاوە، وێڕای ئەوەی لە ژێر خاک و خۆڵ دام و ئاسۆی دەربازبوونم دیار نییە.. چاوەروانی دەستێکی دەرەکیی بووم داروپەردووی سەرم لابدا و لەو بارە نەخوازراوە دەرمبێنێ.. ئەوەش تەنیا خواستێکی رووتە، ئەو پانتاییە جوگرافییەی ئێمەی بە فەرامۆشیی سپاردوە تیپی فریاگوزاریی رووی تێ ناکا!

رۆژ لە دوای رۆژ لەگەڵ قەوارەی خۆمدا راهاتم و ئازارەکانی جەستەشم کەم بۆوە بەڵام تینوویەتی و برسییەتی گوشاریان بۆ هێنام.. لە دڵی خۆم دا دەمگوت وابزانە رۆژووت گرتووە، جاروباریش بیرم دەکردەوە جەستە وەکو لۆژیک پێویستی بە پڕۆتین و کاربۆهیدرات و ڤیتامینە بۆ ئەوەی شانەکان بە شێوەیەکی تەندروست کاری خۆیان ئەنجام بدەن.. لە راستییدا مرۆڤ ماشێنێکی گۆشتنە! چارت نەبوو.. دەبووایە بەرگە بگری.. لەگەڵ ناچارییدا هیچ ناکرێ.

دوای ئەوەی کە دڵنیا بووی ئازار جەستەتی بەرداوە هێدی هێدی دەستێکت جووڵاند.. بە رێکەوت بەر دارێک کەوت.. هەوڵت دا مشت لە دارەکە قایم بکەی.. سەرەتا ویستت بیجووڵێنی.. وەک دانی لەق وابوو.. بە هەر شێوەیەک بوو جووڵاندت.. وێڕای ئەوەی گران بوو بەڵام پەیتا پەیتا هەوڵت لەگەڵ دا.. دەلاقەیەکی رووناکی کردەوە، سروەیەکی ئاسوودەیی دڵی فێنک کردیتەوە.. وەک داگیرسانی مۆمێک بوو لە نێو چڕایی تاریکییدا، بۆ

ماوەیەک پشووت دا وەک ئەوەی هەنگاوێکی سەرکەوتووت ئەنجام دابێ، بیرت لە پلانی دواتر کردەوە، ئەمجارەیان هەوڵت دا دەستەکەی دی بجوولێنی کە لە ژێر خشتێکدا بوو.. ئەویشیان بە ئاسانیی کەوتە جوولە.. بەڵام جەستەت وەک بەنج کرابێ وابوو، بە دەستێک دەلاقەکەت فراوان کرد، لە سەرەتادا وەک ئەفسانەکەی سیزیف مشتێک خوڵت لابرد دوو مشت کەوت بەسەرتدا، بەڵام ئەکسیری ژیان زاڵ بوو بەسەر مێشکت دا بۆیە کوڵت نەدا و بەردەوام بووی تا تروووسکە بووە گورزە رۆشنایی، سروشتی مرۆڤ وایە کە کەس یارمەتیی نەدا ناچارە خۆی یارمەتیی خۆی بدا، دەست و قاچ و جەستە بۆ ئەوە ئافەریدە بوونە جوولەیان پێ بکەی.. جوولەی خەڵکی سەما و وەرزشە جوولەی منیش لە کێشمەکێشی ژێر خاک دایە! منیش بروام بە میکانیزمی جوولە هەبوو بۆیە وێڕای برسیێتی و تینوویەتی لە جوولە نەکەوتم.. کە دوو دەستت رەها بوو دەتوانی پارچەکانی دیکەی جەستەت رەها بکەی، لەو ساتەدا ئەوەی بیرم لێکردەوە قورسایی سەر سینگم رەها بکەم تا بتوانم باشتر هەناسە بدەم، بە هەردوو دەست خشتەکانی سەر سینگم لادان لە هەمان کاتدا قاچەکانیشم دەجووڵاند، خاک و خۆڵ وەک چیمەنتۆ نییە دەتوانی بە ئاسانیی تێیدا جوولە بکەی، هەستم بە رووناکیی و تاریکیی دەکرد بەڵام کاتی ژێرکەوتنم بۆ دیار نەکرا.

لە رۆژێکی رووناکدا تینم بۆ خۆم هێنا.. دەستم بە قەراخ دەلاقەکەوە گرت و وزەم دایە بەر خۆم.. هەرچی داروپەردووی رووی جەستەم هەبوو رووەو دیوی دەرەوە هەرەسی هێنا، بەو شێوەیە پەرجوو ئاسا لە بوومەلەرزەیەکی میتافوری سروشتیی رەها بووم بەڵام کە رەها بووم نەمتوانی ترسی مەرگ بە یەکجارەکیی لە مێشکم بتارێنم.. دووبارەبوونەوەی هەمان چارەنووس لە ژیانمدا بسرمەوە، بۆیە ئێستا بۆ هەر کوێ دەچم ترسی بوومەلەرزە لە ناخم دایە، لەبەرئەوەی کە تووش بووی تەنیا خودی خۆت لەگەڵ دڵرەقیی سروشت دەکەوێتە ململانێ.. لەوانەیە رزگارت بێ لەوانەشە گۆڕی هەتاهەتاییت بێ!!

٢٠١٣\٣\٢٠ - نەرویج

# پاقلەفرۆشەکە.

مام سمایل پیاوێکی باڵا بەرز بوو، سەر و ڕیشی سپی بوو، تەمەنی نزیکەی شەست ساڵێک دەبوو، بەڵام کڵاوجامانەی دەبەست و چاکەت و پانتۆڵی لەبەردەکرد، چاکەتەکەی ڕەنگێک بوو.. پانتۆڵەکەی ڕەنگێکی تر.. پێدەچوو لە لەنگەی کڕینێ یان خەڵکی دەستڕۆیشتوو پێیان دابێ، لەو شارەی ئێمە خەڵک جلیان فڕێ نەدەدا یان دەیاندایە کەسێک لە خۆیان هەژارتر یا تا مردن لەبەریان دەکرد تەنانەت جلی پیاوێکی مردوو کۆدەکرایەوە و پاک دەشوشترا و لەگەڵ سابوونێکی بۆن خۆش لە نێو بوخچەیەکیان دەنا و دەیاندایە مجێوری ئیمامی خدری زیندە! مام سمایل خاوەنی ژن و منداڵ بوو؛ کچە گەورەکەی تەمەنی چواردە ساڵان بوو.. تازە بن مەمکانی دانابوو.. ناوی (ویداد) بوو، کوڕێکی دوو ساڵانیشی هەبوو.. پێدەچوو مام سمایل درەنگ ژنی هێنابێ.. بەڵام درەنگتر باشترە لەوەی کە هەر نەیهێنێ! ئاخر پیاوێکی کوێری وەکو مام سمایل هەر باشە ژنیان پێداوە، مەزنن ئەو ژن و پیاوانەی لە خوار خۆیانەوە شوو دەکەن یا ژن دێنن، هاوسەری وا هیچ خواست و ویستێکی ئەوتۆی تێدا نییە.. تەنیا خۆگونجاندنە لەگەڵ ڕێڕەوی ژیان.

مام سمایل خەڵکی گوندێک بوو لە کەناری ئاوی ئەڵوەن.. گوندەکەیان زۆر دوور نەبوو لە شارەوە، کاتی دەچوون بۆ شار دەبووایە بەسەر پردی گەورە تێپەر ببن.. پردی گەورە ژێرەوەی تاق تاق بوو.. بە خشت و گەچ دروست کرابوو، دەیانگوت کاتی خۆی نادر شا ئەم پردەی بونیادناوە کاتێک سوپاکەی ویستویەتی لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە بەڵام نەیانتوانیوە، تەنانەت وەک ئەفسانە خەڵکی شار باسیان دەکرد.. پیرەژنەکان دەیانگوت بە ئاوی سەروێ گەچەکەی گیراوەتەوە تا توند و تۆکمە بێ، ئاوی ئەڵوەن وەک ئێستا تەنک و لیڵ نەبوو.. ئەو کاتە مەلەوانی دەخنکاند، لەژێر پردی گەورە شوێنێک هەبوو پێیان دەگوت باوەگەزی.. هەموو ساڵێک یەکێک لەوێ دەخنکا، دەیانگێڕایەوە گوایا ئەوە دایکی ئەڵوەنە هەموو ساڵێک پێویستی بە قوربانییەک هەیە! گوندەکەی مام سمایل خەڵکی جۆراوجۆری تێدا دەژیا، ئەو گوندانەی نزیک شار جیهانێکی تایبەتیان هەی.. خەڵکی تێدایە قاچاغچییە.. خەڵکی تێدایە فیتەرە.. خەڵکی تێدایە مامۆستایە یا ئەندازیارە.. کەم کەسیان خەریکی کشتوکاڵن.. هەیانە دوکانی هەیە لە شار، قەدەری مام سمایلیش لەگەڵ کچەکەی عەرەبانەیەکیان هەبوو پاقلەی کوڵاویان دەفرۆشت، مام سمایل لە گوندەکەی خۆیان پاقلەکەی ساغ نەدەکردەوە بەڵکو بەسەر پردە ئاسنینە سەوزەکە دەهاتن بۆ گوندەکەی ئەم بەر، مام سمایل کاتێ گەیشتە پردە ئاسنینەکە ترس سەراپای لەشی دادەگرت و دەیگوت ویداد کچم سەیری ئەم بەر و ئەو بەر بکە نەوەکو ئۆتۆمبیلەکانی پاڵێشگای نەوت بمانشێلن! ئەو پردە کاتی خۆی بە هۆی بەستنەوەی پاڵێشگا بە شارەوە ئینگلیز دروستی کردبوو، تەنانەت ئەگەر لافاویش بهاتبایە، پردەکە و پایەکانی لە شوێن خۆیان دەمانەوە، تەنیا خۆڵەکەی ئەم بەر و ئەو بەر ئاو دەیبرد، بە هۆی توندوتۆڵیی ئەو پردەی پاڵێشگاوە، لەناو خەڵکی ناوچەکە ئینگلیز ناوی دەرکردبوو، هەر کەرەسەیەک باش و جێباوەڕ بووایە دەیانگوت ئینگلیزییە گاڵتەی پێناکرێ، مام سمایل عەرەبانەیەکی پێبوو لە دار دروست کرابوو.. سێ تایەی پایسکلی بچووکی لە ژێری دابوو.. دووان لە پاشەوە و یەکێک لە پێشەوە، خۆی و ویداد بە دەست پاڵیان دەنا، لە ناوەڕاستی عەرەبانەکە مەنجەڵێکی گەورەی پاقلەی هەبوو هەمیشە هەڵمی لێهەڵدەسا.. پێدەچو سوپایەک یان پەرەمێزێک لەژێریدا بێ، لەسەر عەرەبانەکە شووشەیەکی بەتاڵی ئاوی تەماتەی هەبوو سەرەکەی کون کون کرابوو و پڕ کرابوو لە پوونگی وشک، پوورێکم هەبوو (خوشکی دایک) خەڵکی گوندەکەی ماڵی مام سمایل بوو.. کاتی خۆی مێردەکەی لە پاڵێشگا ئیشی کردبوو.. وەرزەکە پایز دەبێ کە لە ئیش دەگەڕێتەوە لە حەوشەکەیان بە ئاوی سارد خۆی دەشوا.. ئیدی تووشی نەخۆشیی دەبێ دواتر ئەو نەخۆشییە بووە هۆی مردنی! پوورەکەم کاتێ دەهات بۆ ماڵەوەمان دەنگ و باسی گوندەکەیانی دەهێنا بۆ دایکم.. ئێمەش لە دەوریان خڕ دەبووینەوە و گوێمان ڕادەخست، ڕۆژێکیان باسی مام

سمایلی هینایە کایەوە و دەیگوت ژنەکەی مام سمایل زۆر زرنگە.. خەڵکی گوند پارەیان بۆ کۆکردنەوە مانگایەکی شیردەریان بۆ کڕین.. ئەویش هەموو ڕۆژێ داس و گوریسێک دەبا و دەچی بۆ ناو باخەکەی قەراخی ئەڵوەن باوەشێک گیای تەڕ دەهێنێتەوە.. هەموو ئێوارەیەکیش مانگایەکە دەدۆشی و لە شیرەکەی هەموو بەیانییەک مەنجەڵێک ماست دروست دەکا، جاروبار خەڵکی گوند لێیدەکڕن و جاروباریش لەگەڵ پاسەکەی باخەوان دەینێرێ بۆ شار، ئەو ڕۆژەی پارە نەکا خۆیان دەیخۆن یان دەیکەنە ناو کیسەیەکی خامەوە و هەڵیدەواسن دواتر دەبێتە توراغ! جگە لەوەش کۆمەڵێ قاز و مراویی هەیە بەیانیان بەرەڵایان دەکا بۆ ناو ئەڵوەن و ئێوارانیش دەیانهێنێتەوە، هەموو ڕۆژێکی هەینیش سەبەتەی هێلکە دەبا بۆ شار تەنانەت هێلکەش لە ژێر قاز و مراویەکان دادەنێتەوە، هەروەها ناوەناوە دەچێ بۆ قەراغی ئەڵوەن باوەشێک پوونگ دەهێنێتەوە و لە سەربانەکە لەسەر پەڕۆیەک هەڵیدەخا تا وشک ببێتەوە و دوایی گەڵاکانی هەڵدەوەرێنێ و دەیکاتە شووشەوە بۆ ئەوەی کڕیارەکانی مام سمایل پاقلە و پوونگ بخۆن، بە ڕاستیی بەچێژە کاتێ پاقلەی کوڵاو پوونگی پێوە دەکەی، دایکم گوتی مام سمایل بۆ چی ئەو ڕێگا دوورە دەبڕێ و لە گوندکەی خۆیان پاقلە نافرۆشێ؟ پوورم لە وەڵامدا گوتی لەبەر کچەکەی شەرم دەکا.. دوایی دوکان و پاقلەفرۆش لە گوندەکەی ئێمە زۆرن، ئەو ناوچەیەی ئێمە بە پایزان ڕەشەبایە و بە زستانانیش بارانە، وێڕای ناخۆشیی ئەم دوو وەرزە مام سمایل و کچەکەی هەر دەهاتن، بەڵام لە گوندەکەی ئێمە نزیکەی دوازدە کرێکار و باخەوان و کارەباچی و شۆفێر هەبوون لە پاڵێشگا ئیشیان دەکرد.. بۆیە بەڕێوبەری پاڵێشگا بڕیاری دابوو لە ناوەڕاستی گوند و لە قەراغ ڕێیەکە بە پلێت و لوولەی مام ناوەندیی خانوویکیان بۆ دروست بکەن تا لە کاتی چاوەڕوانی هاتنی ئۆتۆمبێلی پاڵێشگا بەیانیان تەڕ نەبن، خانووەکە دەمەکەی ئاواڵە بوو.. کرێکارەکان تەنیا بەیانیان سوودیان لێوەردەگرت، مام سمایل خۆی و ویداد و عەربانەکەی نزیکەی کاتژمێر نۆی بەیانی دەهاتن و لەژێر ئەو خانووە بە پلێت دروستکراوە ڕادەوستان.. جاروبار مام سمایل هاواری دەکرد پاقلەی کوڵاو.. گەورە و بچووکی گوند دەیانزانی لەوێ دەوەستن، باوکم شۆفێر بوو.. مانگێک کاری دەستدەکەوت شەش مانگ بێکار دەبوو، من کە تەمەنم دە ساڵ بوو زۆر حەزم دەکرد باوکم لە پاڵێشگا ئیشی بکردبایە تاوەکو مانگانەی هەبووایە بەڵام دایکم دەیگوت باوکت حەزی بە ئیلتزام نییە.. کەی لە کار و خاوەنکار بێزار بوو سویچەکەی بۆ فڕێ دەدا! باوکم نەیدەهێشت بێ خەرجیی بین تەنانەت ئەگەر کاری نەبووایە قەرزی دەکرد، جارێک سێ دیناری لە ژنێکی پارچەفرۆش قەرز کردبوو.. سێ ڕۆژ بە دوای یەکدا ژنەکە هات بۆ قەرزەکە.. باوکیشم دەیگوت پێبڵێن لە ماڵ نییە یاخود سبەی وەرەوە! دولابێکمان هەبوو لاکێش بوو.. خاڵم لە پاڵێشگا هێنابووی.. دایکم قاپ و قاچاغی لێ دادەنا، دوو پەنجەرەی لە لای سەرەوە هەبوو بە هێلەگ گیرابوو.. دایکم پارەی خوردەی لەوێ دادەنا تا ئێمە دەستمان پێڕانەگا، بەڵام لە کاتی پێویستدا لێیدەپاڕاینەوە و هەندێ وردەی پێدەداین.. دەچووین قاپێک پاقلە بە پوونگمان لە مام سمایل دەکڕی.

کچەکەی مام سمایل پرچی ئاڵۆزکاو بوو لە پشتەوە دەیبەست و کراسێکی کودەریی ژنانەی لەبەر دەکرد، ئێمە ئەو کاتە هەر دەمانگوت گوناهن! ئەگینا توانای ئەوەمان نەبوو یارمەتییان بدەین.. خەڵکانێک هەبوون لەوان هەژارتر بوون، پیاوێکی دی هەبوو لە گوندەکەمان قۆڵێکی گۆج بوو.. هیچ ئیشی نەدەکرد.. نازانم چۆن ماڵ و منداڵەکەی بەخێو دەکرد! ئەو جۆرە خەڵکانە سەیرن بە بێ هیچ ئایندە و پرۆگرامێک خۆیان دەدەنە دەستی قەدەر و سەرنەوشتی نادیار.. وەک ئەوەی کە هەن خۆیان دەسپێرن بەسەر ژیاندا، هەر دەڵێن خوا کەریمە، خوا سەر بدا ڕزقیش دەدا یان پەنا بە خوا! باوکم نوێژی نەدەکرد بەڵام چەندین جار گوێم لێبوو ئەو قسانەی دووبارە دەکردنەوە، چەندە خۆشە مرۆڤ بڕوای بە شتێک هەبێ.. بۆ نموونە بە هێزێکی شاراوە.. هێزێک کە ئاگای لە دەرد و چارەنووس و ئازارەکان هەبێ، هەژارەکانیش لە نێو چارەنووسی دیاریکراویاندا خۆشیی دەبینن.. بۆ نموونە ئەگەر جەژن بووایە مام سمایل نەدەهات.. ڕۆژی هەینیان نەدەهات، تاقە ڕۆژێکیش گوێم لێنەبوو مام سمایل ناڕەزایی دەربڕێ.. هەر دەیگوت خوایە شوکر بە بەشت! ڕۆژێکیان خۆر بە تاقی ئاسمانەوە بوو.. کات نیوەڕۆ بوو.. مام سمایل خۆی و ویدادی کچی لە ژێر خانووە پلێتەکە ڕاوەستابوون.. لە پڕ ئۆتۆمبێلێکی زیلی سەربازیی هات.. چوار

سەربازی لێ دابەزی.. دیار بوو لەمێژ بوو پاقلەیان نەخواردبوو.. سەرەتا داوای سەرو قاپێکیان کرد و بە پوونگەوە خواردیان.. هەر کە تەواو بوون داوای سەرو قاپی تریان دەکرد، یەکێک لە سەربازەکان زۆر چاو حیز بوو.. بەردەوام نیگای لەسەر کچەکەی مام سمایل بوو.. لە ناکاو دەستێکی بۆ باخەڵی ویداد برد.. ویدایش لە شەرمان سوور هەڵگەڕا و وەک تەماتەی لێهات، سەربازێکی تر کە سێ (خەت) لەسەر قۆڵی بوو.. زۆر بەم کردەوەیە نیگەران بوو.. دەستبەجێ دەستی لە پاقلەخواردن هەڵگرت و رووی دەمی تێکرد و پێیگوت شەرم لە خۆت ناکەی.. نابینی ئەوە باوکی زەلیلە.. تۆ دیارە خوشک و دایکت نییە.. نازانی ئابڕوو چەند گرانە، سەربازەکەش بەسەر خۆیدا شکایەوە و لەو ساتەدا حەزی دەکرد ئەرز شەق بێ قووتی بدا بەڵام چاری نەبوو.. هەست و کەفوکوڵی هەرزەکاریی وای لێکرد، سەربازە سێ (خەت)ەکە بە ئەوانی تری گوت ئەمرۆ مووچەتان وەرگرت.. هەر یەکەو پێنج دینار دەرکەن و بیدەین بەم پیاوە زەلیلە!!! ئەوانیش بە دەنگییەوە هاتن...

نەرویج / ئۆسلۆ - ٢٠١٢\٧\٢٠

## تەور.

پێیان ڕاگەیاند کە کراوە بە بیور.. سەرەتا ئەو هەواڵەی پێ ناخۆش بوو.. دوای چەندین ساڵ خۆیندن و تێکۆشان و خوێندنەوە بکرێ بە بیور! لە یەکەم چاوتروکاندا لە واتا و مەبەستی بیور تێنەدەگەیشت بەڵام پەیتا پەیتا دەرگا و پەنجەرەکانی چەمکی بیوری خستە سەرپشت و چووە نێو ناواخنی بیورەوە، کەم کەم ڕۆڵی بیوری بۆ ڕوون بووەوە کە بە چ شێوەیەک سوودی لێ وەرگیراوە لە نێو شاخ و کێوە بەفراوییەکان.. داری زۆری پێ بڕدراوە بۆ خۆ گەرمکردنەوە و چێشتلێنان و خۆشوشتن! ڕازیی نەبوو ناز ناوی بیوریان پێ بەخشیوە چونکە بیور ئامرازێکی ساردوسڕە و کەسێکی دی دەستی بۆ دەبا و بەکاریدێنێ و بە خۆی هیچ دەستپێشخەرییەکی نییە! دیسان ئەوەشیان بۆ ڕوونکردەوە کە ڕاستە کراوە بە ئامرازێکی نیمچە ڕۆبۆت بەڵام مرۆڤی شارەزا و لێزان لە کات و ساتی دیارکراودا دەستی بۆ دەبا و داری پیری سەر ڕێگاوبانەکانی پێ دەبڕێ.. لق و پۆپی خوارەوەی دارەکانی پێ پاک دەکەنەوە تا پتر هەڵبچن و دیمەنی جوانتر بە جەنگەڵ و ڕێگاوبانەکان ببەخشن.. لە کاتی تەواوبوونی ئیش و کارەکانیش بیورەکە خاوێن دەکرێتەوە و لە هەسان دەدرێ و چەور دەکرێ و لە جێگا و سندووقی تایبەتی خۆی دادەنرێ! ئیدی بیورەکە بە لەخۆ ڕازیبوونەوە لە شوێنێ خۆی ڕادەکشێ و لە دڵی خۆیدا دەڵێ ئەگەر من نەبوومایە هەرگیز مرۆڤ نەیدەتوانی دار ببڕێ.. کەواتە من ئامرازێکی گرنگم.. لە هەمان کاتدا ڕێزی خۆم دەگرم و خۆم نادەمە دەستی کەسانی نەزان و کار و کردەوەی ناشیاوم پێ ئەنجام بدەن!

هەموو کەسێ شیاوی داربڕین نییە.. دەبێ لە ئەندازیاری کشتوکاڵ بڕیار وەرگرن چ دارێک بە کەڵکی بڕین دێ و جوتیارەکانیش جێبەجێی دەکەن! منیش دەبمە ئامرازێکی دەستی وان، ئەوەی بە ئیسپارتاکۆس کرا بە من ناکرێ، ئەوەی بە ئیبراهیم لنکۆڵن کرا بە من ناکرێ، من بە ماسۆشیەتی خۆم لە دایک بووم و هەر بە ماسۆشیەتی خۆشمەوە دەینێمەوە، من خۆ نادەمە دەست بەڵام باڵای قەدەر لە توانای من بەرزترە.. بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی لە بەرانبەر دوژمن باشترە لە خوێنڕشتن! بەڵام پێش ئەوەی لە بەر باران و دواتر لێدانی هەوا ژەنگاویی ببم و لە کار بکەوم کۆشش دەکەم وزەی جوتیارەکان بەفیڕۆ نەدەم.. کۆشش دەکەم دڕوداری نالەباری سەر ڕێگاوبانەکان ببڕمەوە.. حەز دەکەم بە دەست جوتیارێکی شارەزاوە بم و کاری جوانکاریی نێو جەنگەلە چڕەکانی ئەم دونیایە ئاڵۆزەم پێ بکا!

بەڵکو دێوو درنج زەفەرمان پێ نەبا.. من وەک هەڵگری نازناوی بیور شوناسێکی نەناسراوم.. جوگرافیای ڕامان و ئەندێشەم نادیارە.. پەی بە سنوورەکانی نێوان دوست و دوژمن نابەم.. ڕەنگە ئەم دەست و ئەو دەستم پێ بکرێ و گۆشت و ئێسقانی ئاژەڵەکانم پێ پارچە پارچە کەن.. ڕەنگە ئاژەڵێکی بێ تاوانیش بەر بکەوێ.. سووچی منی تێدا نییە، هەر وەک گوتم من ئامرازم.. کەللەپووچێکی نێو دیواری سەردەمم.. بورغییەکی ماشێنێکی گەورەم.. بیورێکی دەمتیژم.. لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەرد و تەمۆخی سەر ڕێگایەکانی ژیانم پێ وردوخاش بکەن و پارچەیەکی لێوم بپەڕێ یاخود بشکێ و ئەو کاتە وەک ددانە شکاوەکەم دەبێ هەمیشە خەمی لێبخۆم و سەرەنجام پارچەیەکی پێوە بنووسێنم!

ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان جوگرافیای موگناتیسیی سنوورەکانم پێ ببڕنەوە و کارەبا و ئەرز شۆرت بکەن و منیش ببمە پارچە ئاسنێکی سوورکراو و بتوێمەوە، بۆ هەمیشە بتوێمەوە!! لەتە ئاسنێک کە نێوی بیور بوو تواوەیەوە.. هیچ کەس لەم دونیایە فریای (کفن و دفن)ی نەکەوت.. چەشنی قوربانیانی جوولەکەکانی بەردەستی سوپای هتلەر کران بە قەرەبڕووت! تەنیا یاد و یاگارییەکانیان لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کۆمەڵگادا مانەوە...

٢٠١٣\٣\٢٧ - نەرویج

# خەونی ماسی گرتن.

باڵاجۆ جۆگەڵەیەک بوو سەرچاوەکەی لە ئاوی ئەڵوەنەوە دەهات، لە نێوان ئاوی ئەڵوەن و باڵاجۆ دەزگایەکی ئاسنین هەبوو پێیاندەگوت بوغاز.. بوغاز وشەیەکی تورکییە بە واتای دەم دێ، واتە دەمی سەرەکی باڵاجۆ بوو.. باڵاجۆ چەند پردێکی لەسەر بوو.. یەکێک لەو پردانە شەقامی پالایشگای بە شارەوە بەستبوو.. پردێکی بچکۆلانەتر هەبوو تەنیا پیادەڕەو پێیدا تێدەپەڕی پێیاندەگوت کۆپری.. کۆپریش وشەیەکی تورکییە بە واتای پرد دێ، سەرەتای بینین و ئاشنابوونم لەگەڵ ماسی لە ڕێگای باڵاجۆوە بوو.. کاتێ دەچووین بۆ ماسی گرتن دەبووایە دەرزییەک لەسەر ئاگر بچەمێنینەوە و دەمانکرد بە قولاب و دەمانبەستایە مەترێک یان دوو مەتری مەچیرە (داو)ێکەوە و لە دارێکمان دەبەست، مشتی ئاردمان دەکردە هەویر و خوێ و بەهاراتمان پێ وەردەکرد، بەو شێوەیە ماسیمان دەگرت، ماسیەکان بچووک بوون، هەر کەسەو بەشی خۆی دەگرت و لە ماڵەوە لە نێو ڕۆن سووری دەکردەوە، بۆ من لە منداڵییدا هەر ڕۆژێکی نوێ دیاردەیەکی نوێی تێدا بوو، دۆزینەوەی یارییەکی نوێ یان گەشتێکی نوێ، دراوسێیەکی دوکاندارمان هەبوو ڕۆژێکیان کوڕەزایەکەی لە بەغداوە هاتبوو بۆ ماڵیان.. دیارە خەڵکی شارە گەورەکان ئەزموونیان پترە.. گوتی دەچین بۆ ڕاوە ماسی بەڵام من بە قولاب ماسی ناگرم، پێمانگوت ئەی چۆن؟ بە چی؟ گوتی ماڵی دادەم کەنتۆرێکیان هەیە بە ڕوویدا کەژاوە هەڵواسراوە.. بە دزییەوە کەژاوەکە دێنم و بە هەرەوەزیی ماسی دەگرین، کەژاوەکەی هێنا کە سەیرمان کرد لاکێشە بوو.. کەسێکمان لەم بەرەوە دوو چمکی گرت.. کەسێکی ترمان لەو بەرەوە دوو چمکەکەی تر بە قەبارەی ئاوەکە دەستیان واڵا کرد.. چەند کەسێکی نارد بۆ پێشەوە بە بەرد ماسییەکان بەرەو لای کەژاوەکە ڕابدەن.. کاتێ کەژاوەکە قورس بوو دەستی خوارەوەیان هەڵگرت ئەنجا کەژاوەکە پڕ بوو لە ماسی، ماسییەکان گەورەتر بوون لەوەی بە قولاب دەمانگرتن! ئەو لە ترسی دزینی کەژاوەکە دەترسا ماسییەکان بەرێتەوە بۆ ماڵی دادەی بۆیە ماسییەکانی ئەویش بەر ئێمە کەوت، ماسی گیانلەبەرێکی گێلە هەر زوو بە تۆڕ و قولابەوە دەبێ.. دەڵێن یادەوریی ماسی لاوازترین یادەورییە کە بۆ هەشت چرکە پڕ دەکا تەنانەت لە نەرویج ئەوەی زوو شتی لە بیر بچێتەوە دەڵێن ئەوە چییە دەڵێ یادەوەریی ماسیت هەیە! ڕۆژێکی نیوەڕۆ کاتژمێر یازدە بوو.. ئاوی باڵاجۆ بڕا بوو.. برادەرێکم هەبوو چوار پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو.. پێکەوە چووین بۆ خوارەوەی بوغازەکە.. بە درێژایی سەد مەتر ئاو لە باڵاجۆ گیری خواردبوو و وەک گۆماوی پچرپچڕی لێهاتبوو، هەر بە بەرد و بە دەست ماسیی دەگرت و هەڵیدەدایە سەرەوە.. منیش لە قەراغەوە بۆم کۆدەکردەوەو دەمخستە دارێکی بییەوە.. تا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، ماسییە هەراشەکانی بۆ خۆی برد و بچووکەکانیشی دا بە من.. منیش خستبوومنە دار بییەکەوە بەو نیازەی نیوەڕۆ نان و ماسی بخۆین، گەڕەکێکی سەربازیی لە خوارەوەی ماڵمان تازە بناغەی دانرابوو.. کۆمەڵێک سەرباز وەک چاودێر سەرپەرشتییان دەکرد، منیش بە هۆی باوکمەوە کە لەوێ ئیشی دەستکەوتبوو یەکێ لەو سەربازانەم ناسی کە نێوی قەحتان بوو لەبەر ئەوەی ژنەکەی کورد بوو فێری کوردی ببوو.. شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێلە بوو کە هاتوچۆی بە چاودێرەکان دەکرد، ئەو ڕۆژە کە ماسییەکانم پێبوو بە ڕێکەوت قەحتانم لێ پەیدا بوو.. دوای چاکوچۆنیی گوتی ها بزانم ئەوە چییە بەدەستتەوە؟ هەر لە ناو ماشینەکەوە ئەوەی گوت.. منیش دامە دەستی بەو نیازەی سەیری بکا بەڵام ئەو بە بێ ڕەزامەندیی من - کە لە ڕاستییدا شەرمم لێی دەکرد - پێی بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە ناو ماسییەکانی برد! نانی نیوەڕۆم خوارد بۆ کاتژمێر چوار گەڕامەوە شوێنی گۆماوەکە.. برادەرەکەشم لەوێ بوو گوتی ها ماسییەکان بە چێژ بوون.. منیش لە وەڵامدا گوتم قەحتان لێ سەندم.. گوتی خەم مەخۆ هەر ئەمڕۆ تۆڵەت بۆ دەکەمەوە.. ئەمڕۆ ئێواریٚ تەنیا ماسی بۆ تۆ دەگرین.. ماسیەکی باشمان گرت ئەم جارە بە گەورە و گچکەوە هەمووی پێدام.. بۆ ئێوارەکەی نان و ماسیمان خوارد!

ڕۆژگار هاتوچوو ئاوی باڵاجۆ بڕا، چی دیکە خاوەن باغچە و باخەکان نەچوون لەسەرەوە لای بوغاز بژاری بکەن و

ڕێگا بۆ ئاوەکە خۆش کەن، ئێمەش ئومێدمان بە ماسیی باڵاجۆ نەما بۆیە چاومان بڕییە ئاوی ڕووباری ئەڵوەن بە مەبەستی پەیداکردنی ماسی، ئەمەش لە کاتێکدا دەبوو کە لافاو دەهات ئاوی ئەڵوەن لێڵ دەبوو و ماسیەکان دەکەوتنە کەنارەکان، خەڵک لە ڕێگای هەڵخستنی تۆڕەوە دەیاندەگرتن.. تۆڕەکان بازنەیی بوون.. لە خوارەوەی قورقوشمیان پێوە هەڵدەواسین.. کاتێ هەڵیاندەدا قورقوشمەکان بن ئاو دەکەوتن و هەرچی ماسی لە ژێر تۆڕەکە بووایە پێوە دەبوو، ئێمە تۆڕمان نەبوو بەڵام یارمەتیی تۆڕدارەکانمان دەدا بەوەی چیلکەی قەد تۆڕەکەمان پاک دەکردەوە و خاوەن تۆڕەکەش بەشە ماسییەکی پێ دەداین!

ڕۆژێک لای پردە سەوزەکەی ئەڵوەن خەریکی خوێندنەوە بووین، ئەو ڕۆژە لافاو نەهاتبوو و ئاوەکە ڕوون بوو.. کابرایەکی عەرەبی هاوردەی خەڵکی گەڕەکی پۆلیس هات و لە پایسکلەکەی دابەزی و بە بێ دەنگیی چووە قەراغی ڕووبارەکە.. لە شوێنێکی قووڵ دا تۆڕەکەی هاویشت.. ماسییەکی گەورەی پێوە بوو.. بە شانازییەکی زۆرەوە هێنایە سەرەوە و پیشانی داین، پێمان گوت بۆ ناچی جارێکی دیکە تۆڕەکە هەڵدەی؟ لە وەڵامدا گوتی نە ئەمە ڕزقی ئەمرۆمە! چەند خۆشە مرۆڤ لە هەندێک بواردا بە قەدەری خۆی ڕازی بێ!

ماوەیەکی پێچوو خانووەکانی گەڕەکی سەربازیی لە گەرمەی ئیش لێکردنی دابوون.. ئەو دەمە لۆریی خشت لە خان بەنی سەعدەوە دەهات بە چوار کەس دامانەگرت هەر کەسەو ٣٠٠ فلسمان بەردەکەوت.. یان ڕۆژانە کرێکاریمان دەکرد ڕۆژێ بە ٦٥٠ فلس یان بناغەمان بە بەرد پڕ دەکردەوە، هەر خانوویەک بە نیو دینار!

بەڵێندەرەکە عەرەبی موسڵ بوو دەیانگوت کۆنە شیوعییە.. خەڵکەکە خۆشیان دەویست چونکە هەڵی کاری بۆ زۆر کەس ڕەخساندبوو، باوکم و دوو کەسی تر وەک چاودێر و سەرپەرشتییکەری کارەکانی ئیشیان لا دەکرد، پیکابێکی تویتای هەبوو جاروبار لای باوکم بوو بە مەبەستی ئەنجامدانی ئیش و کار، یەکێ لەو چاودێرانەی لەگەڵ باوکمدا ئیشی دەکرد بە مندالیی خەڵکی گوندێکی دەم ئەڵوەن بوو دواتر بە هۆی نزیکبوونی گوندەکەیان لە پالایشگا ڕژێم ڕووخاندی.. شارەزاییەکی زۆری هەبوو لە بارەی ماسی گرتنەوە، ڕۆژێک پێنجشەممە بوو بە باوکمی گوت بۆ چی بە بەڵێندەرەکە نالێی پیکابەکەمان بداتێ ڕۆژی هەینی هەرسێکمان بچین بۆ ڕاوە ماسی؟ ڕۆژی هەینی باوکم پیکابەکەی وەرگرت و بە من و براکەمی گوت ئەمرۆ دەتانبەم بۆ ڕاوە ماسی بەڵام دەبێ چای و قەند و نان لەگەڵ خوتاندا بهێنن.. ئێمەش پریاسکەمان پێچایەوە و سواری پشتەوەی پیکابەکە بووین.. باوکم و دوو کەسەکەی دی لە پێشەوە بوون.. سەیری ماسیگرەکەم کرد نە قولابی پێیە نە تۆڕی قورقوشم بەڵکو تۆڕێکی بچکۆلانەی پێیە بە لێوارەکەیدا دار بییەکی خڕ هەڵواسراوە لەگەڵ کیسەیەکی ژەهر، نزیکەی ٨ کیلۆمەتر بە مەزندە ڕێگامان بڕی و چووین بۆ قەراغی ئەڵوەن لە سەرەوەی پالایشگا.. کابرای ڕاوچی دوای ئەوەی خۆی ڕووت کردەوەوە دەستی دەبرد بۆ بن بەردەکان لە قەراغی ڕووبارەکە قرژاڵی بچووک بچوکی دەردەهێنا.. نزیکەی سێ بست دەستی نوقمی ئاوەکە دەکرد.. لە کوێ بەردێکی زل هەبووایە بنەکەی دەگەڕاو قرژاڵی دەدۆزییەوە و پەلوپۆیەکەی لێدەکردەوە و بان پشتی هەڵدەدایەوە و پڕی ژەهر دەکرد.. نزیکەی بیست تا بیست و پێنج قرژاڵی بەو شێوەیە دەرهێنا پەلوپۆی دەقرتاندن و ژەهری دەخستە نێو پشتیانەوە، بە شێوەیەکی بەربڵاو و یەکە یەکە بە درێژایی دوو سەد مەتر فڕێ دەدانە ناو ڕووبارەکەوە.. پتر لە نیو کاتژمێر چاوەڕێمان کرد و بە وردیی سەیری ڕووبەری ئاوەکەمان دەکرد.. کاتێکمان زانی ماسییەک بە سەرخولانەوە دەرکەوت.. ماسیگرەکە دەستی دایە داری تۆڕەکە و بۆی چوو.. دارە بییە خڕەکەی لێدا و کەوتە نێو تۆڕەکەوە!

پیاوەکەی تر کە لەگەڵمان بوو تا سەر ئەژنۆ چووبووە نێو ئاوەکە و گوتی ئاوەکە ساردە.. سەد دینارم بدەیتێ ناوێرم خۆمی تێ فڕێدەم، دوای بیست دەقە لە چاودێریی ماسیی دووەم دەرکەوت کە لە ڕادەبەدەر زل بوو.. هەمان پیاو شێت و هار بوو بە دەم هاوارکردنەوە خۆی فڕێ دایە ناو ئاوەکەوە تا فریای باوکم و ڕاوکەرەکە بکەوێ و

ماسییەکەیان لەگەڵ دەربهێنێ.. ماسییەکە ئەوەندە گەورە بوو دەستیان لە دەم و لاجانگی گیر کردبوو و لە قەراغیەوە هەڵیانگرتبوو!

ئەوان بە سێ کەس خەریکی ماسی گرتن بوون و من و برایەکەشم خەریکبووین بە دار و چیلکە چامان لێدەنا.. ئەو رۆژە زۆر خۆش و بە چێژ بوو لە لای من بۆیە هەمیشە لە یادەوەرییمدا دەمێنێتەوە!

تەنیا سێ ماسییان گرت؛ یەکی گەورە و مام ناوەندییەک و بچووکێک، خستنمانە پشتی پیکابەوە و چووین بۆ گەڕەکی مامۆستایان کە ماڵی بەڵێندەرەکەی لێبوو.. هەر کە خۆی و ژنەکەی چاویان بە ماسییەکان کەوت لە ناو ئۆتۆمبیلەکە بۆ ماوەیەک سەریان سوڕما!

دوایی بەڵێندەرەکە گوتی ماسیی گەورەکە بۆ ئێمە دانێن و دووانەکەی دی لە نێوان خۆتان بەش بکەن! دیار بوو ژنەکەی بە ویژدانتر بوو گوتی ماسییە بچووکەکە بۆ ئێمە و ئەوانی دی بۆ خۆتان، سەرتان نەیەشێنم بەڵێندەرەکە ماسییە مامناوەندییەکەی گێڕایەوە و گەورەکە و بچووکەکەش بۆ هەر سێ لامان مایەوە، کە گەڕاینەوە ماڵ ئەو کابرایەی گوتی ئاوەکە ساردە و ناوێرم خۆمی تێ فرێدەم هەردوو ماسییەکەی دابەش کرد بۆ چوار بەش لەبەرئەوەی راوچییەکە گوتی بەشی ماڵی باوکیشم لێ دەدەم.. بەشی خۆمان هەڵگرت و هەر ئەو ئێوارەیە ماسیمان پاک کرد و لە نێو ئارد و خوێ و لیمۆندوزییدا بۆ کاتژمێرێک هێشتمانەوە ئەوجا لە نێو رۆن سوورمان کردەوە!

هەندێک کەس هەبوون قورگیان گرێیەکی تێدابوو کە پێ دەڵێن سێوەکەی ئادەم! دەیانگوت ئەو کەسەی ماسی نەخوا بە منداڵیی ئەو سێوەی زەق دەبێتەوە بەڵام ئێمە هیچمان ئەو سێوەمان نەبوو چونکە ماڵمان لە نزیکی ئاو و رووبار بوو و جاروبار ماسیمان دەخوارد تەنانەت خوشکێکمان کە لە دایکبوو ناومان نا رووبار!!

٢٠١٣\٤\١٥ - نەرویج

# دابڕان.

هەورە رەشە تاریکەکان لێکیان دەدا و مژدەی زستانێکی تووشیان دەدا، شوکر باریکەلەیەکی سپی رەنگ بوو و جووتێ چاوی قوولّی قاوەیی پێوەبوو، کۆڵە پشتێکی پێیە.. دەستێک جلی ژێرەو و تاقم تەراش و فڵچە و مەعجوونی دەموددانی تێدایە، کاتێ سەفەروزەروونی جێهێشت رووی لە گوندی ئەڵواتان کردبوو بە مەبەستی سەردەشت، لە ژیانیدا بۆ یەکەم جارە بەو شێوەیە هەستی نامۆیی دایگرێ.. هەستی دەکرد بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاو دەنێ.. قاچەکانی بە زەحمەت لە دووی دەهاتن.. بیری لە چارەنووسی دایک و خوشک و براکەی دەکردەوە!

من لە دووی ناوەندیی بووم شوکرم دەناسی.. شوکر خەڵکی گوندێک بوو دوو کیلۆمەتر لە شارەوە دوور بوو.. هەمیشە مەلوول و رەنگ زەرد بوو.. سەرەتا ئێمە نەماندەزانی بۆ ئاوا رەنگی زەرد هەڵگەڕاوە هەروا هۆی مەلوولییەکەشی روون نەبوو، کاتێ لە پشووی نێوان وانەکان ئێمە دەرژاینە نێو گۆرەپانی قوتابخانەکە بە شێوەیەکی خۆرسکیی کۆدەبووینەوە و باسی یانەکانی تۆپی پێمان دەکرد.. باسی زنجیرەی تەلەفزیۆنیی و فیلمی رۆژی هەینیمان دەکرد کە زۆر جاران سەرگوزەشتەی دڵداریی و هەژاریی دەگێڕایەوە، شوکر تێکەڵی ئێمە نەدەبوو تەنانەت بۆ رۆژێکیش بەشداریی ئەو ئاخاوتنانەی نەکرد.. لە کاتێ پشووی نێوان وانەکان دەچوو بە تەنیا لەسەر قاڵدرمەکە دادەنیشت و دەکەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە! ئێمە دەمانزانی شوکر حەزی لە گەمەی تۆپی سەرمێزە بەڵام پێدەچوو پارەی پێنەبێ یاری بکا.. بە درێژایی ساڵ شوکر بە پێ هاتوچۆی نێوان گوندەکەیان و قوتابخانەی دەکرد، کوڕە دەوڵەمەندێک خەڵکی هەمان گوندی ماڵی شوکر بوو بە پایسکل هاتوچۆی دەکرد.. لە رێگای ئەو کوڕەوە نهێنیی ژیانی ماڵی شوکرمان پێدەگەیشت، رۆژێک لێمان پرسی کە بۆ چی شوکر بەشداریی ئاخاوتنەکانی ئێمە ناکا لەسەر پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن؟ ئەو گوتی ماڵی شوکر تا ئێستا تەلەفزیۆنیان نییە! شوکر بە زستان دەستەکانی دەخستە نێو گیرفانی قەمسەڵەکەیەوە وەک ئەوەی لە چاوی ئێمەی بیشارێتەوە، دەستەکانی بە زستانان (پاسرگیا)ی هەبوو.. یەکێک هۆ و دەرکەوتەکانی ئە نەخۆشییەی پێستی نەزانیبایە دەیگوت دەستی چڵکنە! تا ئێستاش نازانم بۆ دەستەکانی شوکر و قوتابیبە هەژارەکانی دی بە زستانان وایان لێدەهات، لەوانەیە کەمبوونی ڤیتامین بووبێ یان هەوای وشکی زستانی ئەو دەڤەرە وای لێدەکرد، دیارە کوڕە دەوڵەمەندەکان پێیان گوتبوو دەستەکانت پیسن.. بۆیە ئەویش ئەوها لە ناو گیرفانەکانی دەیشاردنەوە، شوکر بە درێژایی ساڵ کراسێکی سەوز و پانتۆڵێکی رەشی هەبوو، زستانانیش قەمسەڵەیەکی شڕی لەبەر دەکرد، زۆربەی قوتابیبە هەژارەکان یەک دەستە جلیان هەبوو تەنانەت هەندێکیان پینەی جلەکانیان دەکرد!

دراوسێیەکەی ماڵی شوکر هەر رۆژەو شتێکی لەمەڕ بەسەرهاتی شوکر دەدرکاند، لە رێگای ئەوەوە دەمانزانی باوکی شوکر پۆلیسە لە پۆلیسخانەیەکی سەر سنوور و تەنیا رۆژی هەینی دێتەوە ماڵەوە، شوکر خوشک و برایەکی دی هەبوو لە خۆی بچووکتر بوون، رۆژێک لێمان پرسی بۆ چی شوکر وا رەنگی زەرد و مەلوولە؟ لە وەڵام دا گوتی باوکیان ئارەق دەخواتەوە و قومار دەکا و تەنیا یەک لەسەر سێی مووچەکەی دەداتە ماڵەوە.. مانگی واش هەیە هیچیان ناداتێ، ماڵی شوکر زۆربەی جەمەکانیان نان و چایە یان نیسکێنەیە و بەهارانیش تۆڵەکە دەخۆن، بۆ نەگبەتیی باوکی شوکر حەزی لە بێوەژنێکی گوندەکەمان کردووە بە ناوی نەشمیل.. نەشمیل تا بڵێی جوان و تەڕوبڕ و چاوبازە؛ دوو چاوی گەورە و لێوێکی ئەستووری پێوەیە.. لووتیشی وەکو لووتی کچە یونانیەکان کورت و بەرزە! دەموچاوی خڕە قسە لەگەڵ هەر کەسێک بکا لە خەشتەی دەبا.. ئیدی بەو شێوەیە باوکی شوکری لە خەشتە بردبوو، باوکی شوکر کاتێ بە رۆژ کە دەگەیشتەوە لای هاوسەر و منداڵەکانی.. دوای ماوەیەک لەگەڵ هاوسەرەکەی لەسەر

کەمیی خەرجیی دەبووە شەڕ و هەراوهۆریایان؛ ئەو پیاوە وەک پۆلیسێکی دڵڕەق بەردەبووە سەروگوێلاکی هاوسەرەکەی.. ئەویش هاواری دەکرد و دراوسێیەکان هەموو لێیان کۆدەبوونەوە، دایکی شوکریش چاوی چووبووە کاسەی سەری و دەمی قووپا بوو و هێندە لەڕ و لاواز بوو لووتت بگرتبایە گیانی دەردەچوو! قووتوە نەوتێکی لە تەک خۆی دادەناو دەیگوت خۆم دەسوتێنم.. دەیگوت بەیانیان بە مشت چای قەرز دەکەم لە دوکانەکەی دراوسێمان.. جەمەکانمان بە نان و چا و نان و دۆ دەگوزەرێنین.. باشە ئەگەر میوانێک روومان تێبکا چیمان هەیە بیدەینێ! ئەو ئارەق خواردنەوە و قومار کردنەت تا کەی؟ سەرباری ئەوەش هەفتەی رۆژێک لە ماڵەوەی و شەوەکەی دەچی بۆ لای نەشمیل خانم.. من جاران لە نەشمیل جوانتر بووم دوای سێ زگ و نەبوونی لە سایەی تۆ دا وام لێهات، تۆ بۆ خۆت لە پۆلیسخانە خواردنتان بۆ دروست دەکەن و تێر و پڕ دەخۆی.. بیرێک لە منداڵەکان بکەوە.. ئەوە شوکر پازدە ساڵە چۆن رەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، بەو شێوەیە هۆی تەریکبوونەکەی شوکرمان بۆ ئاشکرا بوو، ماڵی شوکر پایزان بەو سەرمایە قوڕکارییان دەکرد.. شوکر دەیگوت من قوڕ بۆ دایکم دەگرمەوە ئەویش بە ناولەپی دەستی سەربانەکەمان سواغ دەدا، پەیوەندیی باوک و دایکی رۆژ لە دوای رۆژ تا دەهات ساردتر و ساردتر دەبۆوە، تا وای لێهات باوکی بە جارێک پشت لە خێزانەکەی بکا و هەموو بایەخ و سەرنجی بخاتە سەر نەشمیل خانم، ئیدی کەس نەبوو خەرجیی خێزانەکەیان لە ئەستۆ بگرێ هەر بۆیە شوکر وازی لە قوتابخانە هێناو رووی لە مەیدانی کار کرد، لە سەرەوەی ماڵی شوکر تازە سەد خانوویەکیان دروست دەکرد بۆ سەربازە خۆبەخشەکان.. شوکر لەوێ دەست بەکار بوو.. سەرەتا بناغەی خانووی هەڵدەکەند دواتر بە بەرد یان بە خشتی شکاو بناغەکەیان هەڵدەچنی، شوکر زۆر زیرەک بوو لە کارکردندا.. پاش ماوەیەکی کەم بووە وەستای دیوار.. لە کاتی وەستاییدا زۆر بە خۆی دەنازی.. تیشووەکەی لەسەر شان دادەنا و شاوڵەکەی دەخستە گیرفانیەوە، زۆر نەرم بوو لەگەڵ کرێکارەکاندا.. هەرگیز هاواری نەدەکرد بە سەریاندا.. بە زمانی خۆش هەموویانی دەدواند بە تایبەتیی کاتی بەیانیان کە سارد و زوقم بوو.. کیسەی بەتاڵی چەمەنتۆیان کۆدەکردەوە ئاگریان تێبەردەدا و لە دەوری کۆدەبوونەوە.. هەندێک جاریش چیلکەیان دەخستە سەری تا ئاگرەکە بەردەوام بێ، کاتێ کە شوکر بووە وەستای تەواو رۆژانەکەی بەرز بۆوە، بەو شێوەیە دایک و خوشک و براکەی بووژاندەوە، ئێوارانی پێنجشەمان دەچوون بۆ چایخانەیەکی شار لەوێ بەڵێندەرەکە پارەی بەسەردا دابەش دەکردن، ئەویش جاروبار قوماش و کراسی بۆ دایک و برا و خوشکەکەی دەکڕی، رۆژانی هەینییش دەچوو بۆ شار سەری لە چایخانەکەی فەتاح دەداو دواتر ئارد و برنج و رۆن و فاسولیا و نۆک و شەکر و چای دەکڕی و جێبێکی دەربەست دەگرت و دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، شوکر رقی زۆری لە ئارەقخۆر و قومارچی دەبۆوە لەبەرئەوەی چەرمەسەریی باوکی بینیبوو!

ئێمە زۆر پێمان ناخۆش بوو کە شوکر وازی لە قوتابخانە هێنا.. دەمانزانی بە ناچاریی وازی هێناوە ئەگینا ئەو قوتابییەکی زیرەک بوو لەوانەیە دوارۆژ لە کۆلێژێکی باش بیخوێندبا و کارێکی ئاسانی دەست بکەوتبایە بەڵام ئەوە چارەنووسە کەس نازانێ قازانج لە چی دایە!

چەند ساڵێک شوکر ویژدانی ئاسوودە بوو کە ئیش دەکا و ماڵەوە بەخێو دەکا و ناهێڵێ چاویان لە دەستی کەس بێ! بەڵام کە تەمەنی بووە هەژدە ساڵ تازە شەڕی نێوان ئێران و ئێراق دەستی پێکردبوو.. بەرەکانی جەنگ گەرم بوو، بۆیە داوایان کرد بۆ خزمەتی سەربازیی، کە چوو بۆ سەربازیی لە بەشی پیادە وەریانگرتبوو.. بەشی پیادەش لە پێشەوەی هێرش و پەلامارەکاندا بوو، چەند کەسێک لە گوندەکەی ماڵی شوکر لە شەڕەکەدا کوژران.. لەوانە (کەنعان، عەبباس، مەولود) کە رۆژئاوا دەبوو تابووتەکانیان دەهێنایەوە تا وەری خەڵک دانەبەزێ، دیمەنێکی ترسناک بوو مەرگ و تاریکیی تێکەڵ دەبوو بە یەک.. تابووتەکان بە ئاڵاوە پێچرابوون، ئیدی شوکر ترسی لێنیشت.. پێیوابوو بەو نزیکانە لە شەڕێکی نارەوا دەکوژرێ و دەبێتە تری بن گۆم! پێشتر وەستایەکی کاشی هەبوو زۆر باسی شۆڕش و پێشمەرگە و شەڕی بەرگریی لای شوکر کردبوو بۆیە شوکر پێیوابوو ئەو خەڵکانێک دەناسێ لە ریزەکانی شۆڕش، رۆژێکیان شوکر لەپشووی سەربازیی گەڕایەوە یەکسەر سەردانی وەستای کاشییەکەی کرد و پێیگوت

تۆ دەزانی من لە دۆخێکی دژواردا دەژییم.. سبەی دوو سبەی منیش وەکو دراوسییەکانی دی بەکوشت دەچم بۆیە دەمەوێ پەیوەندیی بە شۆڕشەوە بکەم، وەستایەکە سەرەتا بە گومان بوو لە قسەکانی.. لە وەڵامدا گوتی منیش وەکو تۆ کەس ناناسم.. بەڵام دوایی کە بۆی دەرکەوت کە شوکر نیازی پاکە بەڵێنی پێدا نامەیەکی بۆ بنووسێ، ئیدی شوکر نامەکەی برد و پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد و بووە پێشمەرگە، دوای ماوەیەک لە پێشمەرگایەتی بارودۆخی خێزانەکەیان تێکچوو؛ چ لە رووی گوزەرانەوە چ لەرووی ئاسایش و سەقامگیرییەوە.. پیاوانی رژێم هەموو رۆژێک دەچوونە سەریان پێیان دەگوتن دەبێ شوکر بهێننەوە و رادەستی بکەن، تا وای لێهات رۆژێک پۆلیسێک بە چەکەوە هاتەماڵیان و گوتی: "دەستبەجێ دەبێ خۆتان بپێچنەوە و رەوانەی شاری حیلە کراون" ئەوانیش هەندێ مراوی و مریشکیان هەبوو دایانە دراوسێیەکانیان و شمەکەکانیان بە سەر ماڵاندا دابەش کرد و رۆیشتن بۆ شاری حیلە، لەوێ لە ناو قوتابخانەیەکی چۆڵ کۆمەڵە ماڵێک کۆکرابوونەوە.. زۆربەیان ئەو ماڵە کوردانە بوون کە کوڕەکانیان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردبوو، خاڵی شوکر لە شۆڕشی پێشوو کادیر بوو.. دوای ئاشبەتاڵ گەڕابۆوە بەغدا و لەوێ هاوسەرگیریی کرد و نیشتەجێ ببوو.. هەر کە زانیبووی خۆشکەکەی و منداڵەکانی رەوانەی حیلە کراون یەکسەر (بەرتیل)ی دابوو و بە دزییەوە هێنابوونی بۆ بەغدا و دیوێکی بۆ بە کرێ گرتبوون.. خۆشکەکەشی لە کارگەی چنین دامەزراند بوو، ئیدی بە ژیانی کولەمەرگیی ئەو خێزانە لە بەغدا دەژیان!

شوکریش وەک چۆن لە کرێکاریی زوو بوو بە وەستا لە پێشمەرگایەتیش هەر زوو فێری هونەری شەڕکردن بوو.. بۆی دەرکەوت کە ئازایەتی فێربوون و وەرگرتنە.. شتێک نییە خەڵک لە زگی دایکیەوە هەبێ یا نەبێ!

شوکر بیری لە مەرگ نەدەکردەوە.. دەیزانی ئەگەر لێرە بکوژرێ شەهیدی گەل و نیشتمانە و لە پێناو مەسەلەیەکی رەوا گیانی خۆی لەدەست دەدا بۆیە بە بێ گوێدانە مەرگ بەشداریی چالاکییەکانی دەکرد.

رۆژێکیان دەیانەوێ بنکەیەکی سەربازیی بگرن.. فەرماندەی پێشمەرگەکان شوکر لە دەستەی پەلامار دادەنێ.. کاتژمێر سفریشیان یەکی شەوە.. کاتێ شوکر لەگەڵ هاورێیەکانی بەو تاریکییە ئەنگوستەچاوە هێرش دەکەن.. گوللەیەک بەر قۆڵی دەکەوێ و چەکەکەی لە دەست بەردەبێتەوە!

ئیدی لەو شەوەوە دەستی شوکر گۆج بوو و نەیتوانی چیدی چەک هەڵگرێ.. بەڵام دەمانچەیەکیان پێدا و ماوەیەک لە گوندەکان لە گەڵ پێشمەرگەدا دەسووڕایەوە، دوای ماوەیەک بێزار بوو لە چوونە ماڵان.. خۆی بە ئەرکێکی قورس دەهاتە بەرچاو بە تایبەت کە شۆڕش نەبوو بوو جەماوەریش لە کولەمەرگیی دەژیان بۆیە بریاری دا ئاودیوی ئێران بێ و بچێ بۆ ئۆردوگا.

رۆژێکی دڵتەنگ بوو.. هەورەکان وەک رانە مەڕ تێکەڵ بە یەک دەبوون، هەوری رەش و تاریک مژدەی زستانێکی تووشیان دەدا، شوکر بە دەستێکی گۆجی هەمیشەییەوە کۆڵەپشتێکی پێیە و دۆڵەکەی سەفرەوزەروون جێدەهێڵێ.. هەستێکی قورسی دابڕان دایدەگرێ.. دابڕان لە نیشتمان.. دابڕان لە دایک و برا و خوشک.. دابڕان لە شۆڕش و جەماوەر.. بەرەو نامۆیی و جیهانێکی نادیار هەنگاو دەنێ و نازانێ چەند ساڵی دی ئەو جەنگە شووم و نەگریسە تەواو دەبێ؟

٢٠١٢\٤\١٨ - نەرویج

## داری تەڕ بە وشکەوە دەسوتێ.

نازەنین کچێکی ڕەشەسمەر بوو، دوو چاوی پێوەبوو دەتگوت دوو ترێی ڕەشن.. دەمولووتی باریک بوو.. چەهرەی سێگۆشەیی بوو.. ئەوەش نیشانەی ئەو کەسانەیە کە گۆشەگیرن! بەژنی زۆر درێژ نەبوو تەنیا ١,٥٦ سانتیمەتر بوو، زۆر حەزی لە خوێندنەوەی پەرتووک بوو.. تەمەنی ٣٧ ساڵان بوو.. بە درێژایی ئەو تەمەنە زۆر پەرتووکی خوێندبۆوە دوا خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی گۆتترگراس بوو بە ناوی مشک و پشیلە و تەپڵی تەنەکە هەروا ڕۆمانەکانی ئۆرهان پاموک بە ناوی ماڵی بێدەنگ و ژیانی نوێ و قەڵای سپی و من ناوم سوورە، ئەو ڕۆمانەی دوایی زۆر بە دڵ بوو.. زۆر جار ئەوەی بە مێشکدا دەهات بە ناوی من ناوم نازەنینە بیرەوەریی خۆی بنووسێ، نازەنین لە ژیانیدا زۆر کوڕی خۆشویستبوو.. هەر لە کوڕانی گەڕەک و دراوسێیەوە بگرە تا دەگاتە قوتابیانی زانکۆ دواتریش فەرمانبەرانی فەرمانگەکەیان بەڵام تێکرای خۆشەویستییەکانی نهێنیی و شاراوە و یەک لایەنە بوون.. ئەو چاوەڕێ بوو یەکێ بێتە داوای و مێردی پێبکا.. بڕوای بە خۆشەویستیی دوای هاوسەری هەبوو، بەدرێژایی ژیانی داخوازی ڕاستەقینەی نەهاتبوو تەنیا ئەو فەرمانبەرە نەبێ کە خەڵکی شارێکی دیکە بوو ئەویش پێش ئەوەی بێتە داخوازی پەشیمان ببۆوە یان ڕاستتر بڵێم پەشیمانیان کردبۆوە! قسە کەوتە زاری دەکەوێتە شاری!

خەڵکی لای ئێمە هەتا خراپە وەستا بێ دان بە چاکەدا نانێن، تۆ پەنجا ساڵ چاکەت هەبێ تاقە کاتژمێرێک خراپەت کردبێ بە چەمکی ئەوان بۆ خراپە تەنیا باسی خراپەکەت دەکەن یان هەمیشە چاویان لەوەیە سەرهات و هەر زانیارییەکت بزانن.. لەو ڕێگایەوە خاڵە لاوازەکانت دەستنیشان دەکەن و کۆنترۆڵی مێژووت دەکەن.. تەنیا بە خوێندنەوەی مێژووی خۆت ڕاناوەستن بەڵکو بە مێژووی کەسوکار و ڕەچەڵەکت دەچنە خوارێ.. وەک جوتیارێکی شارەزا خۆڵ و بەردی دەوروبەری ڕەگەکەت دەردێنن تا بە ئاسانیی بتوانن ڕەگەکەت بقرتێنن.. بە قازمە لە ڕەگەکەت بەر دەبن بە مەبەستی بریندارکردن، لەو دەمە دەنگی ئازارت گوێچکەی خوا کاس دەکا بەڵام خوایش بە پیرتەوە نایێ.. خوا بەهانای کێیەوە هاتوە تا بە هانای تۆوە بێ! خوا تەنیا دەبیستی بەڵام کاردانەوە نانوێنێ.. لەوانەشە مت و کەڕ و کاس بووبێ لە ئاهو ناڵەی بێنەوایان! دەڵێن خوا (سەبر) دەکا بەڵام فەرامۆشی کەس ناکا! لەوانەیە خوا یادەوەریی بەکۆمەڵ بێ و لە بۆشایی ئاسمان لەنگەری گرتووە.. هەموو ناڵەیەک تۆمار دەکا.. ئیدی هۆش و ئاوەزە بەهێزەکان چارەنووس و قەدەر دەستنیشان دەکەن.. لەوانەیە لە دیوی شاراوەی واقیع هەر کۆمەڵەو نوێنەرێکی هەبێ.. بڕواداران و بێ بێ بڕوایان.. دەوڵەمەندان و هەژاران.. چەوساوان و چەوسێنەران.. ئەوانە لە ڕێگای ململانێیەوە هاوسەنگیی چارەنووس رادەگرن.. لەوانەیە ئەو گوتەیە ڕاست بێ کە دەڵێ خوا دەنگی گەلە! بە چەمکی ماتریالیی و تێگەیشتن لە سیمبۆلی خوا! لەوانەیە ئاهۆرەمەزدا و ئەهریمەن لە دەسەڵاتی خودی کەسەکان نەبێ بەڵکو لە پانتایی شاراوەی هزر و هۆشی بەکۆمەڵ بێ.. تا ئێستاش وەڵامی ئەوە نەدراوەتەوە مرۆڤەکان هەڵبژێرەرن یان تەماشاکەر! هەموو کەس حەزی لە ئاسایش و ئازادیی و ڕێزە تەنانەت خەڵکی دێوانەش حەزی لێیانە.. ئەدی بۆ هەندێک مرۆڤ تاوان ئەنجام دەدەن؟!

ئەو بیرکردنەوانە پشکی نازەنینی دەگوشی، نازەنین زۆر زگی بە خۆی دەسوتا.. تا ئێستا لێوی بە لێوی پیاوێک نەکەوتوە.. جەستەی بە جەستەی پیاوێک نەخشاندوە.. هەستی بە هاڵاوی گەرمی نێوان دوو جەستە نەکردووە، کاتێک یەکێک لە فەرمانبەرەکان بە تەما بوو بێتە داخوازیی پێشوەخت هەندێک قسەی ڕۆمانسیی بە گوێچکەیدا چرپاندبوو بۆیە نازەنینیش شەوێکیان پێش نووستن هەر بیری لەو پیاوە دەکردەوە.. کە چاوی چووە خەو خەونبینین دەستی پێکرد.. خەونی بینی کە لە ژوورێک دایە دەستێک جلی سپی لەبەردایە و بە ئەسپایی ڕاکشاوە.. پیاوەکە خۆی کرد بە ژووردا و پارچەیەکی سپی بە دەستییەوە بوو.. هەموو جلەکانی لەبەر کردەوە دواتر خۆی ڕووت کردەوە و پارچە سپییەکەی ڕاخست و دەستی نازەنینی ڕاکێشا لەسەر پارچە سپییەکە دایەنیشاند.. پێیگوت ئەوە بەڵگەی کچێنیی تۆیە.. زۆر کەس لەسەر نەبوونی خوێن لەسەر ئەو پەڕۆیە کوژراون یان تەڵاقدراون!

نازەنینیش کە سەیری ناوگەڵی کابرای کرد ترسی لێنیشت.. ئەوە یەکەم جارە ئەندامی نێرینەی پیاو بە رەپیی ببینێ.. پێدەچوو پیاوەکە ئەزموونی سێکسیی نەبێ.. یەکسەر پڕی دایێ لاملی ماچ کرد.. دەمی هێنایە خوارەوە گەزیەیەکی لە گۆی مەمکی چەپی گرت.. نازەنینیش هاواری لێهەستا و بە شێوەیەکی خۆرسکیی لنگی فش کردەوە.. پیاوەکە بە بێ ئەوەی کێری خۆی تەڕ بکا تێیخست.. نازەنینیش هەستی دەکرد دەرزی پێدا دەچەقێنن پەردەکەی تەقی و کێری کابراش سوور بوو.. چەند دڵۆپە خوێنێک کەوتنە سەر پارچە سپییەکە بەڵام نازەنین ترسا خوێنەکەی رانەوەستی بۆیە پەڕۆیەکەی پەستایە ناو گەڵی خۆیەوە.. لە نێوان خۆشیی و ئازاردا راچەنی و وەئاگا هات! باش بوو ئەوە خەون بوو.. لەوانەیە بپرسن یان حەز بکەن بزانن کە بۆ چی ئەو کەسە پەشیمان بۆوە یان پەشیمانیان کردەوە.. منیش نەمدەزانی ژیان زۆر نهێنیی تێدایە.. نهێنییەکان وەک پشتی ماسی جاروبار لە رووبارەکان خۆ دەردەخەن و سەرەتاتکێ لەگەڵ مێشکی مرۆڤ دەکەن، نازەنین بڕوای بە بورج و بورجکاریی نەبوو بەڵام وەک ئەزموونێکی مرۆڤ سەیری دەکرد.. لە خوێندنەوەیاندا دڵنەوایی خۆی دەدۆزییەوە.. جاروبار گۆڤاری دەکڕی بۆ ئەو مەبەستە.. بورجەکەی نەهەنگ بوو.. هەندێک جار بە رێکەوت ناوەڕۆکی بورجەکە لەگەڵ باری ژیانی دەگونجا!

لەوانەیە مرۆڤ بگاتە (یەقین) بەڵام تا دەمرێ هەر گومان دەکا، نازەنین بڕوای بە خوا و ئاین نەبوو سوڕ دەیزانی بەهەشت و دۆزەخ درۆیەکی شاخدارە بەڵام بە هۆی چارەنووسیەوە دەستی کرد بە نوێژکردن، ئەو دەیگوت خۆزگە ئەو کانییە راست بووایە کە لە چیرۆکی سەد و یەک شەو باسی دەکا.. کاتێ کچ ئاوی لێدەخواتەوە دەبێ بە کوڕ، ئەو دەیگوت ئەگەر کوڕ بوومایە هەفتەی جارێک نوێژی بەکۆمەڵم دەکرد، مرۆڤ هەمیشە هەست دەکا تاوانبارە! بە پێی ئەفسانەی ئاینەکانیش هەر وایە.. کاتێ ئادەم سێوەکەی خوارد ئیدی مرۆڤ بووە ئافەریدەیەکی تاوانبار، فرۆیدیش دەڵێ کاتێ مرۆڤ خوا دەپەرستێ لە نائاگاییدا لە (کەمال)ی خۆی دەگەڕێ! مرۆڤ ئەگەر راستەوخۆ تاوانبار نەبێ خەون و ئەندێشەکانی پڕن لە گوناه و تاوان، ئەو هەستە زۆر جار ئازاری نازەنینی دەدا و دەیگوت ئەگەر مەسیحیی بوومایە دەبوومە راهیبە! بەڵام کە رۆمانەکەی نیکۆس کازانتزاکیی خوێندەوە بە ناوی براکوژی، چارەنووسی راهیبەکانی بۆ ئاشکرا بوو.. راهیبەکان ماوەیەک لە دێرەکان مانەوە خەریکی خواپەرستیی بوون سەرەنجام لە بری وێنەی عیسا وێنەی رووتیان دەکێشا کەواتە ئاین و خواپەرستیی ناتوانێ ئێمە لە مێردەزمەی سێکس رزگار بکا!

نازەنین گەیشتە ئەو بڕوایەی کە لە مەسەلەی پەشیمانبوونەوەی پیاوەکە بکۆڵێتەوە، تەلار و گوڵاڵە فەرمانبەری هەمان فەرمانگە بوون.. هەر یەکەیان بە شێوەیەک راڤەی مەسەلەکەی بۆ دەکرد.. کەس راستییەکەی پێنەدەگوت.. دەیانگوت لەوانەیە ئێوە لەکەیەکی مێژووییتان هەبێ بەڵام مەرج نییە لە خودی خۆتدا بێ.. لەوانەیە تۆ باجی تاوان و هەڵەی یەکێکی دیکە بدەی، بۆیە نازەنینیش بێزار ببوو لە قسە و قسەڵۆک.. هەراسان ببوو لە شار و خەڵکی شار، نازەنین دەیگوت شارەکەی ئێمە بە ناو شارە ئەگەر نا کۆمەڵێک گوند کوچیان کردوە و لێرە کۆبوونەتەوە.. ئاگاداری نهێنیی یەکترن.. حەز دەکەن نهێنی یەکتر بزانن و دەم بە دەم دەیگوازنەوە.

نازەنین برایەکی هەبوو بە ناوی بورهان.. کرێکاری ساختمان بوو بەڵام گەڕۆک بوو تاران و ئیستانبوول و بەغدای بینیبوو، باسی بەختەوەریی و نەگبەتیی خەڵکی ئەو شارانەی بۆ نازەنین دەکرد.. باسی قەرەباڵغیی ئەو شارانەی دەکرد و دەیگوت هەست دەکەی ئەو شارانە وەکو ئاوی نێو مەنجەڵ دەکوڵێن.. کەس ئاگای لە کەس نییە.. هەر کەسەو خەریکی پەیداکردنی بژێوی سبەینێیەتی، لەو شارانە کچ زوو مێرد دەکا و کوڕ زوو ژن دێنێ.. کۆسپ و تەگەرەی کۆمەڵایەتی زۆر نییە.. کارخانە وزەی خەڵکەکە هەڵدەمژێ فریای ئەوە ناکەون وەک کوندەپەپوو لە یەک بخوێنن.

نازەنین زۆر جار لای دایکی رازی دڵی خۆی درکاندبوو کە حەزی لە مێردکردنە، پەشیمانبوونەوەی پیاوەکە ببووە گرێی کوێرەیەکەی گەورە لای ئەو، دایکیشی هەموو جارێ دەیگوت خوا کەریمە.. خوا دەروازەیەکت لێدەکاتەوە.

نازەنین دەستی راستی خستە ژێر چەناکەی و بە تێڕامانەوە گوتی دایە ئاخۆ لەکەی مێژوویی بنەماڵەی ئێمە چیە کە من نەیزانم؟ دایکی لە وەڵامدا گوتی تازە شتێک بوو و رۆیی.. رووداوێک بوو بەردمان لەسەر دانا.. بریارمان دا لە نێوخۆمان باسی نەکەین لەبەرئەوەی نەنگییە.

نازەنین گوتی دایە تازە من بووم بە داوی ئەو نەنگییە.. هەر دەبێ بیزانم؟ دایکی لە وەڵامدا گوتی کچم ئێمە منداڵ بووین خوشکێکی گەورەمان هەبوو بە بیانووی جل دوورینەوە هاتوچۆی ماڵێک دەکا.. دوای چەند مانگێک زگی بەرز بۆوە.. تومەز کوڕی ئەو ماڵە پێی فێر دەبێ و خراپی دەکا، دوایی خاڵۆکانت بەو مەسەلەیان زانی.. لە نێوان خۆیاندا بنەبەستیان کرد و گوتیان پێش ئەوەی ئابڕوومان بچی بە دەمانچە لە شیرینی خەودا کوشتیان، پێدەچی ئەوە نهێنیی پەشیمابوونەوەکە بێ.. لەوانەیە دراوسێیەکان ئەو نهێنییەیان بۆ پیاوەکە و ماڵی باوکی درکاندبێ.

نازەنین بە بیستنی ئەو قسانە چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و یەکسەر گوتی دایە حەزم لێیە ئەم شارە جێبهێڵین.

پایز بوو.. بایەکە یاریی بە گەڵا وەریوەکان دەکرد، لەو دەمەدا لۆرییەک لە بەردەم ماڵی نازەنین راوەستا بوو.. خەریک بوون شتومەکیان تێدەخست.. مقۆ مقۆ کەوتە نێو ماڵە دراوسێیەکان.. هەر ئافرەت بوو بە بیانوویەک خۆی کرد بە ژوودرا.. دایکی نازەنینیش پێیدەگوتن کوڕەکەم لە بەغدا ئیش دەکا.. داوای کردووە بچین بۆ ئەوێ، نازەنینیش بە تووڕەییەکەوە پێیگوتن لە دەست و دەمی ئێوە هەڵدێین و نیشتیمانی خۆمان جێدەهێڵین.. زۆر جار خەڵکی نامۆ باشترە لە خەڵکی ناسیاو!!

٢٠١٢\٥\٢٤ - نەرویج

## سەگ و مرۆڤە تەنیایەکان.

تورکەکان دەڵێن (باکر سەڵتەنەت) بە واتای بێ ژنیی سەڵتەنەتە، ڕەنگە ئەو بۆچوونە تا رادەیەک وابێ بەڵام کاتێ ئالووشی سێکسیی تەنگ بە مرۆڤە تەنیایەکان هەڵدەچنێ ئەو دەمە حەز دەکەن یەکێک لەگەڵیاندا بێ، ئەگەر پیاوە حەزی بە ژنێکە ئەگەر ژنیشە حەزی بە پیاوێکە.. ئەوەش واتای ئەوە ناگەینێ ئێمە تەنیا بۆ سێکس مرۆڤەکانمان لا مەبەست بێ بە تایبەتیی ئافرەتان، ژیانی مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترە لە پرۆسەی سێکسدا قەتیس بکرێ!

لەم وڵاتەی ئێمە لێی دەژین ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی پێنج ملیۆن کەسە کەچی ملیونێک لە هەردوو ڕەگەزەکە بە تەنیا دەژین، وڵاتانی سەرمایەداریی و ڕۆژئاوا زۆر لەمێژە بە ستوونیی ئیش لەسەر کەسایەتی تاک دەکەن یان بە شێوەیەک لە شێوەکان مرۆڤ ناچار دەکەن لەسەر بنەما و ستراکتۆری ستوونیی بژین و خۆی پێ بگەیەنێ.

ئێواران کاتێ سەیری تەلەفزیۆن دەکەم و گوێ لە هەواڵەکان رادەگرم ناوەناوە هەواڵێ سەیروسەمەرە باس دەکرێ لە بەرانبەریدا مرۆڤ تووشی حەپەسان و سەرسامییەک دێ.. چەشنی ئەو هەواڵانەی کە پیاوێک بە چەقۆ ژنەکەی خۆی کوشتووە یان ژنێک بە چەک دۆستی پێشانی خۆی کوشتووە! لەو دەمانەدا هەزار و یەک وێنەی ئاڵۆز بە رووی پەردەی مێشکمدا گوزەر دەکەن.. دەگەمە ئەو باوەڕەی کە مرۆڤەکان تەنیا لایەنی میهرەبانیی و خۆشەویستییان نییە بەڵکە هەندێک جاریش رق و کینە و ئیرەیی و شەڕانگێزیی زاڵ دەبێ بەسەر مێشکییاندا، وەک فروید وێنای کردووە کە خانەکانی مێشک وەک ساختمانێکی چەند نهۆمیی وایە جاروبار ئەژدەهایەک لە نهۆمەکانی خوارەوە سەردەردەکەن و دێنە سەر ساختمانەکە و هەموو دانیشتوانی سەری تووشی سەرسووڕمان دەکەن، دیارە فروید مەبەستی هۆش و ناهۆشە.. لە کوردەواریی خۆمانیشدا دەڵێن شەڕ بە کۆنە قین دەکرێ!

کاتێ گوێم لەو تراژیدیایانە دەبێ خۆزگە دەخوازم کە تەنیام و کێشمەکێشی ڕۆژانەم لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە.. ئەگەر جاروباریش شەڕانگێزییەکم هەبێ ئەوە روو لە خۆم دەکا وەک جۆرێک لە خودکوژیی کە خوازیار نیم ئەگەر رووبدا!

باغێک هەیە کەوتۆتە شوێنێکی بەرزەوەوە و دەڕوانێتە بەشێکی ئوسلۆ و گەڕەکە دوورەکان.. سێ کورسیی تەختەی دانیشتنی لێیە و بە درێژایی پەنجا مەتر دوور لە یەک دانراون، زۆر جار بۆ هەواگۆڕین و هەڵمژینی هەوای پاک دەچم کاتژمێرێک لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دادەنیشم، لە دەروازەی باغەکە تابلۆیەکت بەرچاو دەکەوێ تێیدا چەند دێڕێک بە درشتیی نووسراوە و بە ئاسانیی دەخوێندرێتەوە.. ئەوەی لێ تێگەیشتم بووم کە پیاسەکەران دەتوانن سەگ لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و بەرەڵای بکەن بەڵام لە کاتی ئازاردانی یەکێک یان قەپگرتن لە کەسێک ئەوە خاوەن سەگەکە بەرپرسیارە! باغەکە نزیکەی ٢٠ خولەک بە پێ لە ماڵەکەمەوە دوورە.. ئێواران دەچم بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەسەر کورسییەک دادەنیشم، زۆرجار کچێکی جوان تووشم دەبێ و چاویلکەی لە چاوە و سەگی پێیە.. تا ئێستا هەمان کچم لەگەڵ دوو سەگی جیاوازدا بینیوە یەکێکیان گەورە بوو ئەوی دیکەشیان گچکە!

ئیدی لەو پانتاییەی کە چاوم بۆی دەڕوانی هەر زەلام دەهات بۆ باغەکە و سەگێک یا دووانی پێ بوو! سەگی جۆراوجۆر؛ قەپۆز پان.. دەم باریک وەک تانجی.. نزم.. قەڵەو.. گوجیلە وتووتکە سەگ... هەر زەلامەو خۆی و سەگەکەی بە ئاقارێکدا دەڕۆن.. بەڵام کە سەگەکان چاویان بە یەک دەکەوێ رادەکەن بۆ لای یەکتر.. ڕەنگە

لەبەرئەوە بێ کە پێکهاتەی بایۆلۆژی و کیمیاییان وەکو یەک بێ! هەندێک جاریش بۆن بە یەکەوە دەکەن، سەگ بۆ بۆنکردن زۆر هەستیارە! تەنانەت دەڵێن پێش روودانی بوومەلەرزە دەوەڕێ.. گوایە دەزگای بۆنکردنی سەگ لە هی مرۆڤ چەن قات هەستیارترە! ئیدی کاتێ سەگەکان دەچن بۆ لایەی یەک خاوەن سەگەکانیش ناچارن بە دوای سەگەکانیاندا برۆن.. نازانم بە ناچارییە یان بەرێکەوت دەکەونە دواندنی یەکتر.. هەیانە ماوەی چارەکێک یان بۆ نێو کاتژمێر دەمەتەقێ دەکا.. منیش لە دڵی خۆمدا دەڵێم سوپاس بۆ ئەو سەگانە کەوا مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە لێک نزیک دەکاتەوە!

رۆژێکیان گەنجێکی میهرەبانی نەرویجییم تووش بوو کە پێشتر دەمناسی.. پسپۆڕ بوو لە بواری کۆمپیوتەردا.. ناوی ماریوس بوو، پێمگوت: "ماریوس نهێنیی خۆشەویستیی و خاوندارێتیی سەگ چییە؟ درێژەم بە قسەکانم دا و گوتم لای ئێمە تەنیا ئەوەی مەڕوماڵاتی هەیە یان جوتیارەکان سەگ رادەگرن تەنانەت بەو دواییانە لە گوندەکانیش ئەوەی سەگی هەبووایە شارەوانی دەستەیەک فەرمانبەری دەردەکرد تا سەگەکان بکوژن ئەو گوایە نەخۆشیی بڵاودەکەنەوە!" لە وەڵامدا گوتی: "سەگ راگرتن نهێنیی بۆ چیە، لەرووە کۆمەڵایەتییەکەوە دەتوانی کایە لەگەڵ یادەوەرییدا بکەی.. جۆرێک لە هەماهەنگیی نێوان خۆت و سەگەکە بهێنیتە کایەوە بە شێوەیەک کە لە زمانی یەکتر تێبگەن" هەروا گوتی: "جاروبار دەردەچم بۆ راو لە نێو جەنگەڵەکان بە مەبەستی راوکردنی پەڕندەکان" گوتم: "چەکت هەیە؟" گوتی: "بەڵێ بەڵام سەگەکە یارمەتییم دەدا" پەرتوکێکی پێ بوو لەسەر جۆری سەگ و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا هەروا دەزگایەکی خڕی بچکۆلانەی پێبوو دەستی پێدا دەنا پیپ.. پیپ دەنگی دەردەکرد، گوتم: "ئەو دەزگایە چییە؟" گوتی: "ئەڵبەتە لە بارەی تیۆرەکەی پاڤلۆڤەوە شتێک دەزانی کە چۆن لەگەڵ گیانلەبەراندا مامەڵەی دەکرد.. لە رێگای لێدانی زەنگ و پێدانی پاداشت و سزا" گوتم" "بەڵێ" گوتی: "منیش وا سەگەکەم راهێناوە کە دوو پیپ لێدەم بە واتای سزایە.. کە سێ پیپم لێدا بە واتای پاداشتە.. ئیدی بە قسەم دەکا!

کەچی من هەر لە گۆرەپانەکەی ئەو باغەدا رۆژێک کابرایەکم بینی سەگەکەی بەرەڵا کردبوو.. سەگەکە چووبووە سەر تەپۆڵکەیەک.. هەر چەند بانگی کرد سەگەکە نەهاتە خوارەوە تا ناچار بوو بە دوایدا بڕوا بە گوێچکە بیهێنێتە خوارێ!

کاتێ دوو سەگ لەپڕ تووشی یەک دەبن بە یەک دەوەڕن.. منیش لە دڵی خۆم دا دەڵێم ئەوە تووشیی و شەڕانگێزیی خاوەنەکانیانە ئەوان دەریدەبڕن!

رۆژێکیان کچێکی گەنجی پرچ رەشم بینی.. دیار بوو پەناهەندەیە، دوو سەگی پێ بوو.. هەردووکی بەرەڵا کردبوو، من لەسەرەخۆ بە تووڵەرێیەکەدا دەڕۆیشتم لەپڕ سەگەکان بە توندیی پەلاماریان دام و پێمدا هەڵگژان.. خەریک بوو قەپم لێبدەن.. منیش تێمخوڕین و بە کچەکەم گوت نابێ ئاگات لێیان بێ؟! وام هەست دەکرد کچەکە لە ژێرەوە بە ئاماژە یان بە قسە هانی دابن.. بۆ چی نە.. پەنابەر هەیە رقی لە پەنابەری دیکە دەبێتەوە و وا دەزانی بەشەکەی ئەو دەخوا! لە شوێنە دواکەوتووەکانی کوردەواریی بیستوومە دەڵێن (میوان رقی لە میوانە بەڵام خاوەن ماڵ لە هەردووکیان!).

تەنانەت کاتێ لەسەر کورسییەکان دادەنیشم سەگ هەیە دێ خۆی پێمدا دەخشێنێ.. منیش خۆمی لێ لادەدەم و ترسێکم لێ دەنیشێ.. پێموایە رەگی ئەو ترسەی منداڵییە کە لە ناخم دایە، کاتێ کە منداڵ بووم برادەرێکم هەبوو ئێستا لە ژیاندا نەماوە.. زۆر بێ وەی بوو.. تۆپێکی لاستیقی هەبوو.. گۆرەپانی یارییەکەش لە تەک ماڵیان بوو، ئێوارانێک بە مەبەستی یارییکردن لەگەڵیدا چووم بانگی بکەم.. دەرگاکەیان کراوە بوو.. حەوشەیەکی گەورەشیان

هەبوو لەگەڵ سەگێکی دڕ! پێش ئەوەی برادەرەکەم بێتە دەرەوە سەگەکە پەلاماری دام.. هەر چەند هاوارم کرد سوودی نەبوو.. قەپیکی لە بەشی خوارەوەی قاچم گرت بە شێوەیەک کە کەڵبەی تێچەقاند.. دەستبەجێ خوێن فیچقەی کرد و بێجامەکەم لە خوێن سوور هەڵگەڕا.. ئیدی رام کرد بۆ ماڵەوە و بە دایکم گوت سەگەکەی ماڵی فلان قەپی لێدام.. دایکم گوتی کوڕم دەبێ چل کەوچک (مراک) ئاوی سارد بەسەر برینەکەتدا بڕژێنی تا تووشی هاریی نەبی! گوتی ئەوەی سەگی هار بیگرێ تووشی دەردی هاریی دێ.. بۆیە پێشینان گوتوویانە دەبێ چل کەوچک ئاوی سارد بەسەر برینەکەیدا بڕژێنی، بۆ بەیانییەکەی خۆم بە تەنیا رۆیشتم بۆ بیمارستان و بە برینپێچەکەم گوت سەگ گرتوومی.. ئەویش یەکسەر بێ بیرکردنەوە دەرزییەکی دژە (گزاز)ی لێدام!

بۆیە تا ئێستاش لەگەڵ دابێ پێموایە سەگ جێی باوەڕ نییە! بەڵام ئەوەی لێرە لەم وڵاتەدا سەرنجم دابێ سەگەکان قەپ لە کەس ناگرن تەنانەت خاوەنەکانیان رێنمایی دەکرێن لە رێگای پەرتووک و بەرنامەی تەلەفزیۆنییەوە کە چۆن سەگ بەخێو دەکەن بۆ نموونە رێژەی خواردنی رۆژانەی و چۆنیەتیی شوشتنی تەنانەت رێوشوێنی تایبەتیشیان داناوە بۆ فڕیدانی پیساییەکەی! لێرە هەموو خاوەن سەگێک کە لەگەڵ سەگەکەی دەردەچێ بۆ پیاسە بەستەیەک کیسەی رەشی بچووکی لە گیرفان دایە و لە کێندەرێ سەگەکە پاشەڵی چەماندەوە ئیدی خاوەنەکەی تێدەگا و کیسەیەکی رەش لە گیرفانی دەردەکا و پیساییەکە هەڵدەگرێتەوە و گریەیێکی لێدەدا و بە دەستیەوە دەگرێ تا ئەو شوێنەی تەنەکە زبڵێک دەدۆزێتەوەو تێی دەکا! گەرچی جاروبار هەندێک خەڵکی تەمبەڵ هەن مەبەستم خاوەن سەگەکانە ئەو ئەرکە فەرامۆش دەکەن و پیساییەکە لەسەر بەفرەکە یان بە هاوین لەسەر زەوییەکە جێدەهێڵن.. پێیانوایە کەس ئاگای لەو خۆگێلکردن و فەرامۆشییەی ئەوان نییە!

هەندێک جار بیر دەکەمەوە و دەڵێم ئەوانەی سەگ بەخێو دەکەن لە رووی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤی سادیین، مرۆڤە سادییەکان حەزی پیادەکردنی دەسەڵات لە ناخیان دایە، کاتێ لە نێو کۆمەڵگا و دامودەزگاکان بواری جێبەجێکردنی ئەو حەزەیان بۆ نەڕەخساوە پەنا دەبەنە بەر ئەوەی سەگێک یان چەند سەگێک بەخێو بکەن ئیدی لەو رێگایەوە کایەی پیادەکردنی دەسەڵات بەسەریاندا تاقی دەکەنەوە.. بە تایبەتیی مرۆڤە تەنیایەکان کاتێ کە هاوسەر و منداڵیان نییە تا ئەو حەزە بەسەر ئەواندا پەیڕەو بکەن پەنا دەبەنە بەر سەگ.. سەگی بەستەزمانیش دەبێتە بووکەشووشە یان ئاژەڵی سێرک بەدەستیانەوە، خاوەنەکانیانیش وەک پاڵەوانی گاڵتەبازیی لە رێگای سەگەکەوە ئازایەتی و لێزانیی خۆیان بە دەوروبەر نیشان دەدەن!

٢٠١٣\٤\٨ - نەرویج

# شەقام.

نیوەڕۆیەکی هاوین بوو.. خۆر لە چەقی ئاسماندا بوو، لە کاتی هاوین خەڵکی ئەم وڵاتە بە زۆریی دێنە دەرەوە و شەیدای خۆرن چونکە بە درێژایی زستان بەفر لەم وڵاتە دەبارێ، ئێمەش کۆمەڵێ وێنەکێشین و پێداویستییەکانی وێنەکێشان دادەنێین وێنە بۆ خەڵکەکە دەکێشین، ئەوانەی حەزیان لێیە بەرانبەر بە پارەیەکی دیارکراو وێنەیان بۆ دەکێشین، ئەوەی باشە پارەی وێنەکێشان باجی لەسەر نییە.. شارەوانی تا ئێستا سەرنجی نەخستوتە سەر! لەو ڕۆژەدا نزیکەی کاتژمێرێک چاوەڕوان بووم کەس نەبوو وێنەی بکێشم واتە بازاڕم نەبوو.. تا ڕادەیەک بێزاریی رووی تێکردبووم.. لەبەر خومەوە دەمگوت دەبێ هونەرمەند وێنەی ئاسمان و مانگ و خۆر و دارستان و کێڵگە بکێشێ و سکێچی سەرنجڕاکێش پێشکەش بکا تابلۆیەکانی واتا و ناواخنی دیار و نادیاری هەبێ تا لێی وردبیتەوە جوانیی پترت بۆ دەرکەوێ.. کەچی ئەوە ئەمنم ئێستا لە قەراخی ئەم شەقامە وەدیار کورسییەکەوە وەک دەرۆزەکەر دانیشتووم و لە بەرانبەر برێک پارە سکێچی دەموچاوێک یان سەگێک دەکێشم، سەیرە لەم وڵاتەدا سەگیان لە مرۆڤ خۆشتر دەوێ.. ئەوەندە بێ ئەمەکییان لە مرۆڤ بینیوە ئیدی خۆشەویستییان داوەتە سەگ.. هەر کچەو لە کاتی پیاسەکردندا سەگێکی لەگەڵە.. ئەوە نەبێ پیاوەکانیان حەزیان بە سەگ نەبێ بەڵام ئافرەتەکان پتر، لەو بیرکردنەوانەدا بووم کچیکی قژ زەردی چاو شین تەمەنی نزیکەی سی و پێنج ساڵێک دەبوو لە تەکم وەستا و سڵاوی لێ کردم.. منیش بە گەرمیی وەڵامی سڵاوەکەیم دایەوە و دەستبەجێ گوتی: "دەکرێ سکێچێکم بۆ بکێشی؟" پێمگوت: "بۆ چی نە؟ فەرموو دانیشە.. نیو کاتژمێر ناخایەنی سەر و ئاکارت دەکێشم" گوتی: "نە مەبەستم نییە لێرە بەڵکو من چەند سکێچێکم دەوێ بۆ دەسگیرانەکەمی دەنێرم.. لەوانەیە کێشانی ئەو سکێچانە بە بەرچاوی خەڵکەوە لەسەر شەقام جوان نەبێ" پێمگوت: "چارە؟" لە وەڵامدا گوتی: "دەبێ بۆ چەند کاتژمێرێک ژوورێکی میوانخانە بە کرێ بگرم" پێمگوت: "باشە چ ڕۆژێک دادەنێی من ئامادەم" گوتی: "ئۆکەی ڕۆژی شەمە کاتژمێر دوو نانی نیوەڕۆیش مەخۆ میوانی منی" ئیدی ژمارەی تەلەفۆن و ناوی خۆی بۆ بەجێهێشتم و ڕۆیی.. ناوی (دەنا) بوو، دوای ڕۆیشتنی لە خوشیان لەشم کەوتە لەرزین لە دڵی خۆمدا دەمگوت لەوانەیە ئەو کچە حەزی لێکردبم دەنە بۆ چی لە نیو ئەو هەموو وێنەکێشەدا منی هەڵبژارد؟ لەوانەیە کچیکی دەوڵەمەند و دەستبڵاو بێ و پارەیەکی باشم بداتێ.. ئەوە نییە یەکسەر بە خواردنیش میوانداریم دەکا.. بریارم دا ڕۆژی شەمە نەڕۆم بۆ شەقام.

بۆ بەیانی شەمە کاتژمێر هەشت لە خەو هەستام و وەک ڕۆژانی پێشوو یەکسەر چووم کەپسولێکی ڕۆنی ماسیم قووت دا ،لەبەر ئەوەی ماوە و تیشکی ڕۆژ کەمە لەم وڵاتە هاوڵاتییان دەبێ ئۆمیگا ٣ بەکاربهێنن کە ڤیتامینە پێویستەکانی تێدایە دواتر دوو فنجان قاوە و جگەرەیەکم داگیرساند.. خواردنی بەیانییانم تەنیا مۆز و شیرە چونکە مۆز مادەی سیروتونینی تێدایە و ڕادەی خەمۆکیی لە مێشک دادەبەزێنێ! ڕیشم تاشی و گەرماوێکم کرد و جلەکانم گۆڕی و هەندێک بۆنم لە خۆم دا، بە خوێندنەوە و سەیرکردنی ئینتەرنێت خوم خەریک کرد تا کاتژمێر یەک زەنگی تەلەفونەکەم لێیدا دڵم پێمیگوت ئەوە (دەنا)یە.. گوتی: "هەروەک ڕێککەوتووین کاتژمێر دوو لە میوانخانەی (ڕۆیاڵ) لە نووسینگەکەی چاومان بە یەکتر دەکەوێ، منیش نیو کاتژمێر پێش کاتی دیارکراو کەرەستەکانم پێچایەوە و لە ماڵ دەرچووم.. لە ڕێگا بیرم کردووە کە ئەو دەستپێشخەریی کرد کە خوادنم بۆ بکرێ دەبێ منیش گوڵێکی بۆ بکرم، ئیدی کاتژمێر دوو یەکترمان بینی کە گوڵەکەی بینی یەکسەر گەشایەوە دوای تەوقەکردن ڕوومەتی نا بە ڕوومەتمەوە بە دەستێک گوڵەکەی وەرگرت بە دەستەکەی تری ئاماژەی کرد بۆ خواردنگەی میوانخانەکە و گوتی: "پێیت خۆشە لە کوێ دانیشین لای پەنجەرەکە یاخود لە سووچەکە؟" پێمگوت: "هونەرمەند حەزی لە هەردووکیانە تەک پەنجەرەکە ڕۆژم پێ دەبەخشێ سووچەکەش ئارامیی و ئاسایش" دوای دانیشتن دوو لیستی ناوی خواردەمەنیان بۆ هێنایەن.. دەنا پێیگوتم: "حەزت لە چیە؟ ڕەنگە تۆ گۆشتی بەراز نەخۆی؟" لە وەڵامدا گوتم: "بەرازیش خوا دروستی کردووە خوایش لە سەرەوەی سەرجەم ئاینەکان لە کاتێکدا

ئەگەر بڕوامان بە خوا هەبێ! بەڵام من حەزم لە گۆشتی ماسییە" ئەویش حەزی لە روبیان بوو.. بۆ بەدبەختیی ئەو دوو جۆرە خواردنەش ئارەزووی سێکسیی مرۆڤ بەرز دەکەنەوە.. لەگەڵ خواردندا هەر یەکەو بەرداخێک شەرابی سوورمان نۆشی.

دواتر چووین بۆ ژووری ژمارە ٢٢.. کە چووینە ژوورەوە چاومان کەوت بە سەرینێکی دوو کەسیی و مێزیک و دوو کورسیی، دەنا گڵۆپی ژوورەکەی داگیرساند و پەردەی پەنجەرەکانی پێوەدا.. قەڵەمبازێکی دا و خوی فڕی دایە سەر سەرینەکە و گوتی: "بۆیە تۆم هەڵبژارد چونکە پیاوێکی بە ویقاریت پیاوی بە ویقاریش نهێنیی نادرکێنێ" پێمگوت: "هەموو خاوەن پیشەیەک نابێ نهێنیی کارەکەی بۆ کەسانی دی بدرکێنێ" گوتی: "ڕاستە من تۆم هێناوە وێنەم بکێشی بەڵام لەو میانەشدا لەوانەیە هەندێک شت روو بدەن!" دەنا تیشێرتێکی لەبەر بوو تەختایی سینگ و درزی مەمکی لێوە دیار بوو دەرپێ قوتەیەکی کورتیشی لەپێدا بوو.. گوتی: "لە ڕاستییدا من دەمەوێ بە رووتیی وێنەم بکێشی" پێمگوت: "چۆنت پێ خۆش بێ من لە ژێر فەرمانی تۆ دام.. فەرموو جلەکانت دابکەنە" لە وەڵامدا گوتی: "من حەز دەکەم پیاو جلم لەبەر داماڵێ" منیش لێی چوومە پێش بۆنی ئەلکهولی شەرابەکە لە دەمیەوە دەهات.. دەستم برد تیشێرتەکەیم داکەند دەستم بەر شلە گۆشتی قوڵ و مەمکی کەوت.. بە هەمان شێوە دەرپێ قوتەکەیشیم داکەند و پێمگوت: "بەس نییە؟" گوتی: "ماێۆکەشم داکەنە" باوەشم پێدا کرد و ماچی لا ڕوومەت و قوڵم کرد.. ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی خۆرسکیی بەڕێوەچوو.. هێزێکی پەنگخواردووی نادیار پاڵی پێوە نام ئەو کردەیە بنوێنم.. ئەویش هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو تەنیا گوتی: "بۆ چی ئێوەی ڕۆژهەڵاتیی وەک باوک ماچی ئافرەت دەکەن؟: پێمگوت: "مەبەستت چییە؟ ماچی ناو دەمت دەوێ؟" گوتی: "نە ئێمە دەم تەنیا رادەستی خۆشەویستی خۆمان دەکەین" پێمگوت: "کەواتە با وێنەت بکێشم؟" گوتی: "دیارە حەزت لە دەمەتەقێ نییە؟" گوتم: "قسەکانت هەستی سێکسییم دەوروژێنێ" گوتی: "ئەوەی تینوو بێ هەستی دەورووژێ..." ئیدی دەستم کردە وێنەکێشانی بەڵام دەستم دەلەرزی.. تا ئێستا لە ژیانمدا وێنەی بەرجەستەی مێینەم نەکێشاوە.. ئەمە چ ڕۆژێکە تێیکەوتووم خەریکە هونەرەکەم بیر دەچێتەوە! دوای دە خولەک دەستم لە کار کێشایەوە و پێمگوت: "ناتوانم وێنەکەت تەواو بکەم" گوتی: "بۆ چی؟" پێمگوت: "جوانیی جەستەت سەرنجم بۆ جیگایەکی تر ڕادەکێشێ" گوتی: "کەواتە با کاتێکی تر دابنێین" جلەکانی لەبەرکرد و ڕۆیی.. ئیدی لە نێوان ڕازی ئافرەتەکە و کەمتواناییی خۆم دۆش دامام...

**٢٠١١\٦\٢٣ - نەرویج / ئۆسلۆ**

## شەمەندەفەرەکە.

شەمەندەفەرەکە لەسەر یەک ڕەوت دەڕوا.. ئەمبەر و ئەوبەری هێڵە ئاسنینەکە دار و درەختی سەوزە.. هەر چەند کاتژمێر جاریکیش بە سەر پردێکدا تێدەپەڕێ بنەوەی دەریایەکی شینە، ئەڤین کچێکی تەمەن بیست و سێ ساڵە لەسەر یەکێ لە کورسییەکان دانیشتووە و ڕۆمانێکی بە دەستەوەیە باس لە خۆشەویستیی نێوان دوو کەس دەکا:

{کوڕە هەژارێک عاشقی کچێکی دەوڵەمەند بووە.. ڕاز و نیازیان گۆڕیوەتەوە.. کچەکە لە سەرەتادا ڕازییە بەڵام باوکی کچەکە مەرجی بۆ هاوسەرگیرییان دادەنێ و بە کوڕەکە دەڵێ کاتی خۆی کەشتییەکم نوقم بووە دەمەوێ ماتۆڕەکەیم بۆ بهێنیتەوە.. ئیدی ناونیشانەکەی بۆ دیار دەکا.. کوڕەکەش دەچی لە شوێنی دیارکراودا خۆی نوقمی ژێر ئاو دەکا و دەستی لە ماتۆڕەکە گیر دەبێ.. خەریکی کردنەوەی ماتۆڕەکە دەبێ ئەستێرەیەکی دەریا پەلاماری دەدا.. کێشمەکێش دەکەوێتە نێوانیانەوە و دەیەوێ کوڕەکە بخنکێنی.. کوڕەکەش لە دوا جاردا بیری دەکەوێتەوە کە خەنجەرێک لەبەر پشتوێنەکەی دایە.. یەکسەر ڕایدەکێشێ و لە شادەماری ئەستێرەی دەریای گیر دەکا و لە پەلوپۆی دەخا.. دوای ماندووبوونێکی زۆر سەرکەوتووانە ماتۆڕەکە دەردێنێ، کاتێ دەگەڕێتەوە باوکی کچەکە بە پێی مەرجەکەی خۆی ڕازییە کچەکەی پێ بدا بەڵام کچەکە دڵی داوەتە کوڕێکی دیکە و خەریکی مارەبڕینن.. ئیدی کە دەبینێ کچەکە لەگەڵ کوڕێکی دی دەستی یەکیان گرتوە و بەرەو کلێسا دەڕۆن بانگیان دەکا و پێیان دەڵێ: "کاتی خۆی من بارگەی بووکێنیم کریوە بۆ گواستنەوە با پێشکەشتانی بکەم؟" بە کچەکەش دەڵێ: "هەرچەندە تۆ یەکێکی دیکەت هەڵبژاردووە بەڵام من هەر تۆم خۆشدەوێ و قوربانی زۆریشم لە پێناوت دا"}. - ئەم ڕۆمانە ناوی (پیاوە چاکەکە)یە و هی ڕۆماننووسێکی ناسراوی جیهانییە -.

ئەڤین بە خوێندنەوەی ئەم لاپەڕانە خۆی سەرقاڵ کردبوو.. جاروباریش یادەوەرییەکانی بۆشایی تێدەکەوت.. جارێک مەلی بیرکردنەوەی دەفڕی بۆ لای باوکی و جارێکی دیکە بۆ لای ئەو کوڕەی کە تەنیا وێنەکەی بینیوە و لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە ناسیویەتی، ئەڤین پتر بیری لە هەڵوێستی باوکی دەکردەوە کە تا ٣٥ساڵیی لە کوردستان ژیاوە و ئێستاش نزیکەی ٢٠ ساڵە لە وڵاتی هۆلەندا جێگیرە.. واتە باوکی ئەڤین تەمەنی ٥٥ ساڵ بوو و سەر و ڕیشی ماش و برنجیی ببوو.. لە ڕووی ڕەوشت و هەڵسوکەوتەوە نە ڕۆژهەڵاتییەکی کەللەڕەق بوو نە ئەوروپاییەکی کراوە.. پێیەکی بیرکردنەوەی لە کوردستان بوو پێکەی تریشی لە نێو کەشوهەوای بۆشی ئەوروپا.. کەشوهەوایەکی نادیار و ئاسۆیەکی ناڕوون.. جیهانێکی جەنجاڵ و ئازادییەکی لەڕادەبەدەر، هەمیشە ئامۆژگاریی کچەکەی دەکرد و پێیدەگوت: "کچم نابێ کچێنیی خۆت لە دەست بدەی.. نابێ هەر ڕۆژەو لەگەڵ کوڕێک دابی، پیاوی ئەوروپی زۆر ڕاڕا و دەمدەمیین.. لەنگەر لەسەر تاقە ئافرەتێک ناگرن.. بیر لە ئایندەی ئافرەت ناکەنەوە وەک بوتڵی وێسکی تەماشای ئافرەت دەکەن.. وێسکییەکەیان خواردووە بوتڵەکە فڕێ دەدەن، دابونەریتی ئێمە لەگەڵ ئەواندا جیاوازە شێوەی نانخواردن و خەوتن و تەنانەت چوونە سەر ئاودەستمان جیاوازن! ئێمە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووین و فەرهەنگی ئیسلام زاڵە بەسەرماندا.. ئەوان ئاینیان جودایە هەرچەندە ئاین هەمووی دژ بە ئافرەتە بەڵام ئاینی مەسیحیی کراوەتر و ئازادترە ئەوان لە مێژە شۆڕشی زانستییان بەرپا کردووە.. ئاین ڕۆڵی لاواز بووە، ئەوەشت بیر نەچێ کچم ئەوروپاییەکان لووتیان بەرزە و سەر ڕەش بە نەزان و گەمژە دادەنێن، هەر ئەوروپاییەکان بوون مێژووی کۆیلەکردنی ئەفەریقاییەکانیان نووسیوە.. مرۆڤی ئەوروپایی ئەگەر مرۆڤایەتییان هەبێ تەنیا بۆ پاگەندە و خۆدەرخستنە ئەگەر نە ناخیان بۆگەنە! تا بۆت دەلوێ کوڕێکی کورد بدۆزەرەوە و پەیمانی هاوسەرگیریی لەگەڵ ببەستە.".

ئەڤین هەمیشە ئامۆژگارییەکانی باوکی لە مێشکیدا دەنگیان دەدایەوە و دەیزانی باوکی لەسەر هەقە بەڵام تەمەنی دەریاچەیەکی پەنگخوردووی حەز و ئارەزووە سێکسییەکان بوو.. کاتێ کە دەیبینی باوک و دایکی لە تەک یەک رادەکشێن و دەستبازیی دەکەن ئەویش دەچێتە ژوورەکەی تر و بە پەنجە ئاڵووشی سێکسیی خۆی دادەمرکاندەوە! وا مەزانە ئەڤین لە نێوان کچ و باوک یا خوشک و برادا نییە.. بۆیە ئەڤین بیری لە رۆمانەکەی (عەلی سروودیی) کردەوە بە ناوی (خوشکی چێژ).. رۆمانەکە دوور و درێژە بەڵام کۆپلەیەکی سەیری تێدایە:

{قارەمانەکە منداڵێکی هەشت ساڵانە رۆژێکیان لەگەڵ باپیرەی ئیشی کشتوکاڵ دەکەن.. باوک و کچێکی ناسیاویشیان لەولاوە ئیش دەکەن.. باپیرەی کە سەر هەڵدەبڕێ باوک و کچ نەماون! بە منداڵەکە دەڵێ برۆ بزانە چیان لێهاتووە.. بە دوایاندا بگەڕێ بزانە لە ژێر دار هەنجیرەکان نین، ئەویش لەسەر ئامۆژگاریی باپیرەی دەچێ بۆ ژێر دارە هەنجیرەکە کەسی لە بن نییە ئیدی هەندێک خانووی چۆڵ هەیە سەر بەوانیش دادەگرێ لەوێش نابن.. دواتر چاو هەڵدەبڕێ لە کەندەڵانێک باوک و کچەکە بە رووتیی دەبینێ بە شێوەیەک کە کچەکە لە کۆشی باوکی دانیشتوە و هەڵبەز و دابەز دەکا.. باوکەکەش مەمکانی کچەکەی دەگوشی وەک ئەوەی بیەوێ لێیان بکاتەوە.. دوای ماوەیەک کچەکە لە.خۆشیان دەیەوێ هاوار بکا بەڵام باوکەکە دەمی دەگرێ.. کە لێبوونەوە باوکەکە بە شەق بەر بووە کچەکەی و کچەکەش مشتی خوڵی هەڵگرت و فڕێی دایە سەر جەستەی باوکی، منداڵەکە سەری لەم کەین و بەینە دەرناچێ و نازانێ کامە باشە و کامە خراپە تەنانەت نازانێ پرۆسەی سێکس چۆن دەکرێ.. پیاوە گەورەکانی گوند بواریان پێ نەداوە شارەزای پانتاییەکانی حەز و چێژ ببێ، منداڵەکەش وەک هەنگوینی لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە دەگەڕێتەوە لای باپیرەی بەڵام لە شەرمان سەری دادەخا، باپیرەی دەڵێ: "لە کوێ بوون چیان بەسەر هاتووە؟" منداڵەکەش بە شەرمەوە پێیدەڵێ: "هیچ.. لەو کەندەڵانە بوون لێکیان دەدا" باپیرەش بە سەرسوڕمانێکەوە دەڵێ: "بۆچی لە یەکیان دەدا؟" ئیدی بە پچڕ پچڕ و کەم کەم مەسەلەکەی تێدەگەینێ و دەڵێ: "کچە خرینە گۆشتنەکە بە رووتیی لە باوەشی باوکیدا بوو" باپیرەش بە بیستنی ئەو قسەیە زۆر قەڵس و تووڕە دەبێ و دەستبەجێ دەست لە ئیش هەڵدەگرێ و خوی و منداڵەکە دەچن بۆ سێبەری دار هەنجیرەکان.. کە سەیر دەکەن کچەکە لەوێ دانیشتوە وەک ئەوەی نە بای دیبێ نە باران.. باوکەکەش لەسەر رێگایەکە بوو لەسەرەخۆ دەگەڕایەوە لایان.. باپیرەش بە تووڕەییەوە رووی دەمی تێکرد پێیگوت: "هەی بێ ئابروو لای خۆت تۆ نوێژ دەکەی! ئەوە کردوویە تۆ دەیکەی؟!" دەستی دایە بەردێک و گوتی: "هەر ئێستا ناوچاوانت دەشکێنم" منداڵەکەش خۆی گێف کردەوە بە مەبەستی پاڵپشتکردنی باپیرەی بەڵام باوکەکە هیچ خۆی تێکنەدا و بە باپیرەی گوت: بۆ چی سەری خۆتان دەیەشێنن.. دارێکە و خۆم چاندوومە و هەر خۆشم بەرەکەی دەخۆم" ئیدی باپیرە لەبری بەردەکە تفێکی خەستی کردە نێوچاوانی!}.

ئەڤینیش ئەوەندە باوکی بە رووتیی دیتبوو حەزی دەکرد لە چۆڵەوانییەک لەگەڵی بووایە و لە ئامێزی بگری بەڵام چیبکا ئەوە دایکی شوێنی گرتۆتەوە و زۆر ئیرەییشی پێ دەبا! هەرچەند دەیزانی ئەوە تاوانە و نەنگیی کۆمەڵایەتی بە دوایەوەیە.. بۆیە لە رێگای ئینتەرنێت لە نەرویج کوڕێکی ناسیوە بە وێنە.. گەنجێکی قۆزە دوو ساڵ لە خۆی گەورەترە لە رێگای (چات)ەوە بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کردووە و لەگەڵی رێککەوتووە.. ئەو کورە ناوی (گۆران)ە و تەمەنی ٢٥ ساڵە و نیشانەیەکی رەش لە روومەتی چەپی هەیە.. گۆران لە نەرویج دەژی و چەندین ساڵە (پەروەندە)کەیان راگرتوە و مافی پەنابەریی نادەنێ.. هەروا ئیشی بەردەوامیشی نییە.. ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانێ ژن لە کوردستانەوە بهێنێ.. بۆیە جگە لە (چات) دەروازەیەکی دیکەی نییە، ئەڤین وێنەی گۆرانی بینیوە زۆر بە دڵیەتی و بەو نیازەش لە ماڵ دەرچووە کە بگاتە نەرویج و یەکتر لە ئامێز بگرن.

جارێ ئەڤین لە نێو شەمەندەفەرەکە دایە، دەکەوێتە نێو ئەندێشەوە و وێنەی باوکی کە بێ پرس جێهێشتووە لە مێشکیدا بەرجەستە دەبێ.. دەبێ چ کاردانەوەیەکی هەبێ لە بەرانبەریدا.. لە لایەکی دیکەشەوە لە ناخەوە دڵی

دەبزوێ بۆ گۆران.. لەبەر خۆیەوە دەڵێ تۆ بڵێی من وا بە ئاسانیی مێردی پی بکەم و ببێتە هاوسەرم و تاتایێ پێکەوە بژین.. هیچ نەبێ دابونەریتمان یەکە و ئەویش ماوەیەکە لە ئەوروپایە.. ئەڤین کە لە سوێد دابەزی هەر لە نێو وستگەکە پۆلیسی نهینیی داوای شوناسنامەیان لێکرد.. ئەویش بە دڵنیاییەوە شوناسنامەکەی پێدان.. پاش ماوەیەک راگرتن پێیانگوت: "باوکت بە دواتدا دەگەڕێ.. پۆلیسی ئاگادارکردۆتەوە کە چارەنووست ونە" ئەڤینیش گوتی: "من بە خواستی خۆم لە ماڵ دەرچوومە و ئێستاش دەچم بۆ نەرویج و سەردانی هاورێیەکم دەکەم" ئیدی پۆلیسەکان بیانوویان نەما و باوکیشان ئاگادار کردەوە کە کچەکەی هیچ گرفتێکی نییە و بە خواستی خۆی دەیەوێ بچێ بۆ نەرویج، کاتێ ئەڤین گەیشتە شوێنی دیارکراو گۆرانی بینی؛ دڵی داخورپا و گوتی: "تۆ گۆرانی؟" ئەویش گوتی: "بەڵێ" ئەڤینیش پێیگوت: "داوای لێبووردن دەکەم.. تۆ لە وێنەکەت ناچی!" گۆرانیش گوتی: "بە خوا دوو ساڵ پێش ئێستا وێنەکەم گرتووە و کتومت خۆمم" ئەڤینیش بە دڵ شکاوییەوە هەر ئەو رۆژە نەرویجی جێهێشت و نەفرەتی لە خۆی جیهانی نێو ئینتەرنێت کرد!

٢٠١١\٧\١٩ - نەرویج - ئۆسلۆ

## کەنارەکان.

تۆ و کچەکە ئاوێتتان نێوان بوو.. تۆ بە قەراغ دەریاکە هاتوچۆت دەکرد.. جاروبار نیگایەکت دەبڕیە ئەوبەری دەریایەکە.. لە دوورەوە بە چاوی ئەندێشەی خۆت تارمایی کچەکەت دەبینی و هەر بە ئەندێشەش بۆ ساتێک ئاوێتەی یەک بوون، لەپڕ داچەڵەکای و خۆت بە تاک و تەنیا دۆزییەوە.. لە دڵی خۆتدا دەتگوت ڕێکەوت کێشەی قورس لە پێش مرۆڤە داماوەکان دادەنێ! خەڵکی کەنارەکەی تۆ برسیی و ڕەشورووت بوون کەچی خەڵکی کەناری دیوی کچەکە تێروپڕ و پۆشتە و پەرداخت بوون، هەندێک جار لە مێشکی خۆتدا وەک ئەوەی داری ئەفسووناویی (موسا)ت پێبێ ئاوەکەت شەق دەکرد و خەڵکی هەردوو کەنارەکەت بە یەک دەگەیاند بەڵام زۆری پێ نەدەچوو سەرلەنوێ ئاوی دەریایەکە بە هاژەهاژ وێکدەهاتەوە و وەک رووەتی کچی ژنێکی ئۆینباز خۆی دەنواند و بە ئەسپایی لێوی دەترازاند و چەند رستەیەکی ئاڵۆزکاوی دەرکاند.. جارێکیان ئەوەی لێ تێگەیشتی کە دەیگوت: "من هەر لە سەرەتای سەرەتاوە کەنارەکانم دابەش کردوە؛ کەنارێکم دەوڵەمەند و زەنگینە و کەنارەکەی دیکەشم نەدار و هەژار" کچەکە وەک هەموو درامایەکی کلاسیکیی لە دیوی دەوڵەمەندەکان بوو.. لە دیوەکەی ئەو زۆر کەس هەبوون بانگی کورە هەژارەکانیان دەکرد بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵیان.. هەندێک جاریش ئەو خواستنە فێڵاویی بوو چونکە لە یەک کاتدا بانگی چەند کورێکی هەژاریان دەکرد! بەڵام مەرجی قورسیان بۆ دادەنان وەک پەڕینەوە لە دەریایەکە کە تا دەهات ئاوەکەی زۆرتر دەبوو و شەپۆڵەکانی توندتر دەبوون، تۆش چووی دوو چوپی تایەی تراکتۆرت هێنا فووت تێکردن و لە پاڵ یەکت دانان و لە نێوقەدەوە بە گوریس شەتەکت دان و چەند دارێکت لە سەریان رایەڵ کرد.. شوێنی سەوڵ لێدانیشت بۆ چێکرد، برادەرێکت رازیی کرد بەو نیازەی لەگەڵت بێ و لە دەریاکە بپەڕنەوە، کاتێ کەڵەکەکەتان گەیشتە ناوەڕاستی ئاوەکە شەپۆڵەکان تا دەهات دژوارتر و دژوارتر دەبوونەوە.. برادەرەکەت لە خۆت لاوازتر بوو بۆیە بەرگەی شەپۆڵەکانی نەگرت و کەوتە نێو دەریاکەوە.. تەنیا هاوارێک لە دەمیەوە هاتە دەرێ کە گوتی فریام کەوە! بەڵام تازە لەوە دەرچووبوو کە بتوانی فریای بکەوی.. ئیدی تۆش دوای نوقمبوونی برادەرەکەت ورەت بەردا و تواناى سەوڵ لێدانت نەما و خۆت بە کەڵەکەکەوە هەڵواسی تا بەرە بەرە شەپۆڵەکان خۆت و کەڵەکەکەتانی گەڕاندەوە بۆ هەمان شوێنی کەنارەکەی خۆتان!

دوای ئەو رووداوە تا دەهات خەونی پەڕینەوە بۆ ئەوبەر لاواز دەبۆوە، لە دیوی کچەکە هەر کەس و بنەماڵەیەک ماڵی تایبەتی خۆیان هەبوو، بە ئەتەکێت و بە شێوەیەکی دیبلۆماسی هاتوچۆی یەکدیان دەکرد، بەرەکەی ئەوان رۆشنتر بوو.. دەشێ بگوترێ ئەوان لە قۆناغی ڕێنیسانس و ڕووناکیی بوون.. زۆر لەسەرخۆ مامەڵەیان لەگەڵ پێشهاتەکاندا دەکرد.. کتومت وەک ئەو راوچییانەی تۆڕ دادەنێنەوە و لە ماوەیەکی دیارکراودا دەریدەکەن.. ئەگەر ماسی پێوەبوو ئەوە باشە ئەگەر نە دیسان زۆر بە کاوەخۆ دایدەنێنەوە! بەڵام دیوەکەی ئێوە تاریک و ئەنگوستەچاو بوو.. خەڵک لە قۆناغی تاریکیی دەژیان وەک نووسەری میسریی (تەها حوسەین) ناوی لێناوە (بەدبەختەکانی سەر زەمین).

ئیدی رۆژگار دەهات و دەچوو تۆش بە کەنارەکەی بەری خۆتاندا وەک سەرلێشێواوێک هەنگاوی بێ ئومێدییت دەنا، کابرایەکی (فارس)ت تووش بوو کە لە شەڕ چاوێکی لە دەست دابوو.. پێیگوتی: "خۆشەویستت هەیە؟" لە وەڵامدا گوتت: "لەوبەری دەریاکەیە" ئەویش تەسبیحێکی پێدای و گوتی: "هەر کاتێ ئوقرەت لێبڕا.. دنکەکانی ئەو تەسبیحە بژمێرە و یادی بەسەرهاتی من بکە!".

ماوەیەکی پێچوو کەسێک پەیدا بوو بە ناوی (جەمال گرێنتی) دەیانگوت ئەو کابرایە قاچاغچیی پەڕینەوەیە بۆ ئەوبەر بەڵام پارەیەکی زۆری دەوێ.. تۆش رۆژێک چووی بۆ لای بەلەمەکەیان.. پڕ بوو لە مامۆستای زانکۆ و

فەرمانبەر، هاوکارەکەی جەمال کابرایەکی تورک بوو.. چووی بۆ لای و خۆتت پێ ناساند و پێتگوت: "دەمەوێ بیەڕمەوە" ئەویش بە تورکی گوتی: "بۆ چی دەچی بۆ ئەوێ؟" لە وەڵامدا گوتت: " خۆشەویستێکم لەوبەرە" ئەویش گوتی: " پارە نەبێ.. پەڕینەوە نییە" جگەرەیەکی پێدای.. جگەرەیەک نرخێکی ئەوتۆی نییە بەڵام بەو جگەرەیە هاوسۆزیی خۆی لەگەڵت دەربڕی.. تا دەهات قەیرانەکانی ئەمبەر قووڵتر دەبوونەوە.. ئابلۆقە پتر کاریگەریی خۆی دادەنا! بە ئاسانیی لە بینینی ڕەنگی زەردی خەڵک و دیمەنی جلە شڕەکانیان دیار بوو!

ڕۆژێکیان مامۆستایەکت ناسی زۆر بەڕێز بوو.. مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو و وەرگێڕی ڕێکخراوێکی ئەڵمانی بوو بە نێوی (وادی) داوای لێکردی پێکەوە بۆ لای یەکێک لە ئافرەتە ئەڵمانیەکانی ئەو ڕێکخراوە بچن.. کە چوون پێشوازییەکی گەرمی لێکردن و دوو شەربەتی پرتەقاڵی بۆ هێنان.. مامۆستا عەبدوڵا پێیگوت: "ئەم کوڕە حەزی لە کچێکی ئەوبەر کردووە.. ئێستا پەرێشانە و دەیەوێ بپەڕێتەوە، ئافرەتەکە قژ کاڵ و لێو ئاڵ بوو.. زۆر بە نەرمیی پێیگوتی: "زۆر گەشبین مەبە بە خەڵکی ئەوبەر.. خەڵکێکی خۆپەرستن.. تەنیا خۆیان خۆشدەوێ وەکو کەرەستە چاو لە خەڵکی ئەمبەر دەکەن، تۆش واتدەزانی گوێزت بۆ دەژمێرن.. نوقمی دەریای ڕۆمانسیەتی خۆت ببووی.. تەنیا دیوە ڕووناکەکەی ژیانی ئەوبەرت دەبینی.. واتدەزانی ئەگەر بگەیتە ئەوبەر ئیدی خەمەکانت کۆتاییان پێ دێ و تێکڕای خەونەکانت وەدیدێن و لە تیشکی ڕۆژ و لمی کەنار دەریایەکان بەهرەمەند دەبی.. شەوان مانگ سەرەتاتکێت لەگەڵ دەکا و ئەستێرەکان چاوشارکێت لەگەڵ دەکەن.. سنوورەکان دەتوێنەوە و گەلان دەستی یەکتر دەگرن و سەما و هەڵپەرکێ دەکەن و خواردنی جۆراوجۆر بۆ یەکتر دروست دەکەن.. کەس لە گوڵ کاڵتر بەویتر ناڵێ!

لە چەندین دەرگات دا بە مەبەستی یارمەتییدانت بۆ پەڕینەوە بۆ ئەوبەر بەڵام سوودی نەبوو، هەوڵەکان نەزۆک دەرچوون.. هەر بۆیە ژیانی یاخیبوونت هەڵبژارد و ئەو دەڤەرەی خۆتانت جێهێشت و ئاوارەی ئێران بووی.. نیازت بوو بڕۆی بۆ ئازربایجان.. لەوێیەوە پەڕینەوە ئاسان بوو.. لەگەڵ کۆمەڵێک سەرلێشێواوی وەکو خۆت.. ئەوانەی هەر کەسەو بە نیازێک مەستی جیهانی ئەوبەر بوون!

کاتێ کە چوون بۆ باکووری ئێران بە مەبەستی ڕۆیشتن بۆ ئازەربایجان.. کات زستان بوو و سنوور بە بەفر تەنرابوو، چاوساغەکەتان دیگوت: "ئەگەر ئێستا بڕۆن یان ڕێگا ون دەکەن یان گورگ دەتانخوا" ناچار گەڕانەوە بۆ (بەندەر عەباس).. لەوێ ڕۆژانە کرێکارییتان دەکرد بەڵام بەردەوام خەونی پەڕینەوە ختووکەی مێشکی دەدان.. تا ڕۆژێکیان چاودێری کارەکە کابرایەکی سنەیی بوو ئاگای لە خولەی بێ زەواڵ نەبوو! دەیگوت: "ئێوە بۆ هەر بە هیوای پەڕینەوەن.. لەودیو بە نیازن چی بکەن؟" ئەو ئاگاداری خەونی ڕەنگاوڕەنگی ئەندێشەی ئێوە نەبوو! لەوێ هاوڕێیەکانت وەکو گەڵای پایز لێت هەڵوەرین ساتێک دڵتەنگیی ڕووی تێکردی! لەو ساتانە خۆت لە نێو وەرزی پایزدا دەدۆزییەوە.. پایز و تەنیایی.. بەڵام وەک دەڵێن هەموو هەورازێک نشێوی لە دوایە زۆری نەخایەند چەند هاوڕێیەکی نوێت دۆزییەوە.. یەکێک لەوانە پاکەتی جگەرە و چایی دەفرۆشت لە قەراغ بەندەرەکە.. ئەوانیش وەک تۆ نیازی پەڕینەوە و خەونی هاوبەشتان هەبوو!

پلانتان دانا کە بچن بۆ شاری ورمێ لەوێ قاچاغچیی ڕێگای تورکیا بدۆزنەوە، ماوەیەک لە شاری ورمێ کرێکارییتان دەکرد.. لەوێ چوار کەس بوون لە گەڕەکی کوشتارگا ژوورێکتان بە کرێ گرتبوو، ئەوەی لەم گەڕەکە سەرنجی ڕاکێشای ئیشی چنینیان بە منداڵان دەکرد؛ هەردوو کاتژمێر جارێ منداڵەکانیان دەردەکرد وەک مێش هەنگ گێژە گێژیان دەکرد.. بۆیە وایان دەکرد تا منداڵ لە هەموو خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانی دوور بکەوێتەوە و تەنیا بیر لە چنین بکاتەوە!

له ورمێ لای بەڵێندەرێکی کورد دوو هەفتە کرێکارییت کرد.. ئەنجام دەستی دەستی پێ دەکردی دەیویست پارەکەت بخوا.. تۆیش دوای چەندین جار رۆیشتی بۆ لای و بە نیوەناچڵیی بەری رەنجی شانی خۆت لێت وەرگرتەوە!

ژیانی کرێکاریی زۆر سەختە.. دەبووایە سەرلەبەیانی زوو لە مەیدانی کرێکاران خۆت و کیسەی خواردنی نیوەڕۆ کە دوو نان و دوو هێلکەی کوڵاو و تەماتەیەک بوو.. هەر ماشینێک بهاتایە دەبووایە بە پیرییەوە بچی.. ئیدی خۆت و بەختت.. کێ یان هەڵدەبژارد.. رۆژ هەبوو بە نائومێدیی دەگەڕایەوە.. رۆژیش هەبوو ئیشت دەست دەکەوت.. بەڵام ئەوەی لە رەفتاری وەستایەکانی ئێرەت بەدی دەکرد سەرلەبەیانیان قسەی ناشیرنیان بەرانبەر کرێکارەکان دەکرد وەک پوشتی.. حیز.. دواتر کە زانییان تۆ کابرایەکی بێوەی و تەنیا بۆ کارکردن هاتووی هێور دەبوونەوە!

قاچاغچێکتان پەیدا کرد بە ناوی بەهمەن.. کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرەخۆ بوو بەرانبەر بە برێکی پارە ئێوەی گەیاندە (گەوەڕ) لە هەموو گوندێک خانەخوێی هەبوو.. بچووینایەتە هەر ماڵێک دەیگوت برێک پارەم پێداون.. ئەوانیش خواردنیان بۆ دروست دەکردین.. تەنانەت شەوێکیان لە گوندێکماینەوە بۆ بەرەبەیان دەبووایە بچین بۆ هەڵەتەکان دەیانگوت (جەندرمە) دێ گوندەکان دەپشکنێ!

بە شێوەیەکی گشتیی کرمانج زۆر بەرێزن و گیانی هاوکاریی و یارمەتییدانیان تێدایە! ئەوانیش دەیانزانی ئێوە لێقەوماون بۆیە رێگای هات و نەهاتتان گرتۆتەبەر، کە گەیشتنە ئیستانبول تەنیا ماڵی (شێخ عوسمان)تان وەک خانەخوێ لە بیرکردنەوەی خۆتان دانابوو.. ئیدی لەگەڵ هاوڕێیەکانتان چوونە ئەوێ.. لەبەر دەرگای (تەکیە)کەی ماڵی شێخ کۆمەڵی چەورەتان تووش بوو رێگریان لێکردن بچنە ژوورەوە دواتر بە هۆی ناسیاوێکتانەوە جێگایان کردنەوە.. دەکرێ بۆ مێژوو بگوترێ کە ماڵی شێخ عوسمان لەگەڵ ئەوەی مەرامی سیاسیی گوماناکارانە و بەرژەوەندخوازانەی تەسکی خۆیان هەبوو زۆر یارمەتیی ئەو خەڵکەیان دەدا کە بێ جێگا و رێگا بوون لە تورکیا.. تەنانەت کاتێ جەندرمە دەهات خەڵکەکەیان دەشاردەوە.. کاکە حەمەیەک لەوێ بوو زۆر بەرێز دەهاتە بەر چاوان و بەردەوام هاوکاریی خەڵکی دەکرد!

لە تەک ماڵی شێخ کارگەیەکی دروستکردنی بانیۆ و دەبەی لێ بوو.. تۆ لەوێ وەک کرێکار ئیشت دەستکەوت.. خاوەنەکەی حاجی بوو زۆر پیاوێکی چاک بوو.. سێ چوار کوڕی هەبو.. دووانیان زۆر بەرێز بوون و دەیانگوت ئاڵوودەی تلیاک کێشانن!

دەیانزانی تۆ پێشتر لەگەڵ لایەنێکی چەپ ئیشت کردووە بۆیە سەریان دەخستە سەرت و دەیانگوت ئێوە لەگەڵ ئەوە دان خەڵک تلیاک بکێشێ، تۆش گوتت نە!

ئێمە کۆمەڵێ کرێکاری کورد بووین لەوێ ئیشمان دەکرد.. رۆژێک تێکڕای هاوەڵەکانت نەهاتبوون.. کرێکارێکمان هەبوو پێماندەگوت (کاک زەکی) گوتی: "ئەمرۆ سەگەکان نایەن!" ئەو قسەیە زۆر کاری تێکردی و وەک قسەی وەستایەکانی ئێران ناخی بریندار کردی.. لە دڵەوە دەتگوت ئەو پێش پەرینەوە هاوئاینەکانی خۆمان پێمان دەڵێن سەگ ئەگەر بپەڕینەوە لەوێ تەنانەت ئاین و رێڕەوەکەشمان جیاوازە.. کەواتە لەوێ لە سەگ سەگترمان پێ دەڵێن!

دوای مانگ و نیوێک ئیش لە تورکیا دوو قاچاغچیتان دۆزییەوە.. یەکێکیان ئەوەندە زیرەک بوو دەتگوت (جەمسەرنما) لە مێشکی دایە.. گوند بە گوند ئاراستەی رێگایەکەی بەرەو ئەسینا دەزانی.. دەیانگوت هەندێک

قاچاغچی هەن قسەی ناشیرین و نابەجێ بەرانبەر ئەو کەسانە دەکەن کە دەیانپەڕێننەوە بەڵام ئەوان وا نەبوون، ڕۆژێکیان مقۆ مقۆ کەوتە کەوتە نێو خەڵکەکە و گوتیان قاچاغچییەکان دەڵێن کەسی مارکسییمان لەگەڵ دایە بۆیە ئەم کاروانەمان دەرناچێ.. ئاخر زۆربەی خەڵکەکە بڕوایان بە دین و ئەفسانە هەبوو.. لە کوێ تووشی تەنگانە بهاتینایە دەیانگوت (ئایەتی کورسی) بخوێنن!

دوای دە ڕۆژ لە بە پێ ڕۆیشتن نزیک شاری (سالۆنیک) بووینەوە.. لەوێ یەکێ لە قاچاغچییەکان چەقۆیەکی دەرکرد و پێیگوتین" "ئەوەی پارە نەدا بەو چەقۆیە هەلاهەلای دەکەین"!

تۆ بە هۆی ئیشکردنی ئێران و تورکیا تەنیا سێ سەد دۆلارت پێکەوە نابوو.. ئەوان داوای هەزاریان دەکرد.. کەواتە هەفت سەد دۆلار قەرداریان بوویەوە.. لە (ئەسینا) تەلەفونت بۆ هاوڕێیەکانت کرد کە لە سوێد بوون و خەڵکی شارەکەی خۆت بوون.. ماڵیان ئاوا بێ هەر یەکەو سەد دۆلاریان نارد.. ئەوەکەی دیکەش بە کرێکاریی لە ئەسینات پەیدا کردبوو، کرێکاریی تەمەنی قووت دای لە ئەسینا.. ماوەیەک کرێکاریی کۆنکرێت و خانوبەرە بووی.. لە ئەسینا بۆ پتەویی ساختمانەکانیان ئەزبێز دەکەنە نێو چیمەنتۆوە.. ئەزبێزیش وەکو تیزابە و دەست و پێ دەسوتێنێ.. تۆش لە کاتێ ئیشکردندا وەک هەر کرێکارێکی دیکە بوویە خاوەنی چەند برینێک لە دەست و پێیەکانت و بەردەوام نەرمە ئازاریان پێ دەگەیاندی.. کەچی وەک مرۆڤێکی ماسۆشیی چێژت لەو نەرمە ئازارانە وەردەگرت!

ئەسینا یەکەم ویستگەی شارستانیی بوو لە مێژووی ژیانتدا.. دوای ٣٣ ساڵ لە تەمەن توانیت یەکەم جار لەگەڵ ئافرەت بخەوی بەرانبەر بە کرێی ڕۆژێکی کرێکاریی! ئەو ئافرەتانە خەڵکی وڵاتانی دەوروبەر بوون و بێکاریی پاڵی پێوە نابوون لەوێ ئەو ئیشە بکەن بۆیە هەرگیز وەکو سۆزانیی تەماشات نەدەکرن بەڵکو وەکو مرۆڤی ناچاری دەستی چارەنووس!

ئیدی لە یۆنان وێڕای ماندووبوون هەستت بە مرۆڤبوونی خۆت دەکرد.. هەرچەندە لێرەش خاوەن کارەکە پارەی هەفتەیەکی کارکردنی خواردی بەڵام خەونی پەڕینەوە هێشتا درێژەی هەبوو.. لێرەش ساڵ و نیوێکت لەگەڵ ئارەق و مەی و کارکردن بەسەر برد، سەردانی دوورگەی (کرێت)ت کرد.. وەک زوربا لە نێو قەیرانەکانی ژیاندا هەمیشە بە هێز بووی! هەر لێرەش فێری هەندێک وشە و دەربڕین بووی بە زمانەکەی ئەوان وەک (من باشم، تۆ جوانی، کار، زۆر سوپاس، تێدەگەی) هەروا ژمارەکان و زۆر وشە و دەستەواژەی دیکە کە نامەوێ لێر سەری خوێنەرانی پێوە بیەشێنم!

٢٠١٣/٧/١٦ - نەرویج

# گەمەی گوناه.

چوار کەس لە چایخانەیەک دانیشتبوون.. جاران هاوپۆلی یەک بوون.. ئەوا ئێستا هەر یەکەو بەڵگەنامەیەکی زانستیی هەیە؛ (ئەیاد) دکتۆرای هەیە لە میکانیک.. (حەمە) ئەندازیارە.. (فاروق) مامۆستای زمانە.. چوارەمیان (مامە خولە)یە کە تەمەنی پەنجا ساڵە و دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆژییە.. ئەو وەک ئەوان درێژەی بە خوێندن نەدا.. هەر زوو رێگای پێشمەرگایەتی گرتە بەر و نەیتوانی وەک وان خوێندنی باڵاتر تەواو بکا، بەڵام هەمیشە پەرتووکی دەخوێندەوە.. گەرچی ئەوان لە رووی زانستییەوە پلەیان لە مامە خولە باڵاتر بوو بەڵام مامە خولە لە رووی رۆشنبیرییەوە بە شێوەیەکی گشتیی لەوان پێگەیشتووتر و بەهێزتر بوو! کە باس و خواس دەکرایەوە مامە خولە بە گوێرەی قسەکانی وان دەدوا.. هەمیشە ئەو پەندەی پەیرەو دەکرد کە دەڵێ (بە پێی هۆشمەندیی خەڵک بدوێ) زۆر جاریش بێ دەنگی هەڵدەبژارد.. ئەو نەیدەویست بەو زانیارییانەی خۆی ئەوان شەرمەزار بکا!

هەر سێ برادەرەکە رووی دەمیان لە مامە خولە کرد و پێیانگوت: "بۆ چی ئیشی ناکەی.. تا هەم خۆتی پێ بژێینی هەم سوودێکیشت بۆ کۆمەڵگا هەبێ؟" مامە خولەش لە وەڵامدا گوتی: "لەم سەردەمەدا هەموو ئیشێک پێویستی بە سەرمایە هەیە.. ئێوە دەستی یارمەتییم بۆ درێژ بکەن منیش پەرتووکخانەیەک دەکەمەوە.. واتە قەرزم پێ بدەن.. منیش سەرەمانگانە بەش بەش پارەکەتان دەتاندەمەوە" ئەیاد هەڵیدایێ و گوتی: "بە مەرجێک ناوی پەرتووکخانەکە بنێێ (پێشکەوتن) یان (سەربەخۆیی)" ئەندازیارەکە کابرایەکی نوێژکەر بوو گوتی: "با ناوی پەرتووکخانەی (ئیسلامیی) بێ!" لەو میانەش مامۆستای زمان هاتە گۆ و گوتی: "نە با ناوی پەرتووکخانەی (زمان) بێ لەبەرئەوەی زمان کلیلی رۆشنگەرییە.. با میللەتەکەمان لایەنی کەم سەرەتا فێری زمانی دراوسێیەکانمان بن لەگەڵ ئەوەشدا با زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی نێونەتەوەیی بزانن" مامە خولەش لە وەڵامدا گوتی: "ئێوە یارمەتییم بدەن بەڵام بۆ دانانی ناوی پەرتووکخانەکە مەرجم بۆ دامەنێن.. من ناوێک لە ئەندێشەم دایە دەمەوێ هەر ئەوەش ناوی پەرتووکخانەکەم بێ!

تێکرا گوتیان: "دەی با بزانین ئەو ناوە چییە؟" مامە خولە لە وەڵامدا گوتی: "(گەمەی گوناه)" مامۆستای زمان گوتی: "ئەوە ناوی درامایەکە هونەرمەند (عەلی کەریم) رۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕێ" مامە خولە گوتی: "دەزانم.. ئەو باسی گوناه دەکا لە بواری کۆمەڵایەتی بەڵام من مەبەستم گەمەی گوناهە لە بواری رۆشنگەریی و هزریی" ئەندازیارەکە گوتی: "کەواتە تۆ پێت وایە خوێندن و خوێندنەوە گوناهە.. ئەی ئەوەی لە قوتابخانە خوێندمان ئەوەش گوناهە؟!" مامە خولە گوتی: "بەڵێ ئەوەش گوناهە لە وانەی پەروەردەی ئایینیی باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە ئێمە نەوەی (ئادەم و حەوا)ین کەچی لە وانەی زیندەوەرزانیی باسی بنەچەی مرۆڤمان بۆ دەکەن کە مەیمونە.. قوتابی قوربەسەر بە قسەی کامیان بکا؟!

ئەیاد گوتی: "تۆ واز لەو بیرۆکەیە بێنە.. ئەگەر ناکۆکیی نەبێ پێشکەوتن نابێ.. تۆ وەک دوکاندارێکی.. هەموو مێوەیەک بێنە.. ئیدی خەڵک بە پێ حەز و ئارەزووی خۆی لێت دەکڕێ" مامە خولە توزێک بەو قسەیە هەڵچوو و گوتی: "پەرتووکفرۆشیی وەکو مێوەفرۆشیی نییە.. پەرتووک وەکو ئاگر وایە ناخی مرۆڤەکان دادەگیرسێنێ! بە تایبەتی لاوان هەر زوو دەکەونە ژێر کاریگەریی بیروڕایەکانەوە کەسایەتی چەقبەستوویی و توندڕەوییان لێ دەردەچێ!".

ئەیاد گوتی: "تۆ کارت بەسەر چارەنووسەوە نەبێ.. تۆ دەتەوێ قازانج بکەی" مامە خولە گوتی: راستە من دەمەوێ قازانج بکەم بەڵام بایی ئەوەش ویژدانم هەیە کارێ نەکەم سەرەنجامەکەی خراپ بێ!

مامۆستای زمانەکە رووی دەمی لە مامە خولە کرد و گوتی: "تۆ سەرەتا پەرتووکی فێربوونی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی بێنە کە زانیت وا خەریکە خەڵک فێری زمانەکان دەبن ئەوجا پەرتووکی مارکسیی و ئیسلامیی و سیکیولاریی و ناسیۆنالیستی و لیبرالیی بێنە!" مامە خولە گوتی: "مەبەستەکەی من لێرە ئەوەیە کە ئەو هەموو پەرتووکە دژ بە یەکە بهێنم کەسانی دژ بە یەک لە نێو کۆمەڵگا دروست دەکا.. لە تەقینەوەی دواڕۆژ دەترسم.. لە ئەنجامی ململانێیەکان!

ئەیاد گوتی: "کەواتە لێگەرێ با کۆمەڵگا بخەوێ" مامە خولە گوتی: "مەبەست خەوتن نییە.. من لەوە دەترسم پەرتووکەکانم ئاگری ململانێیەکە خۆش بکەن!

بە هەر شێوەیەک بوو یارمەتی مامە خولەیان دا.. ئەویش پەرتووکخانەی دانا و ناوی لێ نا (گەمەی گوناه).. مانگی یەکەم پەرتووکی فێربوونی زمانی هێنا و دواتر ئایدۆلۆژیایە جیاوازەکان، رۆژێکیان دوو گەنج بە بەردەمی پەرتووکخانەکە دەڕۆیشتن.. ناوی پەرتووکخانەکە سەرنجی راکێشان.. گەورەکەیان بە بچووکەکەیانی گوت: "با بچین هەندێک بە خاوەنەکەی رابوێرین.. کە چوونە ژوورەوە.. مامە خولە یەکسەر هەستی کرد بە مەبەستی گاڵتەپێکردن هاتوونە.. دەستبەجێ پێگوتن: "ئەو خورمایەی ئێوە خواردووتانە دەنکەکەی لە گیرفانی من دایە! چۆن هاتوون ئەوها بگەڕێنەوە".

زۆر جار گەنجێک خۆی دەکرد بە ژووردا و تەنیا پەرتووکە مارکسییەکانی دەکڕی.. مامە خولەش جاروبار لە نرخی پەرتووکەکانی بۆ دادەشکاند چونکە دەیزانی کوڕە هەژارە.. ئەم گەنجە هەر کاتێ پەرتووکێکی بکڕیبایە لە مامە خولەی دەپرسی خوێندۆتتەوە.. رات چیە لە بارەیەوە؟ مامە خولەش زۆر راستگۆیانە ئەگەر خوێندبیایەوە رای خۆی پێدەگوت ئەگەر نە دەیگوت نازانم.. نەمخوێندۆتەوە!

رۆژێکیان هات باسی پەرتووکی نەکرد بەڵکو بە لێکۆڵینەوە لە ژیانی مامە خولە دەستی پێ کرد و گوتی: "مامە خولە دەڵێن جاران شیوعی بووی؟" مامە خولە گوتی: "بەڵێ کوڕم.. جاران شیوعی بووم" ئەویش گوتی: "ئەی بۆ وازت هێنا؟" لە وەڵامدا گوتی: "کوڕم وازم نەهێنا بەڵکو دەریانکردم.. گوتیان تۆ خوردەبورژوازی.. بە کەڵکی ئێمە نایەی!" لێی پرسی: "مامە خولە پێناسەی خوردەبورژوازی چیە؟" مامە خولەش گوتی: "کوڕم فەرمانبەر.. جوتیار.. دوکاندار و هەر کەسێک کە سەرمایەیەکیان هەیە و ئاڵوویری پێ دەکەن! دەڵێن گوایە خوردەبورژوازی هەڵویستی راڕایە و لە نێوان چینی کرێکار و بورژوازی دایە!

ئەو جارە گوتی: "مامە خولە دەڵێن ئێستا نوێژ دەکەی؟" ئەویش گوتی: "بەڵێ کوڕم نوێژ دەکەم" گەنجەکە گوتی: "کەواتە بوویەوە موسڵمان و باتدایەوە بە لای ئاین؟" لە وەڵامدا گوتی: "نە کوڕم نوێژکردنی من نوێژکردنی ئاینیی نییە بەڵکو نوێژی سێکیولارییە!" ئەویش وەڵامەکەی پێ سەیر بوو و گوتی: "مامە خولە نوێژی سێکیولاریی هەیە؟!" لە وەڵامدا گوتی: "بەڵێ کوڕم راستگۆ بە.. دەستپاک بە.. رێزی دراوسێیەکانت بگرە.. فرتوفێڵ و ناپاکیی بەرانبەر هاورێی خۆت مەکە.. خەڵکت خۆش بووێ.. داوای یەکسانیی نێوان ژن و پیاو بکە.. رێزی مافی مرۆڤ بگرە و زۆر شتی دیکەش! گەنجەکە گوتی: "مامە خولە کەواتە ئەوەی تۆ باسی دەکەی مرۆڤپەروەریی و مرۆڤدۆستییە؟" مامە خولە گوتی: "بەڵێ کوڕم من گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە لە دوارۆژدا مرۆڤپەروەریی گرەوەکە دەباتەوە"

گەنجەکە گوتی: "مامە خولە تۆ مەبەستت ئەوەیە بەرانبەر دەوڵەمەنەکانیش بەزەییمان هەبێ و بەرانبەر قسەی ناڕەوای مەلا و پیاوانی ئاینیی نەوەستینەوە؟ لە وەڵامدا گوتی: کورم دەکرێ ئێمە مرۆڤپەروەر بین و لایەنگری خەڵکی هەژاریش بین.. دەکرێ ئێمە ڕێز لە بیروباوەڕ بگرین و بە شێوەیەکی دیموکراسیی وەڵامی مەلا و پیاوانی ئاینیی بدەینەوە ئەگەر لە بەرەی خۆیان پتر قاچیان درێژ کرد!

گەنجەکە ئەو جۆرە گفتوگۆیەی زۆر پێ خۆش بوو بۆیە درێژەی پێدا و گوتی: "مامە خولە تۆ بڕوات بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ماوە؟ مامە خولە گوتی: "کوڕم هیچ بیروباوەڕێک بە دیکتاتۆریەت سەر ناگرێ.. دیموکراسیەت دەرمانی هەموو دەردانە! دیموکراسیەت دەرگا لە پێش هەژاران دەکاتەوە داوای مافی خۆیان بکەن.. دەبێ ئێمە ئیش لەسەر بەیاساکردنی مافەکانیان بکەین وەک دەستەبەری کۆمەڵایەتی.. بیمەی بێکاریی.. پاراستنی ئاسایشی کار!" گەنجەکە گوتی: "باشە مامە خولە ئەگەر ئەوە پیشینەی بیروڕاتە ئەی بۆ چی پەرتووکی میتافیزیکیی و ئایدۆلۆژییەکانی تر دەفرۆشی؟ لە وەڵادا گوتی: "کوڕم من دەمەوێ بژیم.. ژیانم لەسەر پەرتووک فرۆشییە.. بەڵام ئەگەر یەکێ پرسیارم لێ بکا ڕای خۆم لەسەر پەرتووکەکان دەردەبڕم.

ئیدی گەنجەکە پرسیار لەسەر پرسیار بەردەوام بوو و مامە خولەش هیچ پرسیارێکی بێ وەڵام نەدەهێشتەوە:

- مامە خولە وشەی قورئان واتای چیە؟ بەو پێیەی کە خوێندوومەتەوە وشەی قورئان بە واتای پەرتووک دێ! ئەی رات چیە بەرانبەر قورئان؟
- ئیمام عەلی لە شەڕی (ئەلجەمەل) گوتوویەتی بە قورئان مشتومڕیان لەگەڵ مەکەن.. قورئان هەڵگری چەند دیویکە! جا قورئان ئامراز یان میکانیزمێک بوو لە نێوان تاک و دەسەڵاتدا پێش هەزار و چوار سەد ساڵ بەر لە ئێستا!
- مەبەستت لە دەسەڵات چیە؟
- دەسەڵات چەمکێکی ئاڵۆزە و واتە دەسەڵاتی بەکۆمەڵی یادەوەریی.. بە واتایەکی تر دەنگی گەل دەگەیەنێ!
- مامە خولە کاتێ چەمکی دەسەڵات شی دەکەیتەوە لێت تێناگەم.
- کوڕم منیش وەکو تۆ بووم.. سەرەتا بە خوێندنەوەی پەرتووکی مارکسیی دەستم پێکرد تا دواتر بوومە دیلی دەسەڵات!
- مەبەستت لە دەسەڵات لایەنی سیاسییە یان کۆمەڵایەتییە یان ئابوورییە یان لەمانە گەورەترە؟
- بەڵێ لەوانە گەورەترە.. دەسەڵات هەر ڕۆژەو بە جۆرێک خۆی پیشانی خەڵک دەدا.. جار هەیە لە شێوەی میتافیزیکیی جاریش هەیە لە وێنەی ماتریالیی! لەوانەیە منیش دەسەڵات کایەی لەسەر چارەنووسم کردووە کە بکرێم بە پەرتووکفرۆش.. لەوانەشە چارەنووس تۆی بۆ لای من هێنابێ ئەوە نهێنییانەم پێ بدرکێنی!
- نە مامە خولە ئەگەر بێزار بووی پرسیارت لێ ناکەم!
- نە کوڕم نە هەندێ پرسیار هەیە وەڵامی نییە.. تەنانەت هەموو پەرتووکی پەرتووکخانەکەشم بخوێنیتەوە هەر وەڵامت دەست ناکەوێ!
- مامە خولە وەڵامەکانت گێژیان کردم!
- بەڵێ کوڕم.. مەبەست لە گێژکردنی یەکتر.. سەقاڵکردنی یەکتر.. یەکترکوشتن هەر ئەوەیە کە من ناوم لێ ناوە گەمەی گوناه! جا بە کورتییەکەی ئێمە هەموومان داشی دامەین.. دەسەڵات لەو پانتاییە کورتەی ژیان کایە بە چارەنووسمان دەکا.. بابایەکی وەکو من دەکاتە پەرتووکفرۆش و تۆش وەک کوڕە هەژارێک دەکاتە خوێنەر! هەندێ جاریش ئایندە ڕەنگی تەمتومان و دووکەڵاویی لێ دەنیشێ!!

٢٠١٣/٦/١٦ - نەرویج

## له پشتی هەورە دوورەکانەوە.

کە گوڵی ئاگاییم پشکووت دەیانگوت پاڵایشگای نەوت هەیە.. من نەمدەزانی کەوتۆتە کوێی ماڵمانەوە.. لە لای خۆمەوە بۆ باشورم دەڕوانی" لەوێ تەپوڵکەکان لەگەڵ هەوری ڕەش تێکەڵ دەبوون وەک شەپۆلێکی خوڵەمێشیی و تەمتومانێکی تاریک خۆیان دەنواند.. وامدەزانی پاڵایشگای نەوت لەوێیە، چەند خۆشە یادەوەریی منداڵیی کە هەموو دیاردەکان لە پشتی هەورەکانەوە دەبینێ.. بە شێوەیەکی ئەندێشەئامێز و ئالوودە و لێڵ بیردەکاتەوە، بە منداڵییش باوکم پێیدەگوتم ئەم کوڕەم دەبێتە (حەشاش)! لەوانەیە قەواڵەی ئێستای منی خوێندبێتەوە کە ئیشم ئەوە دەبێ لەسەر فانتازیا کار بکەم! لە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە بە ئاراستەی دیوی ئێراندا باسی گوندی (سەی بەرزوو) یان دەکرد کە کەوتبووە سەر سنوور.. ئەو گوندە بە ڕوانینی من لە پشتی هەورەکانەوە بوو.. دەیانگوت خەڵکەکەی ئیشی قاچاغ دەکەن، سندوقی چای دەبەن بۆ ئێران و لەوێوە پارچە قوماش و کەوشی میللیی دەهێنن.. لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە پروپاگەندەکانی ئێرانمان دەبینی بۆ ڕەواج دان بە کاڵایەکانی، من نەمدەزانی قاچاغچێتیی کارێکی قەدەغەیە.. تا ڕۆژێکیان پیکابێکی شینم بینی پڕ بوو لە قوماش و پیکابێکی تری بە دوایەوە بوو.. ئەوەکەی دووەم ڕەنگی سەوز بوو هی پۆلیس بوو و چەکی (برێن)ی لەسەر بوو.. برێن جۆرە چەکێکی قورس بوو پۆلیس بۆ ڕاوی قاچاغچییەکان بەکاریدەهێنا! کاتێ پیکابە شینەکە پێچی کردەوە برێن بە دەستەکە تەقەی لێکرد.. گوللەکان بە ڕێکەوت بەر بۆڕیی نەوت کەوتن! لە ماوەیەکی کەمدا خەرمانێک نەوتی ڕەش کۆبۆوە.. خەڵکیش بە هەڵیان زانی تەنەکە و بەرمیلی بچووکیان هێنا و نەوتەکەیان دەبرد بۆ ماڵەوە تاوەکو لە کاتێ نانکردندا تەنوری پێ گەرم بکەن.. نەوتەکە چەند مەترێک لە ماڵمانەوە دوور بوو بۆیە دایکمان توانی لە خەڵکەکەی دی پتر نەوت پاشەکەوت بکا.. دواتر کە خەڵکەکە نەوتیان لێ بڕا دەهاتن لە دایکم نەوتیان دەکڕی.. تەنەکەیەک بە پەنجا فلسی ئەو کاتە.. کاتێ کرێکارانی پاڵایشگا ئاگادار دەبوونەوە کە بۆڕییە نەوت شکاوە نەوتەکەیان دەگرتەوە و چوار پێنج کرێکاریان بە ماشینەوە دەنارد.. سەرەتا لە ژێر کونی بۆڕیەکە چاڵێکیان هەڵدەکەند و دواتر لاستیقیان بە دەوری بۆڕییەکەوە دەپێچاو دوو پارچە قەفیسی ئاسنینیان لەسەر دادەنا و بە بورغی دەیانبەست!

لە هەندێک شوێندا بۆڕییەکان بە بنی زەویدا تێدەپەڕین بۆیە زوو زوو ژەنگیان هەڵدەهێنا و کون دەبوون.. ئیدی خەرمانەی نەوتی ڕەش وەک ماستی مەییو کۆدەبۆوە.. خەڵکەکەش هەمان کایەیان دووبارە دەکردەوە! کونی بۆڕییەکان ئەوەندە نزیک ماڵی ئێمە بوون تاکو هەندێک جار کرێکارەکان دەهاتن لە ماڵی ئێمە چایان دەخواردەوە.. کرێکارەکان جلی شینیان لەبەر بوو.. مانگانە مووچەیان وەردەگرت.. منداڵی کرێکارانی پاڵایشگای نەوت لەگەڵ منداڵانی تر جیاوازییان هەبوو.. جۆرێک لە دڵنیایی یان لا دروست ببوو!

باوکم لێخوڕی ماشینی خەڵک بوو.. مانگێک ئیشی دەکرد.. شەش مانگ بێکار بوو، بە منداڵیی زۆر حەزم دەکرد باوکم وەک ئەو خەڵکە لە پاڵایشگای نەوت ئیشی بکردبایە! لە دەمی دایکمەوە دەمبیست کە کرێکارانی پاڵایشگای نەوت خانەنشینییان هەیە تەنانەت ئەگەر نەخۆش بکەون یان بمرن مووچە دەدەنە منداڵەکانیان.. دراوسێیەکمان هەبوو باوکیان مرد بوو.. دایکەکە لەگەڵ چەند کوڕێکیدا مابۆوە.. لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی لە پاڵایشگا ئیشی کردبوو هەموو مانگێک دەچووە شاری باقووبە و لەوێ مووچەکەی وەردەگرت!

کرێکارانی پاڵایشگا سەری مانگانە دەچوون بۆ بازار.. عەرەبانچییەکی دەربەستیان دەگرت بە گونیە و تەنکە شتیان دەکڕی هەر لە ئارد و برنج و فاسۆلیا و نیسک تا دەگاتە ئاوتەماتە و ڕۆن و بە بەرچاوی دەرودراوسێوە دەیانهێنایەوە!

کەچی ئێمە وا نەبووین دوکانداریکی دراوسێمان هەبوو.. پیاوەکەی چاو شینێکی نیگا کز بوو بەڵام ژنەکە جوان و هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو.. دەچوین جاروبار بە قەرز شتمان لەوێ دەکڕی.. هەندێک بەیانی لە خەو هەڵدەستاین لە پرێکدا دایکم دەیگوت چایمان نەماوە.. منی دەنارد و بایی پەنجا فلس چایمان دەکڕی!

ماوەیەک بوو باوکم بێکار بوو.. رۆژێک گەڕایەوە دوو کیلۆ تەماتە و (کابرێتەر)ێکی ماشینی پێ بوو.. خۆشییەک بە دڵماندا گەڕا کە لە دڵی خۆمان گوتمان دیارە ئیشی دۆزیوەتەوە.. بە خۆشییەوە تەماتە و رۆنمان دروست کرد و دوایی چامان خواردەوە! کە لێ بووینەوە باوکم لە ناو تارماکە کە نیوەڕۆیان رۆژ دەیگرتەوە.. بورغی بە بورغی کابرێتەکەی کردەوە و بە نەوت هەموو پارچەکانی شوشت و فووی لێکردن تا پاک بنەوە.. پاشانیش بەستایەوە! کە لێبووەوە بە ئەسپایی لێمپرسی: "باوکە ئیشت دەست کەوتوە؟" لە وەڵامدا گوتی: "نە کوڕم نە.. ئەمرۆ لای فیتەرێکی هاورێم بووم.. پێیگوتم ئەو کابرێتەرەم بۆ بشۆ نێو دینارت دەدەمێ، ئێدی ئەمن ریسەکەم لێ بۆوە خوری و هاتمەوە سەر سفر.. گەرچی منداڵ بووین بەڵام هەستمان بەوە کردبوو کە بێ ئیشیی ئەو بە واتای نەبوونی خواردن و برسێتیی.. کاتێ کە ئیشی دەستدەکەوت بەشی هەمووانی دەدا.. هەر خۆی دەست بڵاو بوو بەرانبەرمان تەنانەت بەرانبەر بە خەڵکیش!

لەوەرزێ هاویندا بووین.. بۆ چەند رۆژێک باوکم دیار نەما.. گوتمان لەوانەیە چووبێ بۆ بەغدا بە دوای ئیشدا بگەڕێ، خاوەن میوانخانەیەکی هاورێی هەبوو بە ناوی (عەلی عومەری) جاروبار دەچوو لای ئەو دەمایەوە و رۆژانەش بە دوای ئیشدا دەگەڕا.. لەو بینەوبەردەدا بووین دایکم بە من و برا گەورەکەمی گوت: "ئەوە باوکت بۆ نەهاتەوە بەڵکو بچن بۆ گەراجەکەی حەسەنە شەل سۆراغی بکەن.. برۆن لەوێ لەو خەڵکە بپرسن بزانن باوکت نەچووە بۆ ئەو گوندانە.. رەنگە بە مەبەستی ئیش چووبێتە ئەو گوندانە و بووبێتە لێخوری (دەرِاسە)" هەردووکمان چووین.. نزیکەی کاتژمێر دە و نێوی پێش نیوەرۆ بوو.. براکەم پرسیاری لە چەند کەسێکی خەڵکی ئەو گوندانە کرد بەڵام هیچ زانیارییان لا نەبوو تا لە ناکاو زەلامێکی ریش سپی گوتی: "ئێوە کوڕی ئەون؟" گوتمان: "بەڵێ" گوتی وا لە گوندەکەی ئێمە خەریکی دروێنەیە.

گەڕاینەوە و مژدەمان دایە دایکم و خوشک و برایەکانی ترمان! ئەوانیش زۆر شادمان بوون.. دایکم مژدەی دوورینی کراسێکی سەوزی پێدام.. ماشینی دوورمانی هەبوو تەنیا بۆ خۆمان جلی دەدووری هەروا چنینی لەچک و دوورینی عەباشی دەزانی بەڵام وازی لێهێنابوو چونکە بە بەخێوکردنی منداڵەوە سەرقاڵ بوو، لەوەتەی من بیرم دێ ئەو کۆرپەی بە سینگیەوە بوو.. یازدە منداڵی خستەوە.. هەر بە خۆرسکیی و رێنمایی دەروردراوسێ گەورەی کردن، کەچی لە وڵاتانی رۆژاوا ژنێک سکی پڕ بێ خولێکی چەند مانگی بۆ دەکەنەوە تەنانەت رۆژێکیان لە خولێکی نووسینگەی کاردا بووم یەکێک لە هاوڵاتیانی خۆیان تووڕە بوو و گوتی: "ئەوە چیە هەر ئەوە ماوە پێمان بڵێن تەماتە چۆن دەخورێ!" پۆڵەکەی بەجێهێشت و چووە دەرەوە!

نیوەرۆیەکی گەرم بوو کراسە سەوزەکەم لەبەردابوو.. لەبەر دەرگا راوەستابووم.. باوکم جێبێکی ئەمەریکایی پێبوو.. بەرمیلێکی گازی تێدا بوو.. خۆی و شاگردەکەی بوون.. لە ترومبێلەکە دابەزی و ماچێکی منی کرد.. شاگردەکەش جێبەکەی برد، ماوەیەکی پێچوو باوکم لە ماڵ حەسایەوە.. لەبەرئەوەی لەشی کون کون ببوو و خوێنی تێدا زابوو گوتی: "شەو و رۆژ ئیشم کردووە بۆیە گێژ بووم و کەوتمە بەردەمی دەرِاسەکەوە!".

رۆژێکیان شاگردەکەی لە دەرگای حەوشەمانی دا.. کە لەگەڵ باوکم چووینە دەرەوە شاگردەکە گوتی: "خاڵو خاوەن دەرِاسەکە گوتوویەتی ئەگەر نایەت بە دوای ئیشەکەی دا ئەوە خۆت برۆ ئیشەکە بکە" ئەو قسەیە هەستی باوکمی بریندار کرد.. دوایی باوکم پێیگوت: "فەرموو کوڕم خۆت برۆ ئیشەکە بکە! کە شاگردەکە رۆیی ئێمە بە باوکمان

گوت: "بۆ نەڕۆیشتی بۆ ئیش؟" لە وەڵامدا گوتی: "ئەو شاگردەم بێ باوک و هەتیو بوو.. بەزەییم پیدا هاتەوە.. فێری لێخورینی دەڕاسە و چۆنیەتیی دروێنەکردنم کرد کەچی ئێستا زۆر بێ شەرمانە لە روومدا بەو شێوەیە قسە دەکا!

جارێکی دیکە کەوتە جیهانی پڕ لە دەردەسەریی بێکارییەوە، کە لەگەڵ دایکم دەکەوتنە دەمەقاڵێ.. دایکم قوتووە نەوتێکی لە تەک خۆی دادەنا و دەیگوت هەر ئێستا خۆم دەسوتێنم ئێمەش لە دڵە خورپەی بەردەوامدا دەبووین.. باوکیشم هەموو جارێ ئەو رستەیەی دووبارە دەکردەوە: "من ئیش بکەم و نەکەم وەکو یەک وایە.. ئێوە هەر دەژێن"، کە گەورە بووم نهێنیی و رەهەندی ئەو رستەیەم لە پەرتووکێکی بیرمەندی یەکسانیبیخوازی میسری (سەلامە موسا) دۆزییەوە.. کە پوختەکەی دەڵێ (دوو کەس تێر دەبن یەکێکیان بە پەتاتە و ئەوی دیکەیان بە گۆشت) خۆزگە ئێمە پەتاتەکەشمان هەبووایە.. ئەو دەمە پەتاتە لای ئێمە تامی گۆشتی دەدا!

ئاخۆ ئێستا چەند خێزان هەبێ لە ناوەوەی وڵات هەروا لە سەراپای گۆی زەوی.. لە ئەفەریقا.. لە ئەمەریکای لاتین وەکو ژیانی ئەوسای ئێمە دەژێن!

کاتێ پتر چاوی ئاگاییم پشکوت شوێن و جوگرافیای پالایشگای نەوتم بە راستیی دیت.. ئیدی کەمتر دەمڕوانیە پشتی هەورە دوورەکان!

زۆر جار من و پالایشگا تەنیا رووباری ئەڵوەنمان نێوان بوو.. لە نزیکەوە دەمڕوانیە بڵێسەی ئاگرەکەی کە چۆن هەمیشە وەک ئەکسیری ژیان دادەگیرسێ، گلگامێش بیزانیایە ئەو بڵیسە هەیە نەدەچووە بنی دەریا تا رووەکی نەمریی بهێنێ بەڵکو دەهات سەیری ئەو ئاگرە هەمیشە داگیرساوەی دەکرد کە چۆن لە پاڵیدا چەندین خەڵکی وەکو ئێمە بە هەژاریی ژیانیان دەگوزەرێنن!

٢٠١٣\٤\١١ - نەرویج

# هەڵهاتن.

هانا کچێکی تەمەن ٤٢ ساڵە بوو.. باڵایەکی بەرز و سەر و ئاکارێکی جوانی هەبوو.. لە یەکەم رۆژی ئیشکردنمدا ناسیم.. لە بەرانبەریدا حەپەسام و زۆر پێی سەرسام بووم، من لە بەرانبەر ئافرەتی جوان هەست بە لاوازیی و داڕووخان دەکەم.. پێموایە جوانیی ئافرەت لەسەر سەرم دەسووڕێنێ و بە سەرمدا زاڵ دەبێ دواتریش هەر بیری لێدەکەمەوە تا تووشی نامۆبوونم دەکا، منیش تەمەنم ٤٨ ساڵە و باڵا مامناوەندییە.. تا رادەیەکیش ئافرەت حەز بەدەموچاوم دەکەن.. بۆیە بەرانبەر بە جوانییەکەی هانا ئەزموونەکانم هێنایەوە یادی خۆم.. دەبێ وا بیر بکەیەوە کە جوانیی ئافرەت کاتییە.. لەوانەیە ئەمڕۆ جوان بێتە پێش چاوت بەڵام کە سبەی دەست بە خۆیدا نەهێنێ شێوەیەکی دی بنوێنێ، هانا لە کاتێ بێ کارییدا بلوزی دەچنی.. هەمیشە جلی کۆنی لەبەردەکرد.. هەندێک جار جلەکانی دڕابوون.. پرچێکی درێژی پێوە بوو و زۆر جار شانەی نەدەکرد، جاروبار بیرم دەکردەوە ئاخۆ لەبەرچی دەستی لە خۆی بەردابێ! لەوانەیە لەبەر جوانییەکەی بێ دەربەستی ژیان و دەوروبەر نییە، بەژنێکی درێژ و رێکی هەیە و چاوەشی جوانە.. شیرین و ئێسک سووکە.. بەڵام جاروبار بێدەنگ دەبوو تەنیا یاری بە مۆبایلەکەی دەکرد، من سەرەتا وامزانی دۆستی هەیە.. گوتم ئافرەتێکی جوانی وەها دەبێ پیاوێکی دیل کردبێ و لەژێر فەرمانەکانیدا بێ، رۆژێکیان گوێم لێبوو لەگەڵ ئافرەتێکی دی قسەی دەکرد و باسی پیاوە دەرهێنەرەکەی دەکرد.. منیش وامزانی پیاوی هەیەو دەرهێنەرە!

من کە سەرەتا هاتمە نەرویج نامیلکەیەکم لە عەرەبییەوە وەرگێرا.. دەربارەی فەرهەنگی وڵاتی نەرویج بوو، ئامۆژگارییەکانی ئەو نامیلکەیە بوونە بەڵگە لە لای من و هەر بەو پێیەش رەفتارم دەکرد، من یەکێکم لەو کەسانەی پتر بە قسەی نووسراو گۆش کراون و گۆش دەبن، لەبەرئەوەی بەردەوام گومان لە راستگۆیی کەسەکانی نێو کۆمەڵگا دەکەم تەنیا نووسەرەکان بە راستگۆ دەزانم، لەو نامیلکەیەدا هاتووە کە خەڵکی نەرویج زۆر حەزیان لەوە نییە پرسیاری تایبەتمەندییان لێبکەی! بۆیە منیش بە هیچ شێوەیەک هانام نەدەدواند.. تەنیا باسی ئاوهەوای رۆژانەم لەگەڵیدا دەکرد لەگەڵ هەندێک بابەتی گشتیی کە تووشی شەرمەزاریی نەکا، بەڵام ئەو پرسیاری لە من دەکرد: "چەند ساڵە لە نەرویج دەژی؟" پێمگوت: "١٣ ساڵ"، "ئاخۆ بە تەنیا دەژی؟" گوتم: "بەڵێ" رۆژێکیان گوتی: "بە نیازم شەو لە فەرمانگە وەک ئێشکگر بمێنمەوە.. دەزانم تۆیش دەمێنیەوە.. هەموو فەرمانبەرەکان دەناسم تەنیا تۆ نەبێ" پاشان گوتی: "با بچینە ژوورەکەت دانیشین و هەندێک قسە بکەین؟" گوتم: "خۆت دەزانی" گوتی: "من شتێکی ئەوتۆم نییە بۆ باسکردن" لە وەڵامدا گوتم" "کەواتە منیش شتێکم نییە شایانی باس بێ" ئیدی دانەنیشتین، کەچی هەر لەو دەم گوتی: "تۆ پیاوێکی ئاینیی" پێمگوت: "بڕوام بە ئاین نییە!" دەبووایە لەگەڵی بڕۆیشتمایە.. لەبەرئەوەی ئەو دەلاقەیەکی کردەوە بۆ دانیشتن.. دەبووایە منیش دەستپێشخەریی بکەم.. بەڵام پێشتر بە گوێیمدا چرپاندبوو کە ئەو ئافرەتێکی جوانە و لە وێنەیدا کەمە.

ئەو شەوەی کە ئێشکگر بوو کاتژمێر نۆ لە دەرگای دام و پێیگوتم: ئەگەر ئیشێکت هەبوو ئەوا من لە خوارەوەم" لە شەوێکی دیدا هەمان شتی دووبارە کردەوە بەڵام من نەڕۆیشم بە دوایدا.. چونکە بڕوام بەوە نەکردبوو کە ئەو ئافرەتە حەزی لە من کردبێ.. لە لایەکی دیکەش دەترسام ئیشەکەم لە دەست بدەم، لە رووی یاساییەوە نابێ لە کاتی ئیشکردن کردەوەی ناشایستە ئەنجام بدەی.. لەوانەیە زۆر کەس بە دزییەوە لە ژێر پەردەدا بیکەن بەڵام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی جیاوازیی هەیە.. رەنگە ئەو شوێنەی من زۆر هەستیار بێ! زۆر بیرم کردەوە.. رۆژێکیان لای برادەرێکی بە ئەزموون باسی رەفتار و گوفتاری ئەو ئافرەتەم کرد.. ئەویش گوتی: دەبووایە بۆ لای

برۆیشتبای.. بە دەم دانیشتن و قسەکردنەوە نیاز و مەبەستیت بۆ دەردەکەوت.. لەوانەیە حەزی لێبێ جارێک تاقیت بکاتەوە و لەگەڵتدا بخەوێ، لەوانەیە حەزێ لێ بووبێ بەڵام من بە دەنگیەوە نەچووم.

رۆژێکیان هانا لەگەڵ فەرمانبەرێکی دی قسەی دەکرد بەڵام توانجی لە من دەدا.. گوتی: "حەزی لەوەیە لەگەڵ ئافرەتاندا بدوێ هەروا زۆر حەزی لە پێڵاوە!" منیش بەسەر خۆمدا شکامەوە و بێدەنگییم هەڵبژارد، دواتر دوو جووت لە پێڵاوە کۆنەکانم فڕێ دا، لەبەرخۆمەوە دەمگوت کەواتە وەک قسەکەی (ئیمام عەلی) ئەوەی ئازا نەبێ چێژ وەدەست ناهێنێ، لە راستییدا من بە نیازی بەرنامەیەک بووم کە دوای سێ مانگ ئەم وڵاتە بەجێبهێڵم و ماوەی شەش مانگ لە وڵاتی خۆمان ژیان وەک پرۆڤەیەک تاقی بکەمەوە.. ئەگەر بۆم لوا ئەوە لەوێ دەمێنمەوە ئەگەر نە ئەوە دەگەڕێمەوە بۆ هەمان ریتمی رۆتینیی ژیانی ئێرەم، ئاخر لێرە تەمەنی من هی (دیسکۆ) نییە.. ئەوەی ئەشچێتە دیسکۆ زەحمەتە دۆستی دەستکەوێ.. بۆیە دەستم لە ژیانی ئێرە شوشتوە دەربارەی پەیداکردنی دۆستی کچ، لە سەر کاریش رێکدەکەوێ کچێک بتناسێ و دۆستایەتییت لەگەڵ بکا.. منیش هەر بەو شێوەیە هانام ناسی بەڵام هانا پارووی من نەبوو؛ دەموچاو و بەژن و باڵای سینەمایی بوو، وێڕای ئەوەش خۆم پێنەگیرا رۆژێکیان پێمگوت: "هانا بە تەنیا دەژی؟" لە وەڵامدا گوتی: "بەڵێ بە تەنیا دەژیم" پتر درێژەم پێنەدا چونکە دەمزانی خەونی ئەم ئافرەتە لە قەوارەی منێکی رۆژهەڵاتیی گەورەترە، بەڵام لە میانەی قسەکانیدا بۆم وەرکەوت کە نزیکەی بیست ساڵ لە دەرەوەی نەرویج ژیاوە.. لە فەرەنسا و ئینگلتەرا و یابان و ئەمەریکا ژیابوو.. نیوەی ئەو کاتانەی لە ئەمەریکا وەسەربربوو!

پێمگوت: "جیاوازیی نێوان خەڵکی نەرویج و خەڵکی ئەمەریکا چییە؟" گوتی: "وێڕای ئەوەی خۆم خەڵکی نەرویجم بەڵام خەڵکی نەرویج کەمدوو و ساردوسڕ و بە گومانن.. بەڵام خەڵکی ئەمەریکا وا نین.. لە ساتی یەکەمەوە دەست بە قسەکردن دەکەن لەگەڵت و زۆر گەرموگوڕن؛ کە دەچی لە دوکان بلیتی پاس دەکڕی پێت دەڵێن رۆژەکەت چۆن دەگوزەرێ؟ باودۆخت باشە؟ لە کوێ دەژی؟ و دەیان پرسیاری تر، بەڵام لە دوکانی نەرویجی پارەکە دەدەی و بلیتەکە وەردەگری".

رۆژێکیان پێمگوت: "جگە لەم ئیشە حەز لە چ دەکەی بە تایبەتیی لە کاتی دەست ئاواڵەییتدا؟" گوتی: "حەز دەکەم لە دوای کامیرا ئیش بکەم" تەنانەت رۆژێکیان کامیرەکەی هێنا لەگەڵ چەند کەسێک چاوپێکەوتنی ئەنجام دا، پێیگوتم: "ناتەوێ چاوپێکەوتن ئەنجام بدەی؟" لە وەڵامدا گوتم: "حەز ناکەم یادگاریی من لای تۆ بمێنێتەوە نەوەکو یادەوەرییم دیل بکەی!".

دوو ساڵ بوو لەگەڵ هانا یەکترمان دەناسی.. ئەو کچەی حەزی لێدەکەم و حەز دەکەم هەموو پارەی گیرفانم بۆ ئەو بێ، چەندین جار کوڵا و خواردنەوەکانی دیکەم بۆ دەکڕی.. بە هیچ مەبەستێک نە بەڵکو تەنیا بە مەبەستی پیشاندانی دیوی شاراوەی خۆشەویستییەکەم.. بێگومان بەرانبەر هەستی پێدەکا بەڵام بەسەر خۆی ناهێنێ، رۆژێکیان هات بۆ لام و گوتی: "دەمەوێ ماڵاویت لێبکەم" گوتم: "بۆ؟" گوتی: "بلیتم کڕیوە و رۆژێ شەمە گەشت دەکەم بۆ ئەمەریکا" گوتم: "بۆ چی ئەمەریکا؟" گوتی: "١١ ساڵ خۆم و مێردەکەم لەوێ ژیاین.. پیاوەکەم ئەمەریکایی بوو.. دەرهێنەری فیلم بوو و لە هۆلیود کاری دەکرد، نزیکەی ١١ فیلممان پێکەوە داناوە.. شانبەشانی ئەوە منیش کاری مۆدیلم دەکرد.. ئاخر ئەو ئافرەتانەی جوان نەبن ناتوانن کاری مۆدیل بکەن! پێمگوت: "دەبووایە بمزانیبایە؛ سەر و ئاکار و بەژن و باڵات لە کچی نێو گۆڤارەکان دەچی!" بە نیگەرانییەوە پێیگوتم: "بەڵام دوای ١١ ساڵ لە پێکەوەژیان مێردەکەم دووچاری شێرپەنجەی سی بوو و مرد" گوتم: "ئێستا خەمی لێدەخۆی؟" گوتی ئەی چۆن بەڵام ژیان بریتییە لە تێپەراندن.. دەبێ لەگەڵ دەمی نوێدا خۆمان بگونجێنین" پێمگوت: "باشە ئێستا دەچی بۆ لای کێ؟" لە وەڵامدا گوتی: "کچێکی نەرویجیی هەیە ژوورێکی بچکۆلانەی بە کرێ گرتووە.. بۆ چەند مانگێک دەچم لەگەڵ وی دەژیم تا مافی نیشتەجێبوونەکەم درێژ دەکەمەوە دواتریش لە ئیشێک دەگەڕێم" پێمگوت: "ئەی

**دۆستی پیاو؟" گوتی: "دوایی بیری لێدەکەمەوە.. هاورێیە کچەکەشم دۆستی پیاوی نییە.. لە سەرەتادا سەختە دۆستێکی پیاوی هەمیشەییت دەستبکەوێ" بیرم چوو ئەوە باس بکەم کە ڕۆژێکیان هانا هات بۆ ئیش لای چاوی شین و مۆر ببۆوە.. پێدەچوو یەکێ لێدابێ! بەڵام بە هیچ شێوەیەک پرسیارم لێنەکرد!**

**گوتی: "دەزانم تۆش دەچیتەوە بۆ کوردستان.. لەوانەیە لە بواری وەرگێڕان ئیشێکت دەستبکەوێ" لەبەرئەوەی پێشتر ئاگادار بوو کە کاری وەرگێڕان دەکەم.. گوتی: "ئەگەر ژیانت نەگونجا دەتوانی بگەڕێیەوە.. منیش ئەگەر لە ئەمەریکا ژیانم باش نەبێ دەگەڕێمەوە.. هەموو شتێک تاقیکردنەوەیە!" وەک ڕەفتاری ئاسایی ئێرە گۆنام خستە سەر گۆنای و ئومێدی خۆشبەختییم بۆ خواست!!**

**نەرویج**

## ملوانکە.

وەرزەکەی پایزە.. گەڵایەکان رەنگیان زەرد و سوور هەڵگەڕاون.. پلەی گەرما ١٢ی سەرەوەی سفرە، راکردن و پیاسەکردن بە خەڵکی ئەم وڵاتە نامۆ نییە.. تەنانەت پەندێکیان هەیە دەڵێ (ئەگەر دەتەوێ تورە و بێزار نەبی.. برۆ بۆ پیاسە) پێیانوایە راکردن و پیاسەکردن لە رووی فیزیکیی و سایکۆلۆژییەوە بۆ مرۆڤ باشە! منیش وەک هاوڵاتییەکی دوورە وڵات بە دەر نیم لە ساتەکانی وەڕسبوون و بێزاریی.. جار نە جارێ رووم تێدەکا.. بۆیە هەر رۆژەو بۆ نێو کاتژمێر یان ٤٥ خولەک رێگای پیاسە دەگرمەبەر، ئەمرۆ کاتژمێر پێنجی ئێوارەیە و وەک هەموو رۆژێکی تر پیاسە دەکەم.. جاروبار سەرنجی ئەو کاغەزانە دەدەم کە لکاون بە دارتێلەکانەوە.. دەیخوێنمەوە و توزێ خۆم پێوە خەریک دەکەم.. زۆر جار ئاگادارییەکە لە کەسێکەوە سەگەکەی یان پشیلەکەی ون بووە، ئەو جارەیان نووسراوەکە برێک جیاواز بوو؛ کۆمەڵێک کرێکاری پۆڵۆنیی نووسیبوویان (هەر کەسێک بنمچەکەی تێکچووە یان ماڵەکەی پێویستی بە بۆیاغە پەیوەندیی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکا!) ساتێک بە دیاریەوە وەستام دوایی درێژەم بە پیاسەکەم دا، لای توولە رێگایەکە چەند کورسییەکی تەختە دانراون.. هەمیشە پشوویەک لەوێ دەدەم.. توولە رێگایەکە دەستە چەپی هێڵی شەمەندەفەرە بە لای دەستی راستیشدا نیمچە دارستانێکە، پیاوێکی کەتەی شەست ساڵە کۆڵەپشتێکی بە پشتەوەیە و سەرنجم بۆ لای خۆی رادەکێشێ، لەبەرخۆمە دەمگوت ئاخۆ ئەو پیاوە بەو ئێوارە پایزە لە نێو ئەو دارستانە خەریکی چیە؟ کابرا پشتی لە منە.. هەردوو چاوم وەک کامیرای دەرهێنەرێکی بە ئەزموون خستە سەری.. سەرەتا کۆڵەپشتەکەی دانا و چەمییەوە.. سەرەنێزەیەکی لێدەرهێنا و کەوتە هەڵکەندنی زەوییەکە، بە مەزەندەی خۆم دوو بستی هەڵکەند.. دوایی دەستی خستە نێو کۆڵەپشتەکەی کارتۆنێکی لێدەرهێنا و بە شێنەیی کارتۆنەکەی لە ناو چاڵەکە دانا و داپۆشی.. ئیدی پشتاوپشت کشایەوە.. بە ئاماژەی دەست وێنەیەکی خاچی لەسەر سینگ و ناوچاوانی کێشا.. لە دڵی خۆم دا گوتم لەوانەیە ئەو رووداوە نهێنییەکی گیانیی یا دینیی تێدا بێ! پێش ئەوەی چاوم بە چاوی پیاوەکە بکەوێ توولە رێگایەکەم گرتەبەر.. ئاخر لەو وڵاتەدا جوان نییە چاودێریی خەڵک بکەی! بەڵام من بە ملمدا هات.. دڵنیام ئەو لە پشتەوە من دەبینێ.. شەقاوەکانم هەڵگرت تا فریام نەکەوێ.. کە ئاوڕم دایەوە دیار بوو بە نیاز بوو خۆی بگەیەنێتە من.. بەڵام من بەلەز هەنگاوەکانم هەڵدەگرت تا گەیشتمە لای کلێساکە.. تەپوڵکەیەک لە لای چەپی دایە بە دار و درەخت دەور دراوە.. کورسیی و مێزێکی تەختەش لەسەر تەپۆڵکەکە هەیە.. کلێسا و تەپۆڵکەکە کەوتوونەتە پێچێکی توولە رێگایەکەوە، منیش دەرفەتم وەرگرت چووم لەسەر کورسییەکە پشوویەکم دا،، بەو شێوەیە لە چاوی پیاوەکە ون بووم.. نزیکەی چارەکە کاتژمێرێک دانیشتم.. روانیمە گەڵای دارەکان هەندێکیان زەرد هەڵگەڕابوون و هەندێکیشیان هەر بە سەوزیی مابوونەوە.. پێدەچێ ئەوانیش وەکو مرۆڤەکان بن هەندێک زوو پیر دەبن و هەندێکیش هەر بە جاحلێی دەمێننەوە و پیری دەرقەتیان نایێ! ساتێکی خۆش بوو لەگەڵ سروشتدا ئاوێتە ببووم.. تێکەڵبوون لەگەڵ سروشت مرۆڤ لە نیگەرانیی رەها دەکا.. ئەوە قسەیەکی تیۆریی نییە بەڵکو مرۆڤ دەتوانی پرۆڤەی لەسەر بکا، کچێکی مەغریبیی هەبوو خەڵکی کەناری دەریا بوو رۆژێکیان پێگوتم: "برۆ بۆ کەناری دەریا سەیری شەپۆلەکانی بکە لەگەڵ هاتوچۆی شەپۆلەکاندا خەمەکانت دەڕوا.. بابۆڵەیەک و تورمزێک قاوە لەگەڵ خۆت بەرە هەرگیز چێژی تەواو نابێ" باشە مرۆڤ بە قسەی خەڵکانێکی بە ئەزموون بکا، هەندێک جار گوێگرتن و گوێرایەڵیی بەرەو سەرکەوتنمان دەبەن!

مەلی ئەندێشەم هەڵفڕی بۆ لای کابرا.. ئاخۆ دەبێ چی حەشار دابێ؟ بۆ لە دواییدا نوێژی کرد؟ بۆ دەیویست بگاتە لام؟ هەر چۆنێک باش بوو نەگەیشتە لام.. تەنیا لە پشتەوە منی بینی.. رەنگە جارێکی دی نەمناسێتەوە، کەوتمە خولیای هەڵدانەوەی ئەو چاڵە.. بە مەبەستی دزیی نە.. دزیی ئارەزوویەکی منداڵیی و هەرزەکارییە.. منیش

تەمەنم پەنجا ساڵە! بەڵام دوودڵم لە هەڵدانەوەی.. ئەگەر بێتو هەڵیدەمەوە نابێ ئەمرۆ هەڵبژێرم چونکە لەوانەیە کابرا چاودێری بکا! ئیدی گەڕامەوە ماڵەوە، بۆ شەوەکەی خەوم لێنەدەکەوت.. ئۆقرەم لێبڕابوو.. لە نێو جێگایەکە گینگلم دەدا.. هەر لە بیری چاڵەکە و پیاوەکەدا بووم.. ئاخۆ دەبێ چ نهێنییەکی شاردبێتەوە، کاتێکم زانی لە خەو راپەڕیم.. خەونم بینبوو.. لەو خەونەمدا مردوویەکم دەناشت.. لە دوورەوە کابرایەکی شەست ساڵە هات دەیویست پاڵم پێوە بنێ بۆ ناو گۆڕەکە.. منیش لەو کێشمەکێشەدا لە خەو راپەڕیم.. ئارەقەی شین و مۆرم دەرکردبوو!

ئێمە بە منداڵیی زۆرجار بۆ ئەزبەرکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە بۆ سەر گۆڕستان دەچووین.. گۆڕستانەکە کەوتبوە قەراغی رووباری ئەڵوەن.. دار بییەکان سێبەرێکی ئەفسووناوییان دروست کردبوو.. کوپەیەکی لێبوو هەمیشە ئاوەکەی سارد بوو، رۆژێکیان خوێندکارێک کە بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو و لە قوتابخانەی شەوان دەیخوێند.. (حەب)ی شەربەتی پرتەقاڵی لەگەڵ خۆی هێنابوو.. لە ئاوی کوپەکە شەربەتێکی خۆشی بۆ دروست کردین!

ئەو کاتە سەردەمێکی خۆش بوو.. تۆ ئەگەر خواردنێک یا خواردنەوەیەکت هەبووایە دەبووایە بەشی دەوروبەرەکەت بدەی.. ئەوانیش بە هەمان شێوە بەشی تۆیان دەدا، وەک ئەورووپا نییە کەس فەرموو لە کەس ناکا بە دەگمەن تێیاندا هەیە فەرموو دەکا.. یان کە دەچی بۆ گەشت لە پرێکدا پرپاسکەیەکت بۆ ئامادە دەکەن، دوو ساڵ پێش ئێستا کاتێ بۆ سەردانی خۆشکەکەت چووی بۆ ئەڵمانیا پێش ئەوەی سواری پاسکە ببی بۆ فرۆکەخانە برادەرێکی ناسیاوی ئەرویجییت کە زانیبووی لە چ کاتێک گەشت دەکەی کیسەیەکی پێدای.. تا رادەیەک حەپەسایت و سەرت سووڕما.. لە رێگا کە کردتەوە کامێرایەکی تێدا بوو لەوانەی کە یەکجار بەکاردێ لەگەڵ بابۆڵە نانێک و سێوێک و مۆزێک و دەستەیەک دەسترێ تەڕ! دەستپێشخەرییەکی چاوەڕواننەکراو بوو.. یان جاروبار لە جەژنی لە دایکبوونت لە ناکاو دیارییەکت پێشکەش دەکەن.

بە منداڵیی ئەوەندە لەسەر گۆڕستان دەماینەوە کە جاری وا هەبوو رێکدەکەوت یەکێک دەمرد ئێمە بە هەرەوەزیی گۆڕمان بۆ هەڵدەکەند.. جار هەبوو خاکەکەی نەرم بوو بە ئاسانیی هەڵماندەکەند.. جارێ واش هەبوو خاکەکەی بەردین بوو دووچاری سەختیی دەبووین، هاوڕێیەکمان هەبوو ناوی کەریم بوو بە جەستە لە ئێمە هەراشتر بوو و زۆر ئازا و دەستپێشخەر بوو.. هەمیشە ئەو قازمەی لێدەدا و ئێمە خۆڵەکەمان دەردەهێنا.. ئەو کورە وەک ئەندازیارێکی دروستکردنی گۆڕ دەهاتە پێش چاوم.. سەرەتا تا ناوکی چاڵێکی لاکێشەیی لێدەدا دواتر قۆرتێکی بارێکی لێدەدا بە شێوەیەک کە مردووەکە لەسەر لا بخرێتە ناوی.. کە مردووەکەیان تێدەخست خشتیان لەسەر قۆرتەکە دادەنا و بە قوڕ درزەکانیان دەگرت و بۆ دواجاریش خۆڵەکەیان تێدەکرد، بە منداڵیی ترسم لە مردن نەبوو.. کاتێ مردووەکە کەسوکاری نزیکی من نەبوو ئەوەندە بە لامەوە گرنگ نەبوو (ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە).. کە یەکێ دەمرد من پتر لە خەمی کەسوکارەکەی خۆمدا بووم و ئەوانم خۆشدەویست، زۆربەی ئەو منداڵانەی من لەگەڵیان بووم دەستیان بۆ کونی مار دەبرد.. دەمانویست ئەودیوی ترس تاقی کەینەوە.. هێزێکی نهێنیی لە ناخیان هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوە و سەرچڵیی، مرۆڤ تا گەورەتر بێ ترسنۆکتر دەبێ.. ئازایەتییەکانی منداڵیی دەبێتە مێردەزمە لە خەونی گەورەییدا رەنگ دەداتەوە.

بۆ رۆژی دوایی هەمان رێگات هەڵبژارد بۆ پیاسەکردن.. کاتێ لە شەقامە دوو ئاراستەکە پەڕیتەوە وەک پشیلەیەکی ترساو تەماشای ئەمدیو و ئەودیوی خۆت کرد.. لە یادەوەریی تۆدا پەڕینەوە لە شەقام سیمبۆلی ترسە.. کاتێ لە تورکیاوە دەهاتن بۆ یۆنان دەبووایە شەوان بە تیژتێپەڕیی بە رێ و شەقامەکاندا راتان بکردایە نەوەکو بەو شەوە تاریکە بکەونە ژێر تایەی ئۆتۆمبیلەکان.. دەبوایە رۆشنایی ئۆتۆمبیلەکان پێتان نەکەوێ نەوەکو پۆلیس بێ و ئاشکرا بن!

له ژیانی پێشمەرگایەتییتدا پەڕینەوە لە شەقام واتا بە سەر کەمین داکەوتن، ساڵی ٨٥ بوو ئەو کاتەی کە تەمنت ٢٢ ساڵان بوو کەوتیتە بۆسەیەکی سەختەوە لە شەقامی دۆکان لە نێوان گوندی تەلان و قەمچووغە، هەموویان پەڕینەوە تەنیا تۆ و هاوڕێیەکت بە نیوی خەبات مانەوە لە ژێر سێبەری بنکەیەکی دوژمن.. دوای نێو کاتژمێر لە هەستراگرتن گوجیلە سەگێک لە بنکەکە هاتە خوارەوە و نزیک خەبات کەوتەوە.. خەبات شەقێکی تێهەڵدا ئیدی بوو بە تەقە.. خەبات وایزانی تۆ پێکراوی.. ئیدی هەردووکتان گەڕانەوە بۆ گوندی تەلان چاوساغێکتان بە کرێ گرت بە ڕێگایەکی تر ئێوەی ئاودیوی شەقامەکە کرد.. هێزەکەی خۆتان لە گوندەکەی ئەوبەر لە مزگەوت چاوەڕوانیان دەکردن و پاشان گەیشتنەوە لای ئەوان.. کاتێ کە ئێوە پێیانگەیشتنەوە و دڵنیا بوون ترس نەما ئیدی تەنیا خەمی ئەوەیان بوو لە کاتی تەقەکردن یەکێکیان جامانەکەی جێهێشتوە.. لە پێشمەرگایەتییدا جامانە بەجێهێشتن واتای خۆی هەبوو!

وەک ڕۆژێ پێشتر لە شەقامەکە پەڕیتەوە و ڕێچگەی توولە ڕێگاکەت گرتە بەر.. لایەکی هێڵی شەمەندەفەرە و لایەکەی تری سەوزەڵان و دارستانە.. گەیشتیە ئەو شوێنەی کە دوێنی پیاوەکە چاڵەکەی لێ هەڵکەند.. هەر وەک جارانی منداڵیی هێزێکی نادیار پاڵی پێوەنای کە بڕۆی بۆ سەر چاڵەکە.. چڵەدارێک لە سەری چەقێنرابوو وەکو نیشانە.. دۆزینەوەی ئاسان بوو.. دارەکەت لادا خاکەکەی تەڕ بوو.. بە لقەدارێک کەوتیە هەڵدانەوەی چاڵەکە هەر وەک منداڵیی چۆن گۆڕت هەڵدەکەند.. بەڵام ئەو جارەیان گۆڕی شتێکی ترە و بە ئاسانیی هەڵدەکەندرێ.. ماوەی پێنج خولەکی پێنەچوو گەیشتە سەر کارتۆنەکە.. بە هەردوو دەستت کارتۆنەکەت هەڵگرت و سەرەکەیت هەڵدایەوە.. نایلۆنێکی تێدا بوو.. نایلۆنەکەت هەڵپچڕاند ملوانکەیەکی زێڕی تێدا بوو.. کارتۆن و نایلۆنەکەت بەجێهێشت و ملوانکەکەت هەڵگرت.. زۆریش دڵنیا نەبووی کە زێڕە بەڵام لە زێڕ دەچوو! دەستبەجێ نیگەرانیی ویژدان سەریهەڵدا.. لە ناخی خۆت کەوتیتە ململانێ کە ئاخۆ بۆ ئەو چاڵەم هەڵدایەوە؟ بۆ چی ئەم ملوانکەیە دەبەم؟ ئاخر ئەوە دەکاتە دزیی! قسەیەکی دایکت کەوتە بیر کە بە منداڵیی پێیگوتبووی (کوڕم ملوانکەی ماڵە دراوسێ دەبێ شەوان لە مل بکرێ!) من لەم تەمەنەدا حەزم لە ملوانکەی زێڕ نەبوو.. پێش چەند ساڵێک ملوانکەیەکی زێڕم هەبوو پێشکەشی خوشکە گەورەکەمم کرد، تازە من دەرمهێناوە.. سووچی من نییە.. سووچی ڕێکەوتە.. سووچی کاتە.. ئەگەر ئەو ئێوارەیە زەلامەکەم نەبینیایە منیش ئەو کارەم نەدەکرد.

بۆ ئێوارەی ڕۆژێ سێیەم بە مەبەستی پیاسە بە هەمان ڕێگادا ڕۆیشتی.. لە شەقامە دوو ئاراستەکە پەڕیتەوە.. دیسان توولە ڕێگاکەت گرتەبەر.. بە قەراغی هێڵی شەمەندەفەر و لەودیویشت دارستانەکەیە.. لە پڕ پیاوەکە تۆی بینی.. ئەوجارەیان لە پێشتەوە بوو.. بە هیچ شێوەیەک نەتدەتوانی ڕێگایەکی تر هەڵبژێری و خۆتی لێ لابدەی.. لە سەر چەقی ڕێگاکەت راوەستابوو.. بۆ ساتێک دڵت داخورپا.. سڵاوێکت لێکرد.. وەڵامی سڵاوەکەتی نەدایەوە.. یەکسەر گوتی: "چاڵەکەم هەڵدراوەتەوە" پێمگوت: "چاڵی چی؟" گوتی: "خۆتی لێ گێل مەکە.. تۆ هەمان ئەو زەلامەی کە ئەو ڕۆژە لە کاتی شاردنەوەی ملوانکەکەم لەوێ بوو.. تۆ هەمان قەمسەڵەی سەوزت لەبەرە و توزێکیش دەلەنگی.. پێم بڵێ بۆ چاڵەکەت هەڵداوەتەوە؟".

سەرەتا دەمویست خۆم لە گێلیی بدەم بەڵام کابرا هەموو کون و کەلەبەرێکی لێگرتم.. سەرەنجام دانم پێدا نا کە من بردوومە.. پێمگوت: "ملوانکەکە لە ژێر خاک دەرزێ باشتر نییە یەکێک بیبا و سوودی لێوەربگرێ" ئەو قسەیەمی زۆر پێناخۆش بوو و نیشانەی تووڕەیی لەسەر دەموچاوی دروست بوو و هاتە گۆ: "من نیازم هەیە لە شاردنەوەی لە ژێر خاکدا" تۆزێک هێورم کردەوە و پێمگوت: "نهێنیی شاردنەوەی چییە لە ژێر خاکدا!؟" لە وەڵامدا گوتی: "ژنێکم هەبوو مرد.. دوایی هەموو شەوێک دەهاتە خەونم.. منیش چووم بۆ لای قەشەی گەڕەکەکەمان خەونەکەی خۆم بۆ باس کرد.. ئەویش گوتی (یادگارییەکی هاوبەشتان هەیە لەو ماڵە.. برۆ لە ژێر خاکدا بیشارەوە.. منیش تەنیا

بیرم بۆ ئەو ملوانکەیە چوو و لەویّ لەژێر خاکم نا!" منیش گوتم: "دەی کەوایە من بردوومە بەڵام نەیکەیتە هەرا.. دڵنیا بە سبەی بۆتی دەگەڕێنمەوە" ئەویش شادمانیی خۆی دەربڕی و گوتی: "لە کویّ یەکتری ببینین؟" گوتم: "لای کڵێسایەکە لەسەر تەپۆڵکەکە کورسیی و مێزێکی تەختەی لێیە.. ئێوارەکەی لەویّ یەکتر دەبینین".

بۆ ڕۆژیّ دوایی ڕۆیشتم لە هەمان کات و هەمان شوێندا کابرام بینی کۆڵەپشتێکی پێبوو.. کاتیّ ملوانکەکەم دایەوە گەشایەوە.. دەستی برد لە نێو کۆڵەپشتەکەی دوو بابۆڵە نان و تورمزێکی قاوەی دەرهێنا و بابۆڵە نانێک و قاوەیەکی گەرمی دامیّ.. ئیدی کەوتە دواندنم و گوتی: "چۆن لە ئافرەت و خۆشەویستیی تێدەگەی؟" لە وەڵامدا گوتم: "لە وڵاتی خۆماندا تەنیا خۆشەویستیی ڕۆمانسییم کردووە.. لە ئەوروپا و لێرەش لە وڵاتی ئێوە تەنیا سێکسم کردووە.. لەویّ سێکس نەبوو.. لێرە خۆشەویستیی نییە!" بۆ دەمێک داما و گوتی: "تێنەگەیشتنێک لای تۆ هەیە.. خۆشەویستیی سیّ جۆری هەیە؛ یەکەمیان خۆشەویستیی ئارەزووبازییە و دووەمیان خۆشەویستیی دۆستئامێزانەیە و سێیەمیشیان خوشەویستیی سۆز و دڵسۆزانەیە" درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: "خۆشەویستیی من لەگەڵ خێزانەکەم دڵسۆزانە بوو.. بۆیە دوای مردنیش نەمتوانی لە بیری بکەم!". ئیدی دوای ئەوەی لە دەمەتەقێیەکتر تێربووین پێمگوت: "لەمەودا بە دوای خۆشەویستیی دڵسۆزانە دەگەڕێم.. بە دوای ئافرەتێکی ئاوێنەیی دەگەڕێم خۆمی تێدا ببینم.. بەڵام لەم وڵاتەی ئێوە بۆ ئێمەی بێگانە زۆر سەختە متمانەی ئافرەت وەدەستبهێنین گەرچی ئێستا چەند کوردێک دەناسم هاوسەرەکانیان نەرویجیین!".

٢٠١٢\١٠\١٦ - نەرویج

## ناوم پێستە.

من سەرەتا لەپانتایی جەستەی مامزێکدا بووم.. وەرزەکە بەهار بوو و گژوگیا زۆر بوو.. مامزەکە بە ئارەزووی خۆی دەلەوەڕی کە تێر دەبوو لە کانیاوە سازگارەکان ئاوی دەخوادەوە.. لەگەڵ هاوەڵەکانی ڕەویان دەکرد.. بەڵام ڕۆژێک شکارچییەکی لێ پەیدا بوو، بە گوللەیەک مامزەکەی کردە نیچیری خۆی و منی لە جەستەی مامزەکە داماڵاند.. گۆشت و ئێسکەکەی پارچە پارچە کرد بەڵام منی بە یەکپارچەیی هێشتەوە تەنانەت کونیشی تێنەکردم.. سەرەتا خوێی پێوەکردم و لە بەر ڕۆژ هەڵیخستم هتا وشک بوومەوە.. ئەوجا منی برد بۆ بازاڕ و فرۆشتمی، کەوتمە دەست بازرگانێکی چاوچنۆک.. ئیشی سەرەکیی ئەوەبوو پێستە بە نرخی هەرزان بکڕێ و بەکۆمەڵ بیانفرۆشێتەوە.. لەگەڵ کۆمەڵێک پێستەی دیکە براین بۆ کارگە.. لێرەدا من ناتوانم سەرەگوزشتەی پێستەکانی دی بگێڕمەوە.. تەنیا چارەنووسی خۆم لە بیرە.. لە کارگە جارێکی دیکە خراینەوە ئاو و خوێوە.. بە دار کەوتنە گیانم تا خۆشیان کردم.. ئەوجا منیان ڕەوانەی کارخانەی تۆپ دروستکردن کرد! کۆمەڵێک ئافرەتی نیمچە ساغ لەو کارخانەیەدا ئیشیان دەکرد.. بە پێی نەخشەی هەر دەستەیەک ئیشی دیارکراویان هەبوو بەڵام هەموو ڕۆژی کاتژمێر نۆ بۆ ماوەی چارەکێک وەرزشی جەستەیان دەکرد.. ئافرەتێکی باڵا بەرز مامۆستایان بوو.. ڕۆژێکیان چرپاندی بە گوێمدا و گوتی: "تەمەنم چل ساڵە.. تا ئێستا پیاوم نییە.. بەڵام کچێکم هەیە تا رادەیەک پێداویستییەکانی ژیانمی پڕکردۆتەوە!

دوای کاتی وەرزش ئافرەتێک بە قەیچی کەوتە گیانم.. بە شەش گۆشەیی پارچە پارچەی کردم.. ئافرەتێکی دیکە پارچەکانمی بە قەد یەکەوە دووری.. تۆپێکی خڕیان لێ دروست کردم.. خرامە کۆگەیەکەوە کە پڕ بوو لە تۆپ.. بازرگانێک هات چاوی پێداخشاندین و کەوتە مامەڵەکردنمان سەرکاری کۆگایەکە.. هەندێک لە تۆپەکان بۆنی گیای تەڕیان لێدەهات.. ئیدی براین و دابەش کراین بە سەر ئەو دوکانانەی کەلوپەلی وەرزشیی دەفرۆشن بەڵام ئەو دوکاندارەی منی لا بوو وردەواڵەی زۆری هەبوو تەنانەت ئاوی پوونگ و زەعزور و مزراحی منداڵانیشی هەبوو، لە بیرمە هەینی بوو مامۆستایەک هات و من و هاوەڵێکمی کڕی و بردینی بۆ قوتابخانەیەکی دوور دوور لە شارستانیەت و لە یەکسانیی.. لەبەرئەوەی دەرەبەگێک دەسەڵاتدار بوو لەو گوندە.. لە ژووری وەرزش زیندان کراین.. تەنیا لەوانەی وەرزشدا ئازاد دەکراین.. منداڵەکان بەپێی توانا شاپیان تێهەڵدەداین.. دواتریش دەخراینەوە کونجی تاریکیی ژوورەکەوە، قوتابخانەکە ئاوی نەبوو.. کابرایەکی پیر هەبوو بە کەر و جلیکان لە ڕووباری گوندەکە سبەینان زوو زوو پێش ئەوەی ڕووبارەکە پیس ببێ ئاوی بۆ قوتابخانەکە دەهێنا.. بۆیە کلیلی قوتابخانەکە لای کابرای ئاوهێنەر بوو.. ئەو کابرایە کوڕێکی هەبوو لە پۆلی پێنجەم بوو.. زۆر بزێو بوو و حەزیشی لە تۆپی پێ دەکرد.. ڕۆژێکیان کەلکەلەی ئەوەی کەوتە سەری کە کلیلەکە لە باوکی بدزێ.. ژووری وەرزشی کردەوە و منی دزی! خستمیە ژێر کراسەکەیەوە.. بۆن ئارەقەی جەستەی دەهات.. ئاخر وەک من بزانم خانەوادەکانی ئەو گوندە ئەوەی دایکی هەبووایە هەفتەی جارێک دەیانشووشتن یان بە هاوینان لە ڕووبارەکە مەلەیان دەکرد.. بەڵام ئەو کوڕە لەمێژ بوو دایکی مردبوو.. تەنانەت ڕۆژێکیان مامۆستا شانەیەکی هێنا کە قژی وی پێ داهێنا چەند ئەسپێیەک بەربوونەوە سەر پەڕاوەکانی! ئەو کوڕە منی بە پەلەپڕووزێ برد بۆ ماڵەوە.. لە حەوشەکەیاندا منی دانا.. تیشکی خۆر زۆر بەهێز بوو.. زۆر حەزی لە قسەکردن بوو بۆیە کەوتە دواندنم و پێیگوتم: "ئەی تۆپی تازە و جوان.. تۆ تاک و تەنیای.. منیش بێ دایکم.. ڕاستە من تۆم دۆزیوەتەوە ببورە دزیوە بەڵام ناتوانم پاریزگارییت لێبکەم.. لەوانەیە مامۆستای وەرزش گومانم لێبکا و بزانی.. ئەوجا لە قوتابخانە تڕۆ بکرێم.. باشترین هەنگاو ئەوەیە بتفرۆشم.. خەڵکی گوند تێکرایان هەژارن کەس نابینمەوە پارەیەکی باشم بداتێ و دڵم ڕازیی بکا.. تەنیا کوڕی کوێخا لە مێشکم دایە و ئەو خۆشی حەزی لە تۆپی پێیە.. منی لە ماڵ شاردەوە و خۆی چوو بۆ دەرەوە.. زۆر چاوی گێڕا تا کوڕی کوێخای دۆزییەوە.. یەکسەر پێیگوت: "شتێکم دەستکەوتووە تۆ زۆر

حەزت لێیە بەڵام دەبی بەڵێنم پێبدەی لای کەس نەیدرکێنی کە لە منت کڕیوە.. هەروەها تۆ وەکو من نی.. تۆ کوڕی گەورەی گوندی.. مامۆستای وەرزشیش ناتوانێ لێت بسەنێتەوە.. دوایی ئێوە پارە و شتتان هەیە.. دەتوانی بڵێی من لە بازاڕ کڕیومە.. کوڕی کوێخا گوتی: "کەواتە تۆپە.. دەبێ پێم بڵێی بە چەند دەیفرۆشی" ئەویش گوتی: "نیو دینار" کوڕی کوێخا پێیگوت: "کورە بڕۆ هەی نەدیوبدیی.. چارەگە دینارێک بەسە!"

کوڕی کوێخا منی کڕی و بردمی بۆ حەوشەکەیان.. حەوشە نەبوو کاروان سەرا بوو.. بۆ دەمێک شەق شەقانێی پێکردم.. وەک کۆیلەیەکی بێ ئاسۆ چێژم لە ئازارەکانی خۆم وەردەگرت.. پێموایە کوڕە هەژارەکان ماسۆشیین و کوڕە زەنگینەکانیش سادیین! کە ماندوو بوو.. منی خستە ژێر خۆیەوە و لەسەرم دانیشت.. منی لەبن خۆی دەهێنا و دەبرد.. پێدەچوو بیەوێ خۆی ڕەحەت بکا بەڵام تڕێکی لێبەربوو! باش بوو زوو لەسەرم هەستا ئەگینا بۆنی تڕی کوڕە کوێخا دەیکوشتم! ماڵی کوێخا گەوەرێکی گەورەیان هەبوو.. منی فرێدایە نێو گەوەڕەکەوە.. بۆن تەپاڵەی مانگا دەهات.. سەرەتا پێی وەڕس بووم بەڵام دوایی لێڕاهاتم.. ڕوانیمە ماڵی کوێخا وەکو قەڵای جەنگ دەهاتە بەر چاوم.. خانوو و دیواری ماڵەکەی بە خشتی سوور دروستکرابوون بەڵام خانووی ماڵەکانی تر لە قوڕ دروستکرابوون.. لە ناخمدا دەنگێک پێیگوتم ئەو ماڵەی کوێخا وەکو پیرامیدەکانی میسر لە جیزە وایە و بە ڕەنجی هەژاران دروستکراوە ئەوانەی کە تەنیا بە پیاز و خورما ژەمەکانیان بەڕێ دەکەن! شوێنی حەسانەوە و خەومم لە گەوەڕەکە بوو هەر وەک ئەو نیمچە دێوانانە کە لە باغەکانی کوێخا ئیشیان دەکرد و لە گەوەڕ دەنوستن!

ڕۆژێکیان کوڕی کوێخا منی برد بۆ گۆڕەپانی گوندەکە.. هاوتەمەنەکانی لێ خڕبوونەوە.. ماوەیەک بە فیزەوە لەبەردەم منداڵەکانی دی یاری بە من کرد.. نەیهێشت کەسی دیکە دەستی پێمبکەوێ یان شاپم تێهەڵدا.. یەکێ لە منداڵەکان هاواری لێهەستا و گوتی: "ها.. ئەوە تۆپی قوتابخانەکەیە" کوڕی کوێخا یەکسەر بە هەڵچوونێکەوە تووڕەبوو و پێیگوت: "گوو بخۆ.. جارێکی دی ئەو قسەیە نەکەی" دوای چەند ڕۆژێک مامۆستای وەرزش زانی من دزراوم و لای کوڕی کوێخام.. بەڵام مامۆستای وەرزش لە خۆی دەترسا؛ نەیتوانی ڕاستەوخۆ کوڕی کوێخا تۆمەتبار بکا چونکە پێشتر بە بەر چاوی مامۆستاوە دارودەستەکەی کوێخای گوند گەلەکۆمەیان لە چەند کەسێک کردبوو بە بیانووی جۆراوجۆر زۆریان تێهەڵدابوون تەنانەت چەند جێیەکیان شکاندبوون و خەڵتانی خوێنان کردبوون!

لەبەرئەوەی نیوەی گوندەکە خزمی پلە دووی کوێخا بوون و نیوەکەی دیکەش لە ژێر ڕکێفی ئەواندا بوون! ئەگەر کوێخا بیگوتبایە ماست ڕەشە دەبایە ئەوانیش بڵێن ڕەشە.. کەس نەیدەتوانی لە قەڵەمڕۆی کوێخا یاخیی ببێ.. کوێخا پێیەکی لە نێو شۆڕش بوو پێیەکەی دیکەشی لە نێو ڕژێم.

منیش سەرەتا وەک پێستەیەک دوایی وەک تۆپێک.. هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو! تەنیا یادەوەریی نێو مێشکم دەنووسمەوە؛ ئیدی دوای کاتی قوتابخانە بە دوو سێ کاتژمێرێک کوڕی کوێخای گوند منی وەک تۆپێک هێنا دەرێ و منداڵەکان لێی کۆبوونەوە.. کوڕی کوێخاش بە ئارەزووی خۆی و بە هەوای دڵ یارییکەری هەڵدەبژارد.. سەرەتا لە خزمەکانی خۆی هەڵیدەبژاردن دواتر ئەگەر پێویستی بکردبایە قەڵەندەرێکی بێکەسیشی دەخستە یاریەکەوە.. ڕۆژێکیان منداڵێکی هەژار زۆر حەزی لە یاری بوو.. چەند کۆششی کرد کە ئەیش یاریی بکا بەڵام کوڕی کوێخا ڕازیی نەبوو.. نازانم بۆ ڕقی لەو منداڵە دەبۆوە؟! دوایی گوتیان ئەوە قوتابییەکی زیرەکە ئیرەیی پێ دەبەن.. ئەو منداڵە ئەگەر بچووبایە بۆ یارییش پەڕتووکێکی قوتابخانەی پێدەبوو و چاوی پێدا دەخشاند.. ئەو ڕۆژەش پەڕتووکێکی پێبوو بە دڵشکاویی لە دەرەوەی گۆڕەپانەکە دانیشت.. بە تاسەوە سەیری یارییەکەی دەکرد.. لەو دەمەدا زۆر خۆی بە نامۆ هاتە پێش چاو و لە کانگەی دڵەوە دەیگوت گوناهی من چیبوو لەم گوندە لە دایک بووم تەنانەت باوکیشم لە بنەڕەت پەیدابووی لێرە لە دایک نەبووە.. ئەی بۆ چی چارەنووسی ئێمەی تووش کرد!

**ئەو رۆژەی کە یارییان دەکرد رووباری گوندەکە وشک ببوو.. چلّکاوی مالّانی پێدا دەڕۆیشت.. یەکێ لە یارییکەرەکان شاپێکی لێدام و کەوتمە نێو چلّکاوەکەوە.. ئای کە بۆنێکی ناخۆشی هەبوو.. سیانێکی رەنگ مۆری خولّەمێشیی قەترانیی بوو! کوڕی کوێخا بەو مندالّەی گوت - کە لە دەرەوەی گۆڕەپانەکە پەرتووکێکی بە دەستەوە بوو - : "برۆ تۆپەکە بهێنەوە" ئەویش گوتی: "لە نێو سییانەکەیە.. چۆن بیهێنمەوە؟!" کوڕی کوێخاش یەکسەر زللەیەکی خێواندە روومەتی و پەرتووکەکەشی لێ دڕاند!**

**پەرتووکەکەی دەستی مێژوو بوو.. مندالّەکە شەرمیی لە خۆی کردەوە و زۆر وەسەرخۆیدا شکایەوە.. ئاخر لە لایەک نەیانهێشتبوو یاری بکا و خۆی بە کەم دەهاتە پێش چاو.. لە لایەکی دی لە رووی فیزیکییەوە زللەیەکیان لێدابوو ئەوە سەرەڕای ئەوەی پەرتووکەکەیان لێ دڕاندبوو.. ناچار بەرەو مالّ گەڕایەوە.. کە چاوی بە دایکی کەوت دەستی کرد بە گریان.. بە دەم گریانێکی بە کولەوە بە دایکی گوت: "کوڕی کوێخا لێیدام و پەرتووکەکەی لێ دڕاندم" دایکیشی لەسەرەخۆ گوتی: "کوڕم وسبە.. ئێمە دەسەلّاتی ئەوانمان نییە.. دەبێ بێدەنگیی هەلّبژێرین" مندالّەکە سەراپا گیانی بوو بە دلّەڕاوکێ.. چۆن سبەی بچێ بۆ قوتابخانە و پەرتووکەکەشی دڕاوە.. بە هەر جۆرێک بوو سبەینەکەی مامۆستای مێژووی تێگەیاند.. لەو بڕوایەدا نەبوو مامۆستای مێژوو ئەوەندە میهرەبانانە بە دەنگیەوە بێ.. مامۆستا پێیگوت: "کوڕم ئەوان ئەمرۆ دەسەلّاتیان هەیە و وەک تۆپ شەق شەقانێ بە مێژوو دەکەن بۆیە لە خۆشیان رادەبینن و لە دەستیشیان دێ پەرتووکی مێژوو بدڕێنن بەلّام کوڕم سوڕ بزانە مێژوو لە کەس خۆش نابێ بە تایبەتی ئەوانەی ستەم و زورداریی دەکەن.. رۆژێک دادێ ئاتاریان بە سەر پاتاریانەوە نامێنێ.. ئیدی خەلّک بە ئازادیی و یەکسانیی و خۆشەویستیی دەژین.. لەبری نەفرەت کەسەکان رێزی یەکتر دەگرن! ئیدی کەس لەبەر هەژاریی دزیی ناکا و کەسیش لەبەر نەداریی لە کایەکانی ژیان دەرناکرێ.. لەبری سیان و چلّکاو ئاوی سازگار بە رووبارەکاندا دەڕوا و یاسایەک دەردەچێ پاریزگاریی لە ئاژەلّە بێگوناهەکان بکا و ئیدی هیچ راوچییەک ناتوانێ مامزەکان راو بکا کە دەبنە هێمای جوانیی بۆ چیا سەر کەشەکانمان و تێکڕای سروشت!**

---

**- تەکنیکی ئەم چیرۆکە لە رۆمانی (ناوم سوورە)ی (ئورهان پاموک) وەرگیراوە.**

**نەرویج**

# چیرۆکی دارتاشەکە.

**- وەرگێڕان لە عەرەبییەوە -**



ئۆسنە سیرستاد

مەنسوور بەرەو پەرتووکخانەکەی باوکی رادەکا، زەرفێکی بچووکی نامەی بە دەستەوەیە "سەد پۆستکارت".. دەڵێ: "پەکوو.. دەیویست سەد پۆستکارتمان لێ بدزێ" دەموچاوی ئارەقە دەردەدا.. بەشی دوایی رێگایەکەی بە راکردن بڕی، باوکی هاوکات لەگەڵ ئەوەی ژمێریارەکەی لەسەر مێزەکە دانا و ژمارەیەکی لە پەڕاوی ژمێریارییەکە نووسی و دەیروانیە کوڕەکەی.. لێیپرسی: "کێ؟".

کوڕەکەی گوتی: "دارتاشەکە".

سولتان بە سەرسوڕمانەوە لێیپرسی: "دارتاشەکە.. تۆ دڵنیای؟".

بە لەخۆباییبوونێکەوە وەک ئەوەی لە دەستی مافیایەکی ترسناک رزگاری کردبێ کوڕە ئەسمەرەکە بۆ باوکی دووپات دەکاتەوە سەد پۆستکارت و دەڵێ: (کاتێ دەیویست بڕوا شەرمن و شپرزە بوو.. لەبەرئەوەی دوا رۆژی بوو بیرم نەکردەوە دەگاتە ئەو رادەیە، پرسیاری لێکردم ئەگەر کارێکی دیکە هەبێ بۆتانی ئەنجام بدەم.. گوتی: "پێویستم بە کارە" گوتم: "دوایی وەڵامت لێ دەگێڕمەوە" دوای هەموو شتێک تاخلچەکانی دانا، دوایی لە گیرفانی بەروانکەکەیدا چاوم بە شتێک کەوت.. لێم پرسی: "ئەوە چیە؟" بە شپرزەییەوە گوتی: "چی؟" گوتم: "ئەوەی لە گیرفانت دایە" گوتی: "بۆ خۆم هێناومە" گوتم: "پیشانم بدە" پیشانی نەدام.. منیش زەرفەکەم لە گیرفانی دەرهێنا، ئەوەتە لە بەردەمت دایە، بە نیاز بوو سەد پۆستکارتمان لێ بدزێ.. بەڵام پلانەکەی سەری نەگرت.. باش چاودێرییم کرد).

مەنسوور چیرۆکەکەی رازاندەوە ئەگینا لە کاتی دانیشتندا وەک هەمیشە خەوی لێدەکەوت بەڵام کاتێ جەلالەدین بە نیازی رۆیشتن بوو لە راستیدا (عبدور - ئەو کوڕەی کە دوکانەکە خاوێن دەکاتەوە) دارتاشەکەی گرت، عبدور دارتاشەکەی بینی کە پۆستکارتەکانی برد.. پێیگوت: "ئەوەی لە گیرفانت دایە ناتەوێ پیشانی مەنسووری بدەی؟" بەڵام جەلالەدین بەردەوام بوو لەسەر رۆیشتن، ئەو کوڕەی دوکانەکە پاک دەکاتەوە کەسێکی هەژارە لە خێڵی (هەزاز) و لە رووی بنەچەی رەگەزییەوە خوارترین پلەی کۆمەڵایەتییان هەیە لە کابول.. زۆر کەمدووە.. گوتی: "ئەوەی لە گیرفانت دایە پیشانی مەنسووری بدە" کاتێ بانگی دارتاشەکەی کرد ئیدی لەو دەمە مەنسوور کەوتە خۆی و پۆستکارتەکانی لە گیرفانی جەلالەدین دەرهێنا، وا ئێستاش دەیەوێ ئافەرین لە باوکی وەرگرێ.. بەڵام سولتان بە هێمنیی بەستەیەک کاغەز هەڵدەداتەوە و دەڵێ: "ئێستا لە کوێیە؟".

گوتی: "ناردمەوە بۆ ماڵەوە، پێمگوت بە ئاسانیی لێی دەرباز نابێ".

❊ ❊ ❊

**سولتان بێ دەنگ دەبێ.. بیری دەکەوێتەوە کاتێ کە دارتاشەکە هات بۆ لای لە پەرتووکخانەکە خەڵکی هەمان گوند و دراوسێ بوون.. جەلالەدین لەوان رۆژانەوە تا ئێستا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، وەک داردەست باریکە و دوو چاوی گەورەی ترسنۆکی دەرپەڕیوی هەیە.. لەوانەیە ئێستا لاوازتر بێ لە چاو جارانیەوە.. وێڕای ئەوەی چل ساڵی تێنەپەڕاندوە بەڵام بڕبڕەی پشتی چەماوەتەوە، بنەماڵەی جەلالەدین هەژارن بەڵام جێگای رێزن.. باوکیشی دارتاش بوو بەڵام لەو ساڵانەی دوایی چاوی کز بووە و چیتر ناتوانێ کار بکا.**

**سولتان شادمان بوو بەوەی ئیش بە جەلالەدین راسپێرێ.. لەبەر ئەوەی زیرەک بوو لە ئیشەکەیدا، سولتان پێویستی بە تاخلچەی نوێ هەبوو.. تا ئێستاش پەرتووکەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی دانراون.. دەکرێ راستەوخۆ لە سەرەوە بۆ خوارەوە دابندرێن و لەسەر بڕبڕەی پشتی پەرتووکەکان ناوەکانیان بخوێندرێتەوە، پەرتووکەکانی لەسەر تاخلچەی قەد دیوارەکان داندرابوون.. هەندێ سندووقی سەربەخۆی پەرتووکیشی هەبوو.. بەڵام ئێستا پێویستی بە تاخلچەیە تا بە شێوەیەکی دروست پەرتووکەکانی بخاتە روو.. پێویستی بە تاخلچەی خوار هەیە تا بە تەواویی بەرگی پەرتووکەکانی بکەوێتە بەر چاوی تەماشاکەران وەک پەرتووکخانەکانی رۆژئاوای لێبێ، کرێی رۆژانە لەسەر پێنج دۆلاری ئەمەریکایی رێککەوتن، لە رۆژی دوایی جەلالەدین گەڕایەوە.. چەکوش و راستە و بزمار و هەندێک تەختەی پێ بوو، ژووری پشتەوەی کۆگا بوو.. بووە شوێنی ئیشکردنی جەلالەدین.. بە درێژایی رۆژ بزمار دەکوتێ.. هەر چواردەوری تاخلچە و پۆستکارتن، پۆستکارت سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی سولتانە.. خۆی دەچێ بۆ پاکستان و لەوێ چاپی دەکا و دواتر بە قازانجێکی زۆر دەیفرۆشێتەوە، سولتان هەمیشە ئەو وێنانەی هەڵدەبژارد کە حەزی لێیەتی.. بە بێ ئەوەی بیر لە پارەی وێنەگر یان وێنەکێشەکە بکاتەوە.. هەر کە وێنەیەکی بینی یەکسەر دەیبا بۆ پاکستان و سەرلەنوێ چاپی دەکاتەوە، هەندێک وێنەگر بێ بەرانبەر وێنەی پێ دەدەن، پۆستکارتەکان بە باشیی دەفرۆشرێ.. باشترین کڕیاری ئەو سەربازانەیە کە سەر بە هێزەکانی نێودەوڵەتیی پاراستنی ئاشتیین.. سەربازەکان لە کاتی سووڕانەوەیان لە نێو کابولدا سەردانی پەرتووکخانەکەی سولتان دەکەن بە مەبەستی کڕینی پۆستکارت، کارتەکان بریتین لە وێنەی ئافرەتان کە (بۆرکا)یان پۆشیوە.. منداڵان لەسەر زرێپۆشەکان یاریی دەکەن.. شاژنەکانی رۆژانی رابردوو کە جلی ئاواڵەیان پۆشیوە.. پەیکەرەکانی بوودا لە بامیان پێش ئەوەی تالیبان بیانتەقێنێتەوە..ماینی بۆزکاشی.. منداڵ لە جلوبەرگی نیشتمانیی نەریتییدا.. دیمەنی سروشتی وشک.. کابول لە پێشاندا و کابول لە پاشاندا، سولتان وریا بوو لە هەڵبژاردنی وێنە، سەربازەکان ناچنە دەرەوە ئەگەر بەستەیەک پۆستکارت نەکڕن.**

**کرێی رۆژانەی جەلالەدین دەکاتە بەهای تەواوی ١٥ پۆستکارت، پۆستکارتەکان لە ژووری پشتەوە دانراون.. سەدان پۆستکارت لە هەر وێنەیەک لە نێو جانتا یان لە دەرەوە دانراون.. بە لاستیق پێچراون یان بە ئاواڵەیی لەو گۆڕە دایە.. لە نێو سندووقی کارتۆن و لەسەر تاخلچەکان دانراون.**

**دەڵێ "سەد پۆستکارت" لەگەڵ بیرکردنەوەیدا سولتان گوتی: "تۆ پێتوایە ئەوە یەکەم جاری بێ؟".**
**"نازانم گوتی دەمویست پارەکەی بدەم بەڵام بیرم چوو".**
**"بەڵێ لەوانەیە بیەوێ بڕوای پێ بکەین".**
**"دەبێ کەسێک داوای لێکردبێ بیدزێ".**
**مەنسوور گوتی: "ئاوەها بەو رادەیە زیرەک نییە جارێکی تر بیانفرۆشێتەوە.. بە دڵنیاییەوە نەیدزیوە تا بە دیواردا هەڵیواسێ".**

**سولتان جنێو دەدا.. کاتەکەش زۆر نییە تا بایی ئەو گرفتە بکا.. لە ماوەی دوو رۆژدا دەبێ گەشت بۆ ئێران بکا، ماوەیەکە ئەوە بۆ یەکەم جارە ئاوەها بەو شێوەیە ئیشی زۆر بێ و پێویستە بیکا بەڵام دەبێ پێش هەموو شتێ لەگەڵ ئەم گرفتەیدا مامەڵە بکا.. هەرگیز کەس ناتوانێ دزیی لە سولتان بکا و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ.**

**سولتان گوتی: "چاوت لە پەرتووکخانەکە بێ.. دەچم بۆ ماڵەوەیان.. دەبێ لەم مەسەلەیە بپێچینەوە تا بنی مێخەکە دەردەکەین" رەسولی زاوای لەگەڵ خۆی دەبا و دەرۆن بۆ گوندی (دیە خودایداد).. رەسول بە باشی دارتاشەکە دەناسێ.**

**ئۆتۆمبێلەکە رێگای گوند دەبڕێ و دەچێتە ژوورەوە.. تەپۆتۆز دوای خۆی جێدەهێڵێ.. دەگەنە ئەو کۆڵانەی کە دەچێ بۆ ماڵی جەلالەدین.. سولتان بە رەسول دەڵێ: "بزانە.. پێویست ناکا کەس ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بێ.. پێویست ناکا هەموو بنەماڵەکەی ریسوا بن".**

**دوکانی گوندەکە کەوتۆتە گۆشەیەکەوە لەوێ کۆڵانەکە دەڕوا بۆ ماڵی جەلالەدین.. لای دوکانەکە کۆمەڵێ پیاو راوەستاون لە نێویاندا فایز وەستاوە کە باوکی جەلالەدینە.. پێشوازییان لێدەکا و دەستی سولتان دەگوشێ و باوەشی پێدا دەکا.. بە خۆشنوودییەوە پێیان دەڵێ: "فەرموون پیاڵەیەک چا بخۆنەوە" وا دیارە شتێک دەربارەی پۆست کارتەکان نازانێ، پیاوەکانی تریش حەز دەکەن سولتان بدوێنن، ئەو پیاوە لە ژیاندا لە هیچەوە تەگبیری خۆی کرد تا رادەیەک سەرکەوتنی بە دەست هێنا.**

**سولتان گوتی: "ئێمە جگە لە چاوپێکەوتنی کورەکەت هیچی ترمان ناوێ.. دەتوانی بیدۆزیەوە؟" پیاوە پیرەکە دەڕوا و لە کاتی گەڕانەوەیدا کورەکەی بە دواوەیەتی، جەلالەدین بە ترس و لەرزەوە تەماشای سولتان دەکا، سولتان دەڵێ: "ئێمە لە دوکان پێویستمان پێتە.. دەتوانی بۆ ماوەیەک لەگەڵماندا بی؟" جەلالەدینیش ئامادەی رازیبوونی بۆ دەکا، کاتێ کە دەڕۆن باوکەکە پێیان دەڵێ: "جارێکی دی وەرنەوە بۆ چایخواردنەوە".**

❊ ❊ ❊

**سولتان بە رەفیی دەڵێ: "هۆی سەردانەکەمان دەزانی؟" کاتێ کە هەردووکیان لە خانەی پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبوون و رەسولیش لێیدەخوڕی، ئێستاش لە رێگا دان بەرەو ماڵی مردزجانی پۆلیس کە برای بریکارە و بریکاریش زاوای سولتانە، "تەنیا دەمویست سەیری پۆستکارتەکان بکەم و بیانگەڕێنمەوە شوێنی خۆیان.. دەمویست پیشانی منداڵەکانمی بدەم وێنەگەلێکی جوانن" دارتاشەکە خۆی لە گۆشەکە ناوە و شانەکانی دەلەرێنێتەوە.. هەردوو دەستی خستۆتە ناو یەک و لە نێو لاقانی ناوە.. جار نە جارێکیش نینۆکی دەچەقێنێتە پەنجەکانی و بە پەلە قسان دەکا و بە توڕەییەوە دەڕوانێتە سولتان.. سولتانیش لەسەر کوشینەکە دانیشتووە و بە هێمنیی پرسیارباراانی دەکا:**

**"دەمەوێ ژمارەی ئەو کارتانە بزانم کە بردووتە".**
**"جگە لەو کارتانەی کە دیوتانە.. هیچی ترم نەبردووە".**
**"بڕوات پێ ناکەم".**
**"راستییت پێ دەڵێم".**
**"ئەگەر دان بەوەدا نەنێی کە زۆرترت بردووە پۆلیست لێ ئاگادار دەکەمەوە".**

دارتاشەکە پەلاماری دەستی سولتان دەدا و ماچبارانی دەکا.. سولتانیش دەستی دەکشێنێتەوە.
"واز لەم رەفتارە هیچە بێنە.. خۆت گێل مەکە".

"سوێند بە خوا و بە شەرەفم جگە لەوانە کارتی دیکەم نەبردووە.. مەمخەرە زیندانەوە تکات لێدەکەم.. پارەکەیت دەدەمێ، من پیاوێکی بە شەرەفم.. بمبورە.. بێ ئەقڵ بووم بمبورە، هەفت منداڵم هەیە.. دووان لە کچەکانم بە دەستی گۆجیی منداڵانەوە دەناڵێنن.. خێزانەکەم زگی هەیە.. هیچمان نیە بیخۆین.. منداڵەکانم بە دەست برسێتییەوە دەناڵێنن.. هاوسەرەکەم هەموو رۆژی دەگرێ لەبەرئەوەی داهاتەکەم تێری هەموومان ناکا.. لەسەر پەتاتە و سەوزەی کولاو دەژین.. تەنانەت پارەی برنجمان نییە.. دایکم پاشماوەی نەخۆشخانە و چێشتخانەکان دەهێنێتەوە.. هەندێ جاریش چێشتخانەکان پاشماوەکانیان فرۆشتوە.. لەو رۆژانەی دوایی تەنانەت نانیشمان نییە.. هەروا من نانی پێنج منداڵی خۆشکەکەم دەدەم لەبەرئەوەی مێردەکەی بێکارە.. منیش لەگەڵ باوک و دایکێکی پیر و داپیرەم دەژیم".

سولتان دەڵێ: "ئەوە لای خۆت ماوەتەوە.. دانی پیا بنێ کە زۆرت بردووە.. بەو شێوەیە ناکەوێتە زیندانەوە".

بەڵام دەمەتەقەکە لە بازنەیەکدا دەسوورێتەوە؛ دارتاشەکە هەژاریی خۆی دەردەخا.. سولتانیش دەیەوێ ئەو دان بەوەدا بنێ کە کارتی زۆری دزیوە هەروا دەیەوێ بزانێ فرۆشتویەتی بە کێ.

شاری کابولیان تێپەڕاند.. جارێکی تر گەڕانەوە بۆ گوند.. رەسول لێخوڕی ئۆتۆمبێلەکەیە.. رێگایەکە قوڕ و چڵپاوە، خەڵکەکە پەلەیانە دەیانەوێ پێش رۆژئاوا بگەنە ماڵەوە.. چەند سەگێکی بەرەڵلاش شەڕیان لەسەر ئێسک و پرووسک دەکرد.. منداڵان بە پێ پەتیی رادەکەن.. ئافرەتێکیش خۆی پێچاوەتە (بۆرکا)وە و هاوسەنگیی خۆی لە پشتی پایسکلی مێردەکەی راگرتووە.. پیاوێکی پیریش عەرەبانەیەکی پرتەقاڵ پاڵدەنێ و بە هۆی باران بارینی ئەو رۆژانەی دوایی پێی قوڕاوی بووە.. رێگا خۆڵینەکە بۆتە شادەماری میز و زبڵ و پاشماوەی ئاژەڵەکان کە باران لە کۆڵانەکانەوە راپێچیان دەکا بەرەو رێگایەکە، رەسول لە بەرانبەر دەرگایەک رادەوەستێ.. سولتان پێیدەڵێ برۆ لە دەرگایەکەی بدە، مردزجان دێتە دەرەوە و دوای سلاوکردن داوایان لێدەکا بچنە ژوورەوە.

کاتێ پیاوەکان بە قالدرمەکەدا سەرکەوتن گوێبیستی خشەخشی هێمنی تەنوورەی ئافرەتان دەبن.. ئافرەتانی ماڵەکە خۆیان دەشارنەوە.. هەندێکیان لە پشتی دەرگایە نیوەکراوەکە رادەوستن.. منداڵێکی بچووکیش بە تیلەی چاو لە درزی دەرگایەکەوە دەڕوانێ ئاخۆ بەو درەنگەشەوە ئەو میوانانە کێ بن.. ئافرەتەکان جگە لە کەسوکار نابێ یەکێکی دی چاویان پێبکەوێ.. منداڵە گەورەکان چای بۆ میوانەکان دەهێنن کە دایک و خوشک لە ناندینەکە ئامادەیان کردووە.

مردزجان بە چوارمەشقیی دانیشتووە و دەڵێ: "باشە" جلی تونیکی نەریتیی و شەرواڵێکی لنگ بەرینی لەبەرە، ئەو جلەی کە تالیبان خەڵکی ناچار دەکرد لەبەریکەن.. مردزجان حەزی لەو جل و بەرگەیە.. باڵای کورت و قەڵەوە لە نێو جل و بەرگی بەرین هەست بە حەسانەوە دەکا.. بەڵام ئێستا بە هۆی ئێشەکەیەوە دەبێ جلێک لەبەرکا کە حەزی لێی نییە ئەویش جلی کۆنی فەرمیی پۆلیسی ئەفغانییە.. پێش هاتنی تالیبان لە نێو دولابەکەی هەڵیواسیبوو.. ئەو جلە تا رادەیەک تەسک بوو لەبەر خاوەنەکەیدا هەروا قورسیشە.. وەک ئەوەی تەنیا تایبەت بێ بە زستان.. لە پاشماوەی چنینی ناوخۆ بەرهەم هێندرابوو.. ئەو جلە لەسەر مۆدەی رووسیی دروست کراوە.. پتر بۆ سیبریا دەشێ لەوەی بۆ کابول.. لە رۆژانی بەهار کە پلەی گەرما دەگاتە ٨٥ پلە مردزجان لە رێگای چوونی بۆ ئیش ئارەقە دەرددا.

سولتان بە پەلە هۆی سەردانەکەیان روون دەکاتەوە.. مردزجانیش لێدەگەڕێ هەر یەکەو بە نۆرەی خۆی قسە بکا وەک ئەوەی قسەکانیان بەراورد بکا.. سولتان لە تەنیشتیەوە دانیشتووە.. جەلالەدینیش لە بەرانبەریدا.. مردزجان بە هێمنی و تێگەیشتنەوە سەریان بۆ دەلەقێنێ.. گوێ بۆ قسەکانیان رادەدێرێ.. چای بۆ سولتان و جەلالدین دەهێندرێ هەروا شیرینی (توفی) کە بە کەرە دروستکراوە لە بەردەمیان دادەنێن.. ئەوانیش خەریکی قسەکردنن.

مردزجان دەڵێ: "لە بەرژەوەندیی خۆت دایە وا باشترە ئەم کێشەیە یەکلا بکەیتەوە.. نەڕۆین بۆ پۆلیسی راستەقینە".
جەلالەدینیش دەڕوانێتە زەوییەکە و دەستی خۆی دەگوشێ و قسەیەک دەدرکێنێ نەک بۆ سولتان بەڵکو بۆ مردزجان.
"لەوانەیە پێنج سەد پۆستکارتم بردبێ.. هەمووی لە ماڵەوەیە.. دەستم پێوە نەداوە دەیانگەڕێنمەوە".
پۆلیسەکە دەڵێ: "باشە.. منیش لە جێی تۆ بوومایە دەستم پێوە نەدا".
بەڵام سولتان ئەوەی بەس نییە: "من دڵنیام تۆ لەوە پترت بردووە.. ئێستا پێمان بڵێ! فرۆشتۆتە کێ؟".
مردزجان دەڵێ: "لە بەرژەوەندییت دایە دان بە هەموو شتێکدا بنێی".
بە نیگایەکی ئاڵۆز تەماشای جەلالەدین دەکا و دەڵێ: "ئەگەر کار بگاتە لێپرسینەوەی پۆلیس ئەوا وەکو ئێستا بە هێمنی لەگەڵتدا نابین و چای و شیرینییت پێشکەش بکەین".
"بەڵام ئەمە ئەوپەڕی راستییە.. دڵنیاتان دەکەمەوە کە نەمفرۆشتۆتە کەس" ئەم رستەیە دەڵێ و نیگای دەگوازێتەوە نێوان هەردووکیاندا.. بەڵام سولتان پەیگیرە و قسەکانی دووبارە دەکاتەوە، کاتی ئەوە هاتووە بچین بۆ ماڵەوە.

ئەوەی لە کاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ بەرچاو بکەوێ دیگرن.. تەنانەت چەند کەسێک کوژران لەبەرئەوەی سەربازەکان لە کاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە هەستیان بە مەترسیی کردبوو.

بە بێدەنگیی سواری ئۆتۆمبیلەکە بوون.. رەسول داوا لە دارتاشەکە دەکا راستیی بڵێ و دەڵێ: "ئەگەر نە جەلالەدین ئەو کێشەیە گەورە و فراوان دەبێ".

کاتێ گەیشتنە ماڵی دارتاشەکە پێیدەڵێن بڕوا پۆستکارتەکان ئامادە بکا و بیانهێنێتەوە.. بە پەلە دەگەڕێتەوە و بەستەیەکی بچووکی پۆستکارتی پێیە لە نێو شاڵێک پێچراوە کە خاڵی زەرد و پرتەقاڵیی پێوەیە، سولتان پێچراوەکە دەکاتەوە بە سەرسورمانەوە سەیری وێنەکان دەکا، دوای ئەوەی گەڕێندرایەوە بۆ خاوەنە راستەقینەکەی ئەویش دەیخاتە سەر تاخلچەکان بەڵام سەرەتا دەبێ وەک بەڵگەیەکی دزیی کەڵکی لێوەربگرێ، رەسول سولتان دەگەیەنێتە ماڵەوە.. دارتاشەکەش بە روخسارێکی شەرمەزارەوە لەو پێچە راوەستاوە کە دەڕوانێتە ماڵەوەیان.

* * *

ئیقبال و ئیمال کە هەردووکیان کوڕی سولتانن ٤٨٠ پۆستکارتیان لەسەر رایەخەکە راخستوە و دەیانژمێرن.. سولتانیش دیەوێ ژمارەی ئەو کارتانە بزانێ کە دارتاشەکە دزیونی، کارتەکان وێنەی جۆراوجۆرن.. لە ژووری پشتەوە بە سەدانی لێ داندراوە.. ئەگەر بەستەیەکی بە تەواویی لێنەمێنێ سەختە بزاندرێ کە نەماوە.. سولتان لە مێشکی خۆی لێکیدەداتەوە و هەڵیدەسەنگێنێ ئاخۆ دەرزەنێک لە بەستە پۆستکارتەکان نەماوە، لەوانەیە هەر بەشێکی بردووە.. بۆ سبەینێ دەبێ بە ژمارەکاندا بچێتەوە.

بۆ رۆژی دوایی سەرلەسپێدە سەرلەنوێ دەست دەکەن بە ژماردن.. لە پڕێکدا دارتاشەکە لەبەر دەرگا راوەستاوە و پێش دەرگاکەی گرتووە.. پتر لە جاران سەرشۆڕە.. لە ناکاو بەرەو سولتان دەچێ و پێی ماچ دەکا.. سولتانیش لە زەوییەکە رایدەپسکێنێ و بە دەنگێکی هێدی پێی دەڵێ: "پیاوەکە خۆت کۆکەرەوە.. ئەم پاڕانەوەیە دادت نادا". دارتاشەکە دەڵێ: "بمبورە.. بمبورە.. بۆت قەرەبوو دەکەمەوە.. بۆت قەرەبوو دەکەمەوە.. منداڵی برسیی لە ماڵەکەم دایە".

"تائێستاش من لەسەر قسەی خۆمم.. ئەوەی دوێنێ پێمگوتی؛ پارەم لێت ناوێ بەڵکو دەمەوێ بزانم پۆستکارتەکانت بە کێ فرۆشتووە،.. ژمارەی کارتەکان چەندە کە بردوتە؟".

ئەو جارەیان فایز باوکە پیرەکەی جەلالەدین ئامادەیە.. ئەویش دەیەوێ بچەمێتەوە و پێی سولتان ماچ بکا بەڵام پێش ئەوەی ئەو کارە بکا سولتان دەیگرێ.. حەز بە بینینی کەسێک ناکا پێڵاوەکەی ماچ بکا بە تایبەتییش دراوسێیەکی پیر بێ.

"دەبێ ئەوە بزانی کە بە درێژایی شەو لێمداوە.. زۆر شەرمەزارم.. من وا پەروەردەم کرد کە راستگۆ و ئابڕوومەند بێ... بەڵام ئەوەتە ئێستا کوڕەکەم دزە".

فایز لە کاتێکدا ئەو قسانەی کرد دەیڕوانیە کوڕەکەی کە لە گۆشەی دوکانەکە هەڵکوڕمابوو.. دارتاشی هەڵکوڕماو وەک منداڵێک دیتە پێش چاو کە دزیی و درۆی کرد بێ.. دەیویست لە سەری خۆی بدا.

سولتان بە هێمنیی فایز لە رووداوەکە ئاگاداردەکاتەوە کە جەلالەدین پۆستکارتەکانی لەگەڵ خۆی بردۆتەوە بۆ ماڵەوە.. ئێستا ئەوەی لێدەوێ کە ژمارەی پۆستکارتەکان چەندە و فرۆشتویەتی بە کێ.

فایز بە پاڕانەوە دەڵێ: "تاقە رۆژێک مۆڵەتم بدەرێ وای لێدەکەم دان بە هەموو شتێکدا بنێ.. ئەگەر شتی تری هەبێ کە نەیگوتبێ" پێڵاوەکەی فایز کە سەرپێی لە پێی کردووە بە کۆن دیتە پێش چاو.. گۆرەوی لە پێیدا نییە.. پانتۆڵەکەی بە پەتێک بە ناوقەدیەوە بەستراوە.. قۆڵی چاکەتەکەی دەبڕیسکێتەوە.. لە شێوەی کوڕەکەی دایە.. تەنیا جیاوازییان ئەوەیە کە باوکەکە ئەسمەرێکی تۆخترە.. قەبارەی بچووکە و کورییەکەشی پترە.. هەردووکیان لاواز و داماون، باوکەکە بەرانبەر سولتان وەستاوە و سولتانیش نازانێ چی لە سەری پێویستە بیکا.. هەست بە شپرزەیی دەکا بەرانبەر ئەو پیاوە کە لە جێگای باوکیەتی، دواتر فایز دەجووڵێ و گوێرایەڵانە دەچێ بۆ کۆگای پەرتووکەکان کە کوڕەکەی لە تەنیشتیەوە راوەستاوە.. لە چاوتروکانێکدا دەستی بەرز دەبێتەوە و هەر لەوێ لە نێو پەرتووکخانەکە دەست دەکا بە لێدانی کوڕەکەی و دەڵێ: "هیچ و پووچی بێ نرخ.. تۆ پەڵەی شەرمەزاریت بە نێوچاوانی بنەماڵەکەمانەوە.. خۆزگە لەدایک نەبوویتایە.. دۆڕاوی فێڵباز".

باوکەکە لە کاتێکدا لە کوڕەکەی دەدا دەگریا و بە ئەژنۆ لە زگی و بە شەق لە نێوگەڵی کوڕەکەی دەدا و بە هەردوو دەستی لە پشتی دەدا.. جەلالەدینیش تەنیا راوەستاوەو پشتی چەماندۆتەوە.. بە هەردوو دەستی سینگی خۆی دەپارێزێ.. کەچی باوکی چەماوەتەوە بە سەریدا بەڵام لە پڕێکدا کوڕەکەی بۆ دەرەوەی دوکانەکە رادەکا.. هەر کە سێ هەنگاوی درێژ دوورکەوتەوە لە خوار قاڵدرمەکانەوە لە شەقامەکە ئاوا بوو، کڵاوەکەی فایز کە لە پێستی بەرخ دروست کراوە کەوتە سەر زەوی.. لە گەرمەی شەڕەکەدا لێیکەوت.. هەڵیدەگرێتەوە و سەرلەنوێ دەیکاتەوە

سەری.. رادەوستی و ماڵئاوایی لە سولتان دەکا و دەڕوا، سولتان لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکا کە چۆن بە لەنگە لەنگ بەرەو پایسکلە کۆنەکەی دەچێ، تەماشای راست و چەپی خۆی دەکا بە هێمنیی بەرەو گوند دەگەڕێتەوە.

دوای ئەوەی کە تۆزێک ئەو دیمەنە شپرزەیە نیشتەوە سولتان دەستی کردەوە بە ژماردن.. ئوقرەی لێبرا بوو: "چل رۆژ لێرە ئیشی کرد.. گریمان هەر رۆژەو دوو سەد پۆستکارتی بردبێ ئەوە دەکاتە هەشت هەزار پۆستکارت.. من دڵنیام بە لایەنی کەمەوە هەشت هەزار پۆستکارتی دزیوە" ئەوەی گوت و دەیروانیە مەنسوور.. ئەویش شانی هەڵتەکاند.. دیمەنێکی جەرگبڕە چاو لە دارتاشیکی هەژار بکەیت بە دەستی باوکییەوە لێدان دەخوا.. مەنسوور مەسەلەی پۆستکارتەکانی زۆر بە لاوە گرنگ نەبوو.. بڕوای وا بوو دوای ئەوەی پۆستکارتەکانیان گەڕاندەوە ئەو بابەتە لەعنەتییە لە بیر بکرێ.. بە پاڕانەوە بە باوکی گوت: "هێندە ئازا نییە پۆستکارتەکان بفرۆشێ.. ئەو بابەتە لە بیر بکە".

"لەوانەیە لەسەر داخوازی یەکێک ئەوەی کردبێ.. تۆ خاوەن دوکانەکان دەناسی کە دەستێنیشان کراون لە بەرژەوەندیی ئێمەدا پۆستکارتمان بۆ بفرۆشن.. هەندێک لەوانە ماوەیەکە هیچیان لێ نەکڕیوین.. من پێمولیە بڕێکی باشیان لێکڕیوە.. لەوانەیە بە نرخێکی هەرزان لە دارتاشەکە کڕیبێتیان.. گێلە لەوانەیە بەرانبەر گۆرانییەک پێیان فرۆشتبێ.. تۆ بڕوات چۆنە؟"

مەنسوور جارێکی دیکە شان هەڵدەتەکێنێ.. باوکی خۆی دەناسێ.. واز ناهێنێ و هەر بە دوای شتەکاندا دەڕوا تا کۆتایی.. هەروا ئەوەش دەزانێ کە باوکی ئەو ئەرکەی پێ دەسپێرێ.. باوکی بۆ ئێران گەشت دەکا و مانگێک لەوێ دەمێنێتەوە.

"پێت چۆنە ئەگەر خۆت و مردزجان هەندێ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکەن لە کاتێکدا کە من لێرە نابم؟ راستییەکەش ئاشکرا دەبێ.. کەس ناتوانێ دزییم لێبکا".

چاوی ختستۆتە سەر مەنسوور و دەڵێ: "دەیتوانی هەموو بازرگانییەکەم تێکوپێک بدا" هەروا دەڵێ: " بێنە پێش چاوی خۆت هەزاران پۆستکارتم لێبدزێ و بیفرۆشێ بە دوکان و پەرتووکخانەکانی کابول.. ئەوانیش بە نرخێکی هەرزانتر لە نرخی ئێمە بیفرۆشن.. لە باتی ئێمە خەڵک دەچێ بە لای ئەواندا.. بەو شێوەیە سەربازە کڕیارەکانم لە دەست دەدەم کە پۆستکارتم لێدەکڕن.. هەروا هەموو کڕیارانی پەرتووکیش لە دەست دەدەم و ناوبانگیشم بە خراپە بڵاودەبێتەوە کە بە نرخێک دەفرۆشم گرانتر لە خەڵکی دیکە.. لە کۆتاییشدا مایەپووچ دەبم".

مەنسوور زۆر گوێ ناداتە پێشبینییە خراپەکانی باوکی.. تووڕە و هەڵچووە لەبەرئەوەی دوای رۆیشتنی باوکی ئەرکی دیکەی پێ راسپێردراوە بێجگە لەوەی دەبێ هەموو پەرتووکەکان تۆمار بکا دەبێ ئەو پەرتووکە تازانەش وەرگرێ کە خاوەن چاپخانەکان لە پاکستانەوە بۆیان دەنێرن.. هەروا ئەو کارە ئاساییانە جێبەجێ بکا کە پێویستە لەسەر هەر کەسێک خاوەن پەرتووکخانە بێ لە کابول.. دەبێ ئۆتۆمبێلیش لێخوڕێ هەروا دەبێ پەرتووکخانەکەی خۆشی بکاتەوە.. ئەوا ئێستا رۆڵی پشکێنەری پۆلیسیش پێ راسپێردراوە.

دەستبەجێ دەڵێ: "بایەخ بە فەرمانەکانت دەدەم" جگە لەوە ناتوانێ شتێکی تر بڵێ، "نەرم مەبە.. سازش مەکە" ئەوە دوا قسەکانی سولتان بوو پێش ئەوەی ئەو ئێوارەیە بە فڕۆکە گەشت بەرەو ئێران بکا.

❊ ❊ ❊

مەنسوور هەر کە باوکی ڕۆیشت هەموو شتەکانی لەبیر کرد.. قۆناغی بروادارێی دووروویی بەسەرچوو.. بە تایبەتیی دوای سەردانەکەی مەزار شەریف.. تەنیا هەفتەیەکی خایاند.. نوێژکردنی پێنج جارەی لە ڕۆژێکدا هیچی نەگۆری.. ریشەکەی کە بەریداوەتەوە دەخورێ.. هەر کەس سەیری بکا وا دێتە پێش چاوی کە پەرێشانە.. دیمەنی خۆی بە دڵ نەبوو بە تایبەتیی کاتێ کە جلی تونیکی بەرینی نەریتیی لەبەردا بوو.

"ئەگەر نەتوانم بیر لە بیرکردنەوەی ڕێگاپێدراو بکەمەوە، دەتوانم هەموو شتێ لەبیر کەم" لەگەڵ خۆیدا ئەوەی گوت، زوو وازی لە بڕوادارێی هێنا، (زیارەت)ەکەشی بە ڕابواردن زانی، دوای ڕۆیشتنی باوکی لە ئێوارەی یەکەمدا لە دوو هاوڕێیەوە میوانداریيەکی پێگەیشت بۆ دەرەوەی ماڵ.. بەڵێنێ پێدان کە لەگەڵیاندا بڕوا بێ ئەوەی بزانێ ئەوان هەندێ ئەلکۆلی ئۆزبەکیی و ئەرمێنییان لە بازاڕی ڕەش بە نرخێکی گران کڕیوە.

فرۆشیارە گەڕۆکەکە پێیگوتن: "ئەوە باشترین خواردنەوەیە کە هەبێ" کوڕەکان لە بەرانبەر هەر بوتڵێکدا چل دۆلاری ئەمەریکاییان پێدا، زۆربەی کریارەکانی لەو کوڕە گەنجانە بوون کە لە دەستی سانسۆری سەختی کەسوکار هەڵهاتبوون بۆ ئامێزی خواردنەوە تا مەستیی و لەدەستدانی هاوسەنگیی، مەنسوور پێشتر چێژی شەرابی نەکردووە، لە ئیسلامدا خواردنەوە مادەیەکی زۆر (حەرام)ە، لە ئێوارەیەکی زوو هاورێیەکانی مەنسوور دەست دەکەن بە خواردنەوە.. کۆکتێل دەکەن و بەردەوام دەخۆنەوە.. دوای ماوەیەکی کورت لە ژووری میوانخانەکە کە پەردەکانی داپۆشراون لە ترسی ماڵەوە بە کرێ گرتویانە.. زووی لە ژێر پێیان دەخولێتەوە، جارێ مەنسوور نەچۆتە لایان.. سەرەتا دەبێ برایەکانی بگەیەنێتە ماڵەوە.. کاتێ مەنسوور گەیشتە لای هاورێیەکانی بینی داد و بێ داد دەکەن و هات و هاواریانە و دەیانەوێ بازبدەن بەسەر بالکۆنەکەدا.. دوای ئەوەی مەنسوور ئەو دیمەنە دەبینێ پەشیمان دەبێتەوە و گفت بە خۆی دەدا کە نزیکی خواردنەوە نەکەوێ.. ئەگەر خواردنەوە وای لە هەردوو هاورێیەکەی کردبێ بێ گومان ئەگەر ئەویش پەشیمان نەبێتەوە هەمان چارەنووسی تووش دەبێ.

❊ ❊ ❊

لە ماڵی جەلالەدین کەس ناتوانێ بخەوێ.. منداڵەکانی لەسەر زەوییەکە ڕاکشاون.. بە بێدەنگیی دەگرین، لە هەموو کاتێکیان خراپتر بیست و چوار کاتژمێری ڕابردوو بوو.. کاتێ کە دەبینن باپیرەیان لە باوکیان دەدا و پێیدەڵێ دز.. هەموو شمەکی ماڵەکە ژێروبان بووە.. لە حەوشەدا باوکی جەلالەدین لە بازنەیەکی بێ کۆتایی دەسووڕێتەوە: "چۆن دەبێ کوڕێکی وام هەبێ.. سەراپا بنەماڵەکەمانی شەرمەزار کردوە؟ دەستکەوتم چی بووە تا وام بەسەر بێ؟".

کوڕە گەورە بەدبەختەکەی لەو ماڵەی کە لە ژوورێک پێکهاتووە لەسەر حەسیرێک دانیشتووە.. لەبەر برینی خوێناویی پشتی ناتوانێ لەسەر پشت ڕاکشێ.. لەبەرئەوەی باوکی بە گورزێکی ئەستوور لێیدابوو، دوای لێدانی کوڕەکەی لە پەرتووکخانە هەردووکیان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.. باوک بە پایسکل و کوڕیش بە پێ ڕێگای شارەکەی بەرەو ماڵ بڕی، جارێکی دی باوکەکە لە کوڕەکەی دا.. کوڕەکەش هیچ بەرهەڵستکاریيەکی نیشان نەدا.. لێدان لە پشتی و جنێویش بە سەروگوێلاکیدا، ئەندامانی خێزانیش بە ترسەوە چاویان لێیانە.. ئافرەتەکان منداڵەکانیان دەردەکرد بەڵام شوێنێکی تر نەبوو بۆێ بڕۆن، خانووەکەیان لە دەوری حەوشەیەکی کراوەدا دروست کراوە و دیوارێکی بە قەراغ ڕێگەکەوەیە.. بە درێژایی دوو دیوارەکەی تر شوێنی دانیشتن هەیە.. لە پشتەوەی چەند ژوورێک هەن پەنجەرەکانی بە مشەما گیراون و دەکەونە بەرانبەر حەوشەکەوە.. ژوورێک بۆ دارتاشەکە و هاوسەرەکەی و هەفت منداڵەکەی.. ژوورێکیش بۆ باوک و دایک و داپیرەی.. ژوورێکی تر بۆ خوشکەکەی و مێردەکەی وپێنج منداڵەکەیان..

ژوورێکی دیکە بۆ نادین و جێگای خواردن کە تێیدا تەنورێک لە هەناوی زەوییەکە دروست کراوە هەروا سۆپایەکی بریموس و هەندێ تاخلچەی تێدایە، منداڵەکانی دارتاشەکە لەسەر باولێک دەخەون کە لە پەڕۆی دڕاو و پاشماوەی قوماش دروست کراوە تەنانەت هەندێک شوێنی بە کارتون و پارچە نایلۆن گیراوە، هەردوو کچە گۆجەکەشی لەسەر لاقی خواریان دارشەقیان داناوە.. لە کاتی ڕۆیشتن لە بن هەنگڵیان دەنێن، منداڵەکانی دیکەش ئەگزیمایان هەیە لە جۆری بەد.. بە بەردەوامیی زیپکەی خوێناویی دەخورێنن.

لە جاری دووەمدا هەردوو هاوڕێیەکەی سولتان شەیتان لە کەللەیان دەدا، لەوسەری شاریشەوە منداڵەکانی دارتاش خەو دەیانباتەوە.

❊ ❊ ❊

دوای گەشتەکەی باوکی بە ڕۆژێک بۆ سبەینەکەی مەنسوور لە خەو هەڵدەستێ.. هەست بە سەربەستیی دەکا.. ئەوا ئێستا ئازادە.. چاویلکە ڕەشەکانی دەخاتە سەر چاوی.. ئەو چاویلکەی کە لە (زیارەت)ەکەی بۆ مەزار شەریف کریبووی، بەئۆتۆمبێلەکەی شاری کابول تەی دەکا.. بە توندیی شەست میل لە کاتژمێرێکدا لێیخوڕی.. بە قەراغ کەری بارکراو و کۆمەڵی بزنی پیس و دەرۆزەکەر و سەربازی سوپای ئەڵمانیی تێپەڕێ.. کاتێ کە پەنجەی بۆ ئەڵمانییەکان درێژ کرد ئۆتۆمبێلەکەی کەوتە چاڵێکی سەر ڕێگایەکەوە بۆیە پرتەوبۆڵە دەکا و جنێو دەدا.. پیادەڕەووەکانیش لە پێش ئۆتۆمبێلەکەی خۆ لادەدەن.. بە دوای خۆیدا گەڕەکەکانی کابول کە لە مۆزائیکی سەرسوڕهێنەر و وێرانەی جەنگ و خانووی رووخاو پێکهاتوون جێدەهێڵێ و دەچێتە گەڕەکێکی دیکەی هاوچەشن.

سولتان پێیگوتبوو: "دەبێ بە ئەنجامی کردەوەکانی خۆت ڕازیی بی، بەو شێوەیە ڕەوشتت ڕاست دەبێتەوە" مەنسووریش بە گاڵتەوە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی سەری بادەدا، لەمەولا ڕەسول دەتوانێ جانتا هەڵگرێ و نامە وەرگرێ، لەمەولا مەنسوور دەبێ بایەخ بە خۆی بدا تا باوکی دەگەڕێتەوە، جگە لە گەیاندنی برایەکانی بۆ سەر کار کاتی سبەینان هیچی تری نەدەکرد ئەویش تا زمانی لێنەدەن.. ئەو کەسەی مەنسوور لێیبترسێ باوکیەتی.. لەبەردەم باوکیدا ئەو ئازایەتییەی نییە نارەزایی دەرببڕێ.. ئەو تەنیا کەسێکە ڕێزی لێبگرێ و دانی پێدا بنێ.. بە لایەنی کەمەوە ئەگەر ئامادە بێ.

ئاواتی مەنسوور ناسینی ئافرەتانە.. ئەو مەسەلەیەش لە کابول ئاسان نییە.. زۆربەی خێزانەکان چاودێریی کچەکانیان دەکەن وەک ئەوەی چاودێریی گەنجینە بکەن، لە پرێکدا بیرێکی خۆش بە مێشکیدا دێ ئەویش ئەوەیە بچێتە خولێکی سەرەتایی ناوەختی فێربوونی زمانی ئینگلیزی.. زمانە ئینگیزییەکەی مەنسوور باشە لەبەرئەوەی لە پاکستان خوێندویەتی، بەهەڵەدا نەچوو بوو.. هەر لە کۆتایی وانەی یەکەمدا چاوی کەوتە سەر کچێک کە لەوانی تر باشتر بوو.. دەیەوێ بە ورپاییەوە قسەی لەگەڵ بکا.. جارێکیان کچەکە ڕێگای پێدا کە بیگەیەنێتە ماڵەوە.. مەنسووریش داوای لێکرد سەردانی پەرتووکخانەکەیان بکا بەڵام هەرگیز نەهات.. کچەکە چیدیکە ئامادە نەبوو لە پۆلی فیربوونی زمانی ئیگلیزیدا.. مەنسووریش نەیتوانی پەیوەندیی پێوە بکا.. هەستی کرد شتێکی لەدەست داوە.. پێش هەموو شتێک زۆر بە داخەوە بوو کە چیتر نەهات لە کاتێکدا زۆر حەزی لێبوو زمانی ئینگلیزی فێر ببێ.

بە پەلە کچە قوتابییەکەی زمانی ئینگلیزیی لە بیر کرد، لە ژیانی مەنسووردا هیچ شتێکی ڕاستەقینە و بەردەوام نییە، لەم بەهارە جارێکیان مێوانداریيان کردبوو بۆ ئاهەنگێک لە دەرەوەی کابول.. هەندێک لە ناسیاوانی ماڵێکیان بە کرێ گرتبوو.. خاوەن ماڵەکەش لە باخچەی بەری ماڵەکە پاسەوانیی لێکردبوون.

له ڕۆژی دوایی هاوڕێیەکی بە خرۆشەوە مەنسوور ئاگادار دەکاتەوە.
"کولاژدمێکی وشککراوەیان دەکێشا".
"کوتایان تا ببێتە ئاردێکی نەرم.. لەگەڵ توتندا تێکەڵیان کرد ئیدی ئارەزوویان هەڵستا بەڵام ئارەزوویەکی نەختێک تووڕە".
مەنسووریش بە سەرسورمانەوە گوێ لە قسەکەی رادەگرێ.

ڕۆژێکیان سولتان نامەیەک دەنێرێ و تێیدا دەڵێ (سبەینێ لەماڵەوە دەبم) مەنسووریش دەستبەجێ واز لە ژیانی ژەهراویی دێنێ، ئەو ئیشانەی باوکی داوای لێکردبوو هیچی جێبەجێ نەکردوە؛ پەرتووکەکانی ریز نەکردوە.. ژووری پشتەوەی ڕێکنەخستووە.. بە دەنگی داخوازییە نوێیەکانەوە نەچووە.. هێشتا ئەو سندووقە پەرتووکانەی وەرنەگرتووە کە لە کۆگای گواستنەوە کەڵەکە کراون.. سەبارەت بە دارتاشەکەش خولەکێک بیری لێنەکردۆتە لێکۆڵینەوە دەربارەی بکا.

شەریفەی دایکی دەستبەرداری شەڕ نابێ لەگەڵیدا: "کوڕم چیت بەسەر هاتووە.. نەخۆشی؟".

بە شانازییەوە دەڵێ: "نە هیچم نییە".

بەڵام دایکی شەڕە دەنووکی لەگەڵ دەکا ئەویش پێیدەڵێ: "دەمت داخە دەڵێی ئاودەستە بگەڕێوە بۆ پاکستان" مەنسوور ڕووبەڕووی هاوار دەکا: "لەو کاتەوەی گەڕاویتەوە ئێرە هەموو شتێکت وێران کردووە".

شەریفە دەست دەکاتە گریان: "چۆن دەبێ منداڵەکانم وابن.. چیم کردوە تا خۆشییان بە چارەی دایکیان نێ؟" شەریفە هاوار دەکا و بەسەر منداڵەکانیدا دەقیژێنێ، لەتیفە دەست دەکاتە گریان، بیبی غول کە دایکی سولتانە خۆی دەجوولێنێ بەملاو بەولادا، سۆنیا کە ژنی دووەمی سولتانە کۆرپەکەی خۆی کە لەتیفەیە هێور دەکاتەوە، لەیلا کە نۆزدە ساڵ تەمەنیەتی و خۆشکی بچووکی سولتانە خەریکی جل شوشتنە، مەنسوور بە توندیی دەرگای ژوورەکە پێوەدەدا و دەچێتە ئەو ژوورەی کە خۆی و یونسی مامی هاوبەشن تێیدا.. یونس لەسەر جێگایەکەی پرخەی دێ.. تووشی پەتای هەوکردنی جگەر بووە.. بەدرێژایی ڕۆژ لەسەر جێگایە و حەب قووت دەدا.. چاوەکانی ڕەنگی زەردیان هەڵگەڕاون.. لە هەموو کاتێ پتر خەمناک و ڕەنگ پەڕیوە.

کاتێ کە لە ڕۆژی دوایی سولتان دەگەڕێتەوە.. مەنسوور زۆر بێ ئۆقرە دەبێ.. خۆی لە سەیرکردنی هەردوو چاوی تیژی باوکی دەپارێزێ بەڵام هەر چۆنێک بێ پێویست بەوە ناکا زۆر بێ ئۆقرە بێ لەبەر ئەوەی ئێستا سولتان بە تەواوی بایەخەوە سەرنجی سۆنیای ژنە بچکۆڵەکەی دەدا، لە ڕۆژی دوایی کاتێ لە پەرتووکخانەکە بوون باوکی لێیپرسی ئاخۆ چی کردووە سەبارەت بەو کارانەی پێی ڕاسپێردرابوو.. پێش ئەوەی مەنسوور بپرژێتە سەر وەڵامدانەوە باوکی دەستی کرد بە پێدانی فەرمانی نوێ.

گەشتەکەی سولتان بۆ ئێران زۆر سەرکەوتوو بوو.. سەرلەنوێ پەیوەندیی کردبوو بە کۆنە بازرگاکانەوە.. بەو زووانە کارتۆنی پەرتووکی فارسی بە دوای یەکدا دەگەنە کابول بەڵام ئەو شتەی کە بیری نەچووبوو مەسەلەی دارتاشەکەیە.

سولتان بە دوو چاوی زەق دەڕوانێتە کوڕەکەی: "تا ئێستا هیچت نەدۆزیوەتەوە".

پێویستە لەسەرت هەر سبەینێ بچی پۆلیسی لێ ئاگادار بکەیەوە.. باوکی گوتی: :لە ماوەی رۆژێکدا دان بە هەموو شتێک دادەنێ.. ئەوە مانگێک تێپەر بوو لە پاکستان گەڕاومەتەوە هێشتا نەخراوەتە زیندانەوە" بە هەڕەشەوە دەڵێ: "تۆ کوڕی من نی" بە زمانیکی ناشرینی هەڕەشەئامێز دەڵێ: "ئەوەی دزی لە من بکا هەرگیز بەختەوەریی بە خۆیەوە نابینێ".

❊ ❊ ❊

بۆ سبەینێ دوای ئەوەی کە تاریکی رەوییەوە دوو ژن لەگەڵ دوو منداڵدا لە دەرگای ماڵی سولتان خان دەدەن.. لەیلاش بە تەمبەڵییەوە دەرگایان لێدەکاتەوە.. دەمێکێ پێدەچێ تا بۆ لەیلا دەردەکەوێ کە داپیرە و ماموژنی دارتاشەکەن و دوو منداڵیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە.. دەڵێن: "تکاتان لێ دەکەین بمانبوورن.. بمانبوورن تکاتان لێدەکەین.. بۆ خاتری خوا بمانبوورن" دەست دەکەنە گریان.. داپیرەکە تەمەنی نزیکەی نەوەد ساڵە.. قەبارەی بچووکە.. پەژموردەیە.. دەموچاوی لە چرۆچاوی مشک دەچێ.. چەنەیەکی مووداری تووکنی هەیە.. داپیرەی دارتاشەکەیە لە باوکەوە.. هەر ئەو بوو لە هەفتەکانی رابوردوودا دەیویست نەوەکەی راستیەکانی بۆ بدرکێنێ.

"هیچمان نییە لە سەری بژین برسێتیی برستی لێبریوین.. بڕواننە ئەم دوو منداڵە.. پارەی پۆستکارتەکان قەرەبوو دەکەینەوە".

لەیلا داوای لێکردن بێنە ژوورە و داپیرە پیرەکە لە شێوەی مشک خۆی دەخاتە سەر پێی ئافرەتەکان.. خێزانەکە لە دەنگی هات و هاوار وەئاگا هاتن.. چوونە ژوورەوە.. ئەوانیش زۆر شێرزەبوون بەرانبەر بەو بەدبەختییە کە وەک هەوای سارد خۆی کرد بە ژووردا، هەردوو ئافرەتەکە کوڕێکی دوو ساڵانە و کچێک لە گۆجەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوون.. منداڵە گۆجەکە زۆر بە ئازارەوە لەسەر زوویەکە دادەنیشێ.. لاقە وشکبووەکەی تووشی گۆجیی هاتووە بە دارشەقەکەیەوە هەڵواسراوە.. بە هێمنیی و بە شکۆوە دانیشتوە و گوێی بۆ گفتوگۆی دەوروبەری هەڵخستووە.

کاتێ پۆلیس بەسەر ماڵەویان دادەدا جەلالەدین لە ماڵەوە نەبوو بۆیە لەباتی ئەو باوک و برایەکەیان برد، گوتیان بۆ رۆژی دوایی دێنەوە جەلالەدین دەبەن، بە درێژایی شەو کەس خەوی لێنەکەوت.. سەرلەسپێدە پێش ئەوەی پۆلیس بگەڕێتەوە هەردوو ئافرەتە بە تەمەنەکە وەک نوێنەری هەموو ئەندامانی خێزان کەوتنە رێ بە مەبەستی وەدەستهێنانی بەزەیی و لێبووردنی سولتان.

"ئەگەر شتێکی دزیوە هەژاریی خێزانەکەی پاڵی پێوە ناوە.. بڕوانە منداڵەکانی وەکو چۆلەکە لاوازن.. جل و بەرگی پێویستیان نییە، هیچیان نییە بیخۆن".

لە گەڕەکی مایکروراییون دڵەکان بەخشندەییان لێدەباری.. بەڵام سەردانەکەیان جگە لە بەزەیی ئەنجامێکی دیکەی نەبوو، کاتێ سولتان بڕیاری شتێک بدا ئافرەتەکانی خێزانی خان ناتوانن هیچ کارێک بکەن بە تایبەتیی ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێ بە پەرتووکخانەکەوە.

ئافرەتەکان بە دوو ژنەکەیان گوت: "حەزمان کرد ئەوەی لە دەستمان بێ بیکەین یارمەتییتان بدەین بەڵام سولتان بڕیاردەرە ئەویش لە ماڵەوە نییە" هەردوو ژنەکە دەست دەکەنە گریان و هات و هاوار.. دەزانن قسەکانیان راستە بەڵام ناتوانن خۆیان بێ هیوا بکەن، لەیلا دێتە ژوورەوە قاپێک هێلکەوڕۆن و نانی تازەی پێیە دەیداتە ژنەکان

هەروا شیری کولاو بۆ منداڵەکان دەهێنی، کاتێ کە مەنسوور دێتە ژوورەوە هەردوو ژنەکە پڕ دەدەنە پێی تا ماچی بکەن.. ئەویش بە تێهەڵدان دووریان دەخاتەوە.. دەزانن کە ئەو کوڕە گەورەی باوکیەتی لە نائامادەگیی باوکیدا ئەو جڵەوی کۆنترۆڵکردنی شتەکان لە دەست دەگرێ.. بەڵام مەنسوور بڕیاری دابوو ئەو کارە بکا کە باوکی داوای لێکردوە.

داپیرە بە گریانەوە هاوار دەکا: "لەو ڕۆژەی سولتان دەستی بەسەر کەرەستەکانی جەلالەدیندا گرتووە چیدیکە ناتوانێ کار بکا.. ئەوە چەند هەفتەیەکە هیچمان نەخواردووە.. تامی شەکرمان بیرچۆتەوە.. ئەو برنجەی کە دەیکرین لەوانەیە بۆگەنی کردبێ.. منداڵەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاواز دەبن.. بڕوانە ئەم دوو منداڵە هەر پێست و ئێسکن.. باوکی جەلالەدین هەموو ڕۆژێ لە کورەکەی دەدا.. ڕۆژێ لە ڕۆژان هەرگیز بیرم نەکردۆتەوە کە من دز پەروەردە دەکەم" داپیرە ئەوانەی گوت و ئافرەتانی مایکروراپونیش بەڵێنیان پێدەدەن ئەوەی لە دەستیان بێ بیکەن تاسولتان ڕازیی بکەن گەرچی پێشوەخت دەیانزانی هیچ شتێک سوودی نییە.

لە کاتێکدا داپیرە و مامۆژن لەگەڵ هەردوو منداڵەکەیاندا ڕێگایان گوندیان گرتەوەبەر، پۆلیس ئامادە ببوو و جەلالەدینیان قۆڵبەست کردبوو، دوای نیوەڕۆ مەنسووریان وەک شایەد بانگ کرد.. لە تەنیشت دادوەرەوە لەسەر کورسییەک دانیشت و لاقی خستنە سەر یەک، هەفت پیاو گوێ لە لێپرسینەوەکە دەگرن.. کورسیەکان بەش ناکەن بۆیە دووانیان لەسەر کورسییەک دادەنیشن.. دارتاشەکەش لەسەر زەوییەکە دانیشتووە، کۆمەڵێکی تیکەڵوپێکەڵن، هەندێ پۆلیس قاتی فەرمیی قورسی زستانەیان لەبەرە کە ڕەنگی خۆڵەمێشییە هەندێکی تریان جل و بەرگی نەریتییان لەبەرە.. ئەوانی تریش جلی سەوزی پۆلیسی جەنگیان لەبەرە، زۆر کێشە هەیە لەم نووسینگەیە چارەسەر ناکرێ.. دزینی پۆستکارت مەسەلەیەکی ترسناکە، پۆلیسێک لەتەک دەرگاکە ڕاوەستاوە نازانێ سەر بە ژوورەوەیە یاخود سەر بە دەرەوە.

گەورەی دادوەرەکان گوتی: "پێویستە لەسەرت پێمانبڵێی پۆستکارتەکانت بە کێ فرۆشتوە.. ئەگەر نە دەتنێرین بۆ زیندانی ناوەندیی".

وشەی "زیندانی ناوەندیی" ترس و لەرز بە ژوورەکەدا بڵاودەکاتەوە.. زیندانی ناوەندیی ئەو شوێنەیە کە تاوانبارە ڕاستەقینەکان لەخۆ دەگرێ، دارتاشەکە لەسەر زەوییەکە خاو دەبێتەوە.. وادیێتە پێش چاو کە بێ هیوایە.. دەستەکانی دەگوشی.. ئەو دەستانەی کە ئیشی دارتاشییان پێدەکا.. هەزاران قینچکە و شوێنی برینی پێوەیە.. لە ژێر ئەو تیشکە خۆرەی کە لە پەنجەرەکە دێتە ژوورەوە دەکرێ بە ڕوونیی قینچکە و شوێن برینەکانی دەستی ببیندرێ کە لە ئاکامی بەکارهێنانی چەقۆ و مشار و دریلەوە وایان لێهاتوە وەک بڵێی لەباتی دەموچاو دەست نوێنەرایەتیی دەکا.. ئێستاش هەر هەفت پیاوەکە لە دەستەکانی ورد دەبنەوە وەک ئەوەی کێشەکە پەیوەندیی بە دەستیەوە هەبێ نەک بە خودی خۆیەوە، دوای ماوەیەک بردیان بۆ زیندانیکی بچووک.. پانتایەکەی دە پێی چوار گۆشەیە.. بە شێوەیەک دروست کراوە کە ناتوانێ تێیدا بوەستێ.. ئەوەی پێی بکرێ چەماندنەوەیە یاخود دانیشتن و خەوتنی بە گلۆڵەیە.

چارەنووسی جەلالەدین ئێستا لە مشتی بنەماڵەی مەنسوور دایە.. ئەوان دەتوانن واز لە سکاڵایەکەیان بهێنن یاخود وەکو خۆی بیهێڵنەوە.. ئەگەر دەست لە سکاڵایەکەیان هەڵنەگرن ئەوە دەست بە دەست بە دامودەزگاکاندا دەڕوا.. ئیدی درەنگ دادێ تا ئازادی بکەن.. دواتر پۆلیس بڕیاری حوکمی لەسەر دەدەن.

گەورەی دادوەرەکان دەڵێ: "ئێمە دەتوانین ٧٢ کاتژمێر لێرە بیهێڵینەوە.. دواتر ئێوەش بڕیاری خۆتان یەکلایی کەنەوە".

ئەو پێیوایە جەلالەدین دەبێ سزای خۆی وەربگرێ لەبەرئەوەی هەژاریی پاساو نییە بۆ دزیی.

دادوەرەکە نێوبانگی چاکی هەیە.. لەگەڵ مەنسووردا کەوتە گفتوگۆ.. کاتێ کە مەنسوور لێیپرسی: "ئاکامی ئەم کارە بە کوێ دەگا؟" گوتی: "خەڵکی هەژار زۆرە ئەگەر بە هۆی تاوانەوە سزا نەدرێن ئەوا کۆمەڵگا بە گشتیی هەڵدەوەشێتەوە.. کاتێ کە سەرپێچیی لە یاسا دەکرێ زۆر گرنگە ئێمە نموونە بدەین بە دەستەوە" مەنسوور کاتێ کە دڵنیا بوو لەوانەیە جەلالەدین بە هۆی دزینی پۆستکارتەکانەوە شەش ساڵ زیندانیی بەرکەوێ بیری لە منداڵەکانی دەکردەوە نیگای برسییان جل و بەرگی دڕاویان هەروا بیری لە ژیانی تایبەتی خۆشی دەکاتەوە کە چەند ئاسانە دەتوانێ لە تاقە ڕۆژێکدا خەرجیی مانگانەی خێزانی دارتاشەکە خەرج بکا.

دەستەیەک گوڵی دەستکرد نیوەی مێزەکەی داگیر کردبوو.. ئەو گوڵانەی کە زۆر لەمێژە چینێکی تۆزی لێنیشتوە لەگەڵ ئەوەشدا درەخشانەوەیەکی بەخشیبووە ژوورەکە.. وادیارە پیاوانی پۆلیسی گوندی خودایداد ڕەنگیان خۆشدەوێ.. دیوارەکان بە بۆیەی سەوزی قەرسیلیی ڕەنگ کرابوون.. گڵۆبەکەیان سوورە بگرە سوورێکی تۆخە.. بە قەد دیوارەکەوە وێنەی قارەمانی جەنگ مەسعودیان هەڵواسیبوو.. لە هەموو فەرمانگە فەرمییەکانی دیکەی کابول ئەم وێنەیە هەڵواسراوە، گەورەی دادوەرەکان بە دووپاتکردنەوەوە گوتی: "بیرت نەچێ.. ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی تالیبان بووای.. ئەوە دەستتیان دەبڕییەوە، کەسانێک لەو تاوانەی تۆ کەمتریان کردبوو کەچی وایان لێکردن".

دادوەرەکە باسی ئەو بێوەژنەی کرد کە مێردەکەی مردبوو: "زۆر هەژار بوو.. کوڕە بچکۆلانەکەی لە بەر بێ پێڵاویی قاچی زۆر سەرمای دەبێ.. وەرزەکەش زستان دەبێ ناتوانێ لە دەرگا بچێتە دەرەوە.. کوڕە گەورەکەشی مێرد منداڵ بوو.. چوو جووتێک پێڵاوی بۆ برا بچکۆڵەکەی دزیی کە بە بەڵگەی تاوانەکەوە گیرا.. دەستی ڕاستیان بڕییەوە.. ئەوە زیادەڕۆوییەکی زۆرە".

دادوەرەکە پێوابوو: "دارتاشەکە سەلماندویەتی کە پیاوێکی خراپە چونکە چەند جار لەسەر یەک دزیی کردوە.. ئەگەر بە مەبەستی ناندانی منداڵەکانت دزیی بکەی ئەوە جارێک دزیی دەکەیت" بە پاساو هێنانەوە گوتی.

دادوەرە گەورەکە لە سندووقی پشتەوەی خۆی ئەو شتانەی پیشانی مەنسوور دا کە دەستی بەسەردا گیراوە وەک مەقلی و چەقۆی ناندین و چەقۆی باخەڵ و بۆکسی ئاسنین و دەمانچە و کەرەستەی کارەبایی و دەستەی کاغەزی یاریی، قومار لە پێناوی پارە شەش مانگ زیندانی لەسەرە.

"دەستبەسەری ئەو کۆمەڵە کاغەزەی یاریی گیراوە لەبەرئەوەی یاریچیی دۆڕاو پەلاماری یاریچیە براوەکە دەدا و چەقۆیەکی لێدەدا.. هەردووکیان دەیانخواردەوە.. دۆڕاوەکە سزا درا لەبەر خواردنەوە و قومار و لێدان" پێدەکەنن "یاریچییەکەی دی ئازاد کرا لەبەرئەوەی ئێستا بە تەواویی لە پەلوپۆ کەوتوە.. ئەو سزایە بەسیەتی!".

مەنسوور پرسیار دەکا "سزای خواردنەوە چییە؟" لە کاتێکدا دەیزانی خواردنەوە بە پێی (شەریعەت) تاوانیکی گەورەیە و سزای قورسی لەسەرە.. قورئانی پیرۆز بڕیاری هەشتا جەڵدەی داوە.

دادوەرە گەورەکە دەڵێ: "ئەگەر لەگەڵت ڕاستگۆ بم ئەوە زۆر جار چاوپۆشیی لەو شتانە دەکەم.. ئەگەر بۆنەی

ژنهینان بێ ئەوە پێیاندەڵێم ئەمڕۆ وەک پشوودانە.. بەڵام دەبێ بزانن هەموو شتێک بە میانڕەویی خۆشە و لە سنووری خێزاندا بێ".

"ئەی دەربارەی رابواردن؟".

"ئەگەر خێزاندار بن ئەوە رەجم دەکرێن و دەکوژرێن.. ئەگەر زگورتییش بن ئەوە سزاکەی سەد جەڵدەیە و پێویستە لەسەریان ببن بە هاوسەر.. ئەگەر یەکێکیان خێزاندار بێ بۆ نموونە پیاوەکە ژنەکەش زگورتیی بێ ئەوە پێویستە لەسەر پیاوەکە مارەی بکا وەک ژنی دوووەم بەڵام ئەگەر ژنەکە مێردی هەبێ و پیاوەکە زگورتیی بێ ئەوە ژنەکە دەکوژرێ و پیاوەکە جەڵدەی لێدەدرێ و زیندانیی دەکرێ".

دادوەرەکە گوتی:
"بەڵام هەندێک جار بە شێوازێکی تر بۆ ئەم مەسەلەیە دەڕوانم.. ئەگەر ژنەکە بێوەژن بێ پێویستی بە پارە بێ لەو کاتە هەوڵدەدەم یارمەتییان بدەم و بیانخەمە سەر رێگای راست".
"تۆ دەربارەی خەڵکی ریسوا قسە دەکەی بەڵام سەبارەت بە خەڵکی ئاسایی چی؟".
"جارێکیان دامان بەسەر ژن و پیاوێکدا لە ناو ئۆتۆمبێل بوون.. لەو کاتە ئێمە باشتر وایە بڵێم کەسوکارەکانیان ناچاریان کردن کە هاوسەرگیریی بکەن".
دەڵێ: "ئەوە رەفتارێکی بە بەزەییانە بوو.. پێت وا نییە؟ دوای هەموو شتێک ئێمە وەک (جەماعەت)ی تالیبان نین".
دادوەرەکە گوتی: "پێویستە لەسەرمان خۆمان نەدەین لە قەرەی رەجمکردنی ئەفغانیی بە بەرد.. ئەفغانییەکان ئەوەندە بەدبەختییان چێشتووە تا خودا بڵێ بەس".

❊ ❊ ❊

مەنسوور لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا فەرمانگەی پۆلیس جێدەهێڵێ، دادوەرەکە ئەوپەڕی سێ رۆژی بۆ داناوە.. تا هەنووکەش ئەو دەتوانی لە سووچیار خۆش بێ بەڵام ئەگەر کات لەوە پتر تێپەڕ بکا ئیدی زۆر درەنگ دەبێ.. مەنسوور گوڕاحی رێگای پێنادا بگەڕێتەوە پەرتووکخانە بۆیە دەڕواتەوە ماڵێ بۆ نانخواردن.. بە کەمیی شتی وا روودەدا.. خۆی دەخاتە سەر جێگایەکە.. لە خۆشبەختیی هەمووان خواردن ئامادەیە.

دایکی دەڵێ: "پێڵاوەکانت لەپێ داکەنە" مەنسوور لە وەڵامدا: "ون بە لە بەر چاوم" بە دواییدا شەریفە دەڵێ: "مەنسوور دەبێ گوێڕایەڵی دایکت بێ" بەڵام مەنسوور وەڵامی ناداتەوە و لە سەر زەوییەکە رادەکشێ.. رووەو سەرەوە قاچ لەسەر قاچ دادەنێ و نەعلەکانیشی لەپێ دان.. دایکیشی دەم دادەخا و بێ دەنگ دەبێ.. مەنسوور دەڵێ: "پێویستە لەسەرمان بڕیار بدەین چی بکەین لەگەڵ دارتاشەکە".

جگەرەیەک دادەگیرسێنێ.. دایکیشی دەست دەکاتە گریان.. مەنسوور لە ئامادەگیی باوکیدا تا ئێستا جگەرەی دانەگیرساندوە بەڵام هەر کە باوکی لە دەرەوەی ماڵ بێ ئیدی بەوپەڕی سەربەستیی جگەرە دەکێشێ و دایکی بێزار دەکا و لە کاتی نانخواردن و لە پێش و پاشیدا.. ژوورە بچکۆڵانەکەیان پڕ دەکا لە دووکەڵ.. ماوەیەکی زۆرە بیبی غولی داپیرە سکاڵایەتی لە دەست مەنسوور سەبارەت بەو کەمڕەوشتییەی کە لەگەڵ دایکیدا دەینوێنێ بەڵام ئەوجارەیان حەزی جگەرەکێشان بە سەریدا زاڵ دەبێ و بە پرتەپرت دەستی بۆ درێژ دەکا: "جگەرەیەکم نادەیتێ؟" چەند خولەکێکی بێدەنگیی تێپەڕی.. ئاخۆ داپیرە دەستی کردوە بە جگەرەکێشان؟ لەیلا بە پەلە بانگی دەکا (دایە

جگەرەکەی لێدەفڕێنێ بەڵام مەنسوور جگەرەیەکی دی پێ دەداتەوە.. لەیلا وەک نارەزایییەک ژوورەکەی جێهێشت.. بیبی غولیش دادەنیشی و بە ئاسوودەیییەوە جگەرەکەی دەکێشێ ئیدی بۆ پێش و پاش قۆڵی ناجوولێنێ.. جگەرەکەی دەستی بەرز دەکاتەوە و بە قووڵیی دووکەڵەکەی هەڵدەمژێ.. بیبی غول بە پاساو هێنانەوە دەڵێ: "بەو شێوەیە دەتوانم خواردنم کەم بکەمەوە" دوای ئەوەی جگەرەکەی کێشا گوتی: "بەرەڵای کەن.. سزای خۆی وەرگرت باوکی لێدا.. شەرمەزار بوو.. هەر چۆنێک بێ پۆستکارتەکانی گەڕاندەوە".

شەریفە پاڵپشتی قسەکانی بیبی غولی کرد و گوتی: "منداڵەکانی بینیت.. چۆن دەتوانن بژین.. ئەگەر لە داهاتی باوکیان بێبەش بکرێن؟".

دوای ئەوەی دایکی جگەرەکەی کوژاندەوە لەیلا گەڕایەوە و گوتی: "لەوانەیە ببینە هۆی مردنی منداڵەکانی، ئەگەر نەخۆش بکەون چی.. ناتوانن هەقدەستی پزیشک بدەن و بە هۆی ئێمەوە دەمرن.. لەوانەیە بە هۆی برسێتییەوە بمرن" هەروا گوتی: "هەر چۆنێک بێ لەوانەیە دارتاشەکە لە زیندان بمرێ.. زۆر کەس ناتوانێ شەش ساڵ لە زیندان بمێنێتەوە.. زیندان پڕە لە نەخۆشیی سیل و زۆر نەخۆشیی دیکە".

بیبی غول گوتی "بەزەییتان هەبێ".

مەنسوور تەلەفۆن بۆ سولتان دەکا کە لە پاکستان دایە بەو مۆبیلەی کە تازە کڕیویەتی.. پرسیار لە باوکی دەکا کە رێگای پێبدا دارتاشەکە بەرەڵا بکا.. بێدەنگیی باڵ بەسەر ژوورەکەدا دەکێشێ.. هەمووان گوێیان لە دەمەتەقەکەیە.. گوێیان لە دەنگی سولتان دەبێ کە لە پاکستانەوە هاوار دەکا: "دەیەوێ بازرگانییەکەم لەنێو ببا، نرخەکانم بشکێنێ.. کڕییەکی باشم پێی دا.. پێویستی بەوە نەبوو دزییم لێبکا.. فێڵبازێکی لادەرە.. سووچبارە.. دەبێ راستییەکان بدرکێنێ.. هەرگیزاو هەرگیز کەس لە دەستم رزگاری نابێ.. بە تایبەتیی کە هەوڵی دابێ بازرگانییەکەم تێک بدا ".

مەنسووریش لە لای خۆیەوە هاوار دەکا: "لەوانەیە بە شەش ساڵ زیندانیی حوکمی بکەن.. کاتێ لە زیندان ئازاد دەبێ.. لەوانەیە منداڵەکانی مردبن".

"ئەگەر بە شەست ساڵ زیندانیی حوکم بدرێ گوێم لێ نییە.. پێویستە لەسەری ئازار بچێژێ تا ئەو کاتەی کە پێماندەڵێ پۆستکارتەکانی بە کێ فرۆشتوە".

"کاتێ کە تۆ تێری دەتوانی ئەو قسانە بکەی" مەنسوور هاوار دەکا: "من کاتێ بیر لە منداڵە لاوازەکانی دەکەمەوە کە ئەو باوکیانە.. گریانم دێ.. لەوانەیە خێزانەکەی لەنێو بچێ".

"چۆن ئازایەتیی لە خۆت رادەبینی بە پێچەوانەی باوکت قسان بکەی!" سولتان لە مۆبیلەکەوە هاوار دەکا.. ئەوانەی ژوورەوەش دەنگی دەناسنەوە.. دەزانن ئێستا تووڕەیە و سەراپا لەشی دەلەرزێ: "چ جۆرە کوڕێکی تۆ؟! پێویستە لەسەرت گوێڕایەڵی هەموو شتێک بی.. هەموو شت.. چیت بەسەر هاتووە؟ بۆ وا بێ ئابروو دەرچووی لەگەڵ باوکتدا؟".

دەموچاوی مەنسوور راگەیەنەری شەڕێکی نێوخۆیە کە پێوەی دەناڵێنێ.. ئەو تا ئێستا جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی باوکی شتێکی دیکەی نەکردوە.. سەبارەت بەو شتانەی کە باوکی ئاگای لێیەتی.. تا ئێستا بە ئاشکرا ڕووبەڕووی باوکی نەبۆتەوە.. ئازایەتیی ئەوەی نییە وا بە ئاسانیی باوکی تووڕە بکا.

دەڵێ: "باشە" و هێلەکە دادەخا، بێدەنگیی باڵ دەکێشێ بەسەریاندا.. ئیدی مەنسوور دەست دەکاتە جنێودان، شەریفە هەناسە هەڵدەکشێ: "دڵی لە بەرد ڕەفترە" سۆنیاش بێدەنگ دەبێ.

❊ ❊ ❊

بەردەوام سبەینان و ئێواران خێزانی دارتاشەکە دێن.. هەندێ جار داپیرەکەی هەندێک جاریش دایکی یان ماموژنی یان هاوسەرەکەی هەمیشە منداڵێک یان دووانیان لەگەڵ دایە.. هەموو جارێ هەمان وەڵام وەردەگرنەوە کە سولتان بڕیاردەرە.. کاتێ بگەڕێتەوە ماڵەوە هەموو کێشەیەک چارەسەر دەکرێ، بەڵام دەزانن ئەو قسانە ڕاست نین و سولتان بڕیاری مەحکومکردنی داوە.

لە کۆتاییدا چی دیکە حەوسەڵەیان نامێنێ.. دەرگایان لێ ناکەنەوە و بە بێدەنگیی دادەنیشن و وا پیشان دەدەن کە لە ماڵەوە نیین.

مەنسوور دەڕواتە فەرمانگەی پۆلیس بە مەبەستی درێژکردنەوەی مۆڵەتەکەیان، چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکیەتی.. بە نیازە دوای گەڕانەوەی ڕازیی بکا.. بەڵام گەورەی دادوەرەکان ناتوانێ پتر لەوە چاوەڕوان بێ، ئەو ژوورەی کەپانتاییەکەی دە پێیە و بۆ چەند ڕۆژێکی کەم زیندانیی تێدا دەهێڵنەوە، جارێکی دی داوا لە دارتاشەکە دەکەن دانی پیدا بنێ کە ئاخۆ پۆستکارتی زۆرتری نەبردووە لەو ژمارەیەی کە پێشووتر ڕایگەیاندووە هەروا ئاگاداریان بکاتەوە بە کێی فرۆشتوە.. بەڵام نکۆڵیی دەکا.. بۆیە هەردوو مەچەکی جەلالەدین کەڵەبچە دەکەن و لە خانووە قورینەکە دووری دەخەنەوە، فەرمانگەی نێوخۆی پۆلیس ئۆتۆمبێلی تێدا نییە.. بۆیە دەکەویتە ئەستۆی مەنسوور کە دارتاشەکە ببا بۆ وێستگای ناوەندیی پۆلیس لە کابول.

لە دەرەوەی وێستگایەکە باوکی دارتاشەکە و کوڕەکەی و داپیرەکەی ڕاوەستاون.. کاتێ کە مەنسوور دەگاتە لایان بە دوودڵیی لێی نزیک دەبنەوە.. مەنسوور ڕقی لە کاتەکانی ئەو چاوپێکەوتنە دەبێتەوە.. لە ئامادەگیی باوکیدا دەبێ وەک دادوەرێکی دڵڕەق ڕەفتار بکا.

مەنسوور خۆی لە نێوانیان ڕادەپسکێنێ و دەڵێ: " من جگە لە ڕاسپاردەکانی باوکم شتی دیکەم نەکردوە.. چاویلکە ڕەشەکەی دەخاتە سەر لووتی و لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی دادەنیشێ.. داپیرە و منداڵە بچکۆلانەکە ڕووەو ماڵ دەگەڕێنەوە.. باوکیش سواری پایسکلە سەقەتەکە دەبێ بە دوای ئۆتۆمبێلەکەدا دەڕوا.. خۆی بە دەستەوە نادا و دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە کوڕەکەی.. ئەوانەی نێو ئۆتۆمبێلەکە پیاوە پیرەکە دەبینن کە چۆن بە سواری پایسکل پەیتا پەیتا لەبەر چاویان ون دەبێ.

مەنسوور لە جاران هێواشتر ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕێ.. لەوانەیە چەند ساڵێک تێبپەڕێ ئەوجا دارتاشەکە ئەو شەقامانە ببینێتەوە.

دەگەنە وێستگای ناوەندیی پۆلیس.. ئەو ساختمانە لە سەردەمی دەسەڵاتی تالیباندا پتر جێگای ڕق و کینەی خەڵک بوو.. وەزارەتی فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپە لێرە بوو کە ناسراو بوو بە وەزارەتی ڕەوشت.. ناوەندیکی سەرەکیی بوو بۆ پۆلیسی ئایینیی.. ئەوانەیان دەهێنا بۆ ئێرە کە پیاوی ڕیش تاشراو بوون یان ڕیش و شەرواڵەکانیان زۆر کورت بوون هەروا ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ بێگانەدا دەردەچوون بۆ شەقامەکان یان خۆیان بە

تەنیا دەردەچوون یاخود لە ژێر بۆرکاوە خۆیان دەڕازاندەوە.. هەموویان دەهێنران بۆ ئێرە.. بەدرێژایی چەند هەفتەیەک سووکایەتییان پێدەکرا.. پێش ئەوەی بیانێرن بۆ زیندانەکانی تر یان ئازاد بکرێن، کاتێ کە تالیبان رۆیشت دەرگایەکان کرانەوە و زیندانییەکان ئازاد کران.. کێبڵ و حەیزەران لەو شوێنانە بوون وەک کەرەستەی ئەشکەنجە بەکاردەهێندران.. پیاوەکان بە رووتیی جەڵدەیان لێدەدرا بەڵام ئافرەتەکان بۆیان هەبوو لە کاتی ئەشکەنجەدانیدا بە پەڕۆیەک جەستەیان داپۆشن، پێش تالیبان دەزگای هەواڵگری ستەمکاری سۆڤیەتیی لێرە بوون.. دوای ئەوانیش هێزی پۆلیسی ئەنارشستی موجاهدین ساختمانەکەیان داگیر کرد، دارتاشەکە بە قاڵدرمە فراوانەکەدا سەردەکەوێ بۆ نهۆمی پێنجەم.. دەیەوێ شان بە شانی مەنسوور بڕوا.. بە دڵ شکاوییەوە سەیری دەکا.. وا دەردەکەوێ کە چاوەکانی پتر زەق و گەورە بوونە.. لە میانەی هەفتەی رابردوودا کە گیراوە چاوە پڕ بەزەییەکانی وەک ئەوەی بیانەوێ لە کاسە بێنە دەرەوە.. دەڵێ: "بمبوورە.. بمبوورە.. بە درێژایی ژیانم بێ بەرانبەر دەبمە خزمەتکارت.. بمبوورە.

بەڵام مەنسوور بەردەوام رووەو پێشەوەی خۆی دەڕوانێ.. پێویستە لەسەری پاشەکشە نەکا.. سوڵتان فەرمانی داوە کە ئەو ناتوانێ بەرهەڵستکاریی بکا.. لەوانەیە لە میرات بێبەش بکرێ.. لە ماڵ وەدەربنرێ.. وای هەست دەکرد لە کن سوڵتان برایەکەی تری خۆشەویستترە.. ئیقبالی برای دەتوانێ (ژمێریاریی) فێر ببێ.. بەڵێنی وەرگرتوە کە پایسکلی بۆ بکرن.. ئەگەر مەنسوور بەرهەڵستکاریی بکا لەوانەیە سوڵتان هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ بپچڕێنێ، هەستی هەر چۆنێک بێ لە بەرانبەر دارتاشەکەدا بەڵام ناتوانێ سەرەڕۆیی بکا.. چاوەڕوانی لێپرسینەوە و نووسینی کۆنووسن، بە پێی یاسا سکاڵێکراو زیندانیی دەکرێ تا ئەو کاتەی تۆمەتباریی یان بێ گوناهیی ساغ دەبێتەوە.. هەموو کەسێک دەتوانێ سکاڵا لە یەکێکی تر بکا و بیخاتە زیندانەوە، مەنسوور رووبەڕووی لێکۆڵەرەوەکە کێشەکە باس دەکا.. دارتاشەکەش لەسەر زەوی دانیشتوە و پەنجە گەورەکانی هەردوو پێی وا دێنە پێش چاو کە درێژ و چەوتن.. نینۆکەکانی رەش و ئەستوورن.. بەروانکە و جل و بەرگەکەشی دڕاون.. پەشتەماڵەکەی بەسەر پشتیدا شۆڕ بۆتەوە.. شەرواڵە کۆنەکەشی بە سەر چۆکیدا شۆڕ بۆتەوە.

لێکۆڵەرەوەکە کە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتووە بە وردیی و نووسینێکی جوان قسەی هەردووکیان دەنووسێ.. کاربۆنیش بەکاردەهێنێ تا کۆپییەکی لێ دەربکا.. پۆلیسەکە پێدەکەنێ و مەسەلەکەی بە سەیر دێتە پێش چاو.

"چی وای لێکردووی بە تەنگ پۆستکارتەوە بی لە ئەفغانستان".
پێش ئەوەی دارتاشەکە بتوانێ وەڵام بداتەوە درێژە بە قسەکانی دەدا: " ئێستا پێم بڵێ بە کێت فرۆشتوە.. ئێمە هەمووومان دەزانین نەتدزیوە تاوەکو بینێری بۆ خزمەکانت".
دارتاشەکە بە دوودڵییەوە دەڵێ: "تەنیا دوو سەدم بردووە.. ئەویش رەسول هەندێکی پێدام".
مەنسوور دەڵێ: "تۆ درۆ دەکەی.. رەسول هیچ پۆستکارتێکی پێنەداوی".
پۆلیسەکە دەڵێ: "لە بیرت نەچێ کە لەم ژوورە بوارت پێدراوە راستییەکان بڵێی".

کاتێ کە پۆلیسەکە گوێ لە مەنسوور رادەگرێ.. کەی و لە کوێ و چۆن ئەو مەسەلەیە روویداوە دارتاشەکە دەکشێتەوە و پەنجەکانی دەتەقێنێ و وەک پشوودانێک هەناسە هەڵدەکێشێ.. لە پشتەوەی لێکۆڵەرەوەکە لە میانەی شووشەی پەنجەرەکەوە بەرزاییەک بە روونیی دیارە کە دروانێتە کابول.. خانوی بچووک ئاوێزانی دامێنی چیایەکە بووە.. لە سەرەوەی چیایەکە بۆ خوارەوە رێگای پێچاوپێچ دیارە.. لە هەمان پەنجەرەوە دارتاشەکە دەتوانێ خەڵکی ببینێ کە وەک مێروولە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە هەنگاو هەڵدێنن.. ماڵەکان لە کەرەستەی پاشماوە دروست کراون.. ئەو کەرەستانەی لە کابول دەست دەکەون.. کابولێک کە جەنگ کاوڵی کردووە.. لە پارچەی ئاسن و تەختە و پلاستیک و خشت تا دەگاتە خەرمانی وێرانە لێرە و لەوێ.

له پڕێکدا لێکۆڵەرەوەکە لە تەکی دادەنیشێ: "دەزانم کە منداڵی برسیت هەیە.. هەروا دەزانم کە تاوانبار نی.. منیش دوا چانسم پێداوی وەریگرە.. پێم بڵێ پۆستکارتەکانت فرۆشتۆتە کێ.. ئەگەر پێم بڵێی ئەوە ئازادت دەکەم.. ئەگەر نە ئەوە بۆ چەند ساڵێک زیندانییت دەکەم".

مەنسوور زۆر بایەخ بە بابەتەکە نادا.. لەوانەیە سەدەمین کەڕەت بێ ئەو پرسیارە لە دارتاشەکە دەکرێ و داوای لێدەکرێ دانی پێدا بنێ پۆستکارتەکانی فرۆشتۆتە کێ.. لەوانەیە ڕاست بڵێ.. لەوانەیە هیچی نەفرۆشتبێتە کەس.. مەنسوور سەیری کاتژمێرەکەی دەکا و باوێشک دەدا.

لە ناکاو ناوێک لە نێوان لێوانی جەلالەدین دەترازێ.. بە دەنگێکی وا نزم گوێ دەکا کە زۆر بە ئاستەم بێتە بەر گوێ.. مەنسوور بە پرتاوێی هەڵدەستێ.

ئەو ناوە کە جەلالەدین ناوی برد خاوەن کوشکێکە لە بازار کە تێیدا ڕۆژنامە و فیلم و کارت و کارتی ئاهەنگی ئایینی و بۆنەی هاوسەرگیریی و دەسگیرانیی و لەدایکبوون و پۆستکارتی دروشمدار دەربارەی ئەفغانستان دەفرۆشێ.. ئەو پیاوە هەمیشە پۆستکارتەکانی لە پەرتووکخانەکەی سولتان دەکڕێ بەڵام ماوەیەکە هیچی لێناکڕێ.

مەنسوور وەبیری هاتەوە کە ئەو پیاوە هەمیشە سکاڵای بوو سەبارەت بە نرخی پۆستکارتەکان.

وەک ئەوەی شتێک لە شوێنی خوی ترازا بێ.. جەلالەدین دەلەرزی و قسەی دەکرد.

"دوا نیوەڕوانێک دەستم لە کار هەڵگرتبوو هات بۆ لام و قسەی لەگەڵ کردم کە ئاخۆ پێویستم بە پارە هەیە.. بێ گومان پێویستم بە پارەیە.. دوایی پرسیاری لێکردم ئاخۆ دەتوانم هەندێک پۆستکارتی بۆ پەیدا بکەم.. لە سەرەتادا ڕەتمکردەوە.. بەڵام گەڕایەوە و باسی پارەی لەگەڵ کردم کە ئەگەر بۆی بهێنم.. بیرم لە ماڵ و منداڵەکانم کردەوە.. مووچەی دارتاش بۆ بەخێوکردنی منداڵ دەرناهێنێ.. بیرم لە هاوسەرەکەم کردەوە کە چۆن ددانەکانی دەڕزێ لە کاتێکدا هێشتا سی ساڵانە.. بیرم کردەوە کە لە ماڵەوە چۆن بێبەزەیی بۆم دەڕوانن لەبەرئەوەی ناتوانم بە پێی پێویست پارەیان بۆ بە دەست بێنم.. بیرم کردەوە کە ناتوانم جل و پێڵاو بۆ منداڵەکانم بکڕم.. ناتوانم هەقدەستی پزیشک دابین بکەم.. بیرم لەو خواردنە خراپە کردەوە کە دەیخۆین.. بەو شێوەیە خۆم دواند.. ئەگەر هەندێک پۆستکارتی بۆ پەیدا بکەم لە کاتێکدا لە پەرتووکخانەکە ئیش دەکەم.. ئەوە لەوانەیە هەندێک کێشەم بۆ چارەسەر بکرێ.. سولتان ئاگای لێنابێ.. پۆستکارتی زۆرە هەروا پارەشی زۆرە.. سەرەنجام هەندێک پۆستکارتم برد".

پۆلیسەکە دەڵێ: "پێویستە لە سەرمان بچین بۆ ئەوەی دەست بە سەر بەڵگەکاندا بگرین" هەڵدەستی و فەرمان بە دارتاشەکە دەدا.. مەنسوور و پۆلیسیکی دیکە لەگەڵی دەڕۆن.. ئۆتۆمبێلەکە دەڕوا بەرەو بازاڕ بۆ ئەو کوشکەی کە پۆستکارت دەفرۆشێ.. لەوێ کوڕێکی بچکۆڵانە کار دەکا.. لە پشت کونێکی بچووکەوە دانیشتووە.

پۆلیسەکە دەپرسێ: "مەحموود لە کوێیە؟" مەحمود بۆ نانخواردن چووە، پۆلیسەکە جلی مەدەنیی لەبەر دایە.. کارتشناسییەکەی نیشانی کوڕەکە دەدا و خۆی پێدەناسێنێ و پێیدەڵێ: "دەمەوێ سەیری پۆستکارتەکان بکەم" کوڕەکە ڕێگای پێدەدا بڕواتە ناو کوشکەکەوە.. لە شوێنێکی تەسک کە بە دیوار دەور دراوە.. لە نێوان تەختەکان تاخلچە دانراون.. مەنسوور و پۆلیسەکە پۆستکارتی سەر تاخلچەکە دێننە خوارەوە.. هەمان ئەو پۆستکارتانەیە کە

سولتان چاپی کردوون.. ختووبه‌تیه نێو کیسه‌وه.. ژماره‌کانی له‌وانه‌یه بگاته چه‌ندین هه‌زار.. به‌ڵام ئاخۆ کامه‌یانی مه‌حمود به شێوه‌یه‌کی یاسایی کڕیونی کامه‌شیانی له جه‌لاله‌دین کڕیون.. ئه‌و مه‌سه‌له‌یه قورسه یه‌کلایی بکرێته‌وه.. کوڕه‌که و پۆستکارته‌کان ده‌به‌ن بۆ فه‌رمانگه‌ی پۆلیس.. له چاوه‌ڕوانی مه‌حموددا پۆلیسێک له ته‌ک کوشکه‌که جێده‌هێڵن.. به‌ڵام کوشکه‌که داده‌خرێ و مۆر له سه‌ر قوفڵه‌کانی ده‌درێ.. له‌و رۆژه‌دا چیدیکه مه‌حمود ناتوانێ پتر کارتی سوپاس بفرۆشێ هه‌روا له‌به‌ر هه‌مان هۆ ناتوانێ وێنه‌ی قاره‌مان و جه‌نگاوه‌ران بفرۆشێ.

له کۆتاییدا کاتێ که مه‌حمود ده‌گاته فه‌رمانگه‌ی پۆلیس هێشتا بۆنی که‌بابی لێدێ، سه‌رله‌نوێ قسه لێده‌رهێنان ده‌ست پێده‌کاته‌وه.. له‌سه‌ره‌تادا مه‌حمود بکۆڵێی له ناسینی دارتاشه‌که ده‌کا و وا خۆی نیشان ده‌دا که هه‌موو شتێکی به رێگای ره‌وا و ئاسایی له سولتان و یونس و ئیقبال و مه‌نسوور کڕیوه.. دواتر ته‌کنیکی قسه‌کردن ده‌گۆڕێ و ده‌ڵێ رۆژێکیان دارتاشه‌که په‌یوه‌ندیی پێوه کردم به‌ڵام هیچ شتێکم لێنه‌کڕی.

ده‌بێ خاوه‌ن کوشکه‌که شه‌وێک ده‌ستبه‌سه‌ر بمێنێته‌وه.. به‌ڵام مه‌نسوور ئازادی ده‌کا.

له ڕێڕه‌وه‌که‌دا باوکی دارتاشه‌که و مامی و کوڕی خوشکه‌که‌ی و کوڕه‌که‌ی له چاوه‌ڕوانیی دان.. لێت نزیک ده‌بنه‌وه و به دوایدا ده‌ڕۆن.. ده‌که‌ونه ترس و له‌رزه‌وه کاتێ که بۆ ده‌ره‌وه هه‌نگاو هه‌ڵدێنێ.. چیدیکه له تواناییدا نه‌بوو.. جه‌لاله‌دین دانی پێدا نا.. ئه‌وه‌ش دڵی سولتان خۆش ده‌کا.. مه‌سه‌له‌که چاره‌سه‌ر کرا.. ئێستا دوای ئه‌وه‌ی دڵنیا بوون که جارێکی دی فرۆشراوه ئربکاری داوای سزا ده‌ست پێده‌کاته‌وه.. قسه‌ی قسه‌لێده‌رهێنه‌ره سه‌ربازییه‌که‌ی بیرکه‌وته‌وه (ئه‌وه دوا چانسته.. ئه‌گه‌ر دانی پێدا بنێی ئه‌وه رێگات پێده‌ده‌م بگه‌ڕێیته‌وه نێو خێزانه‌که‌ت".

مه‌نسوور هه‌ست به هه‌راسانیی ده‌کا.. بیر له قسه‌کانی ئه‌و دواییه‌ی سولتان ده‌کاته‌وه.. پێش رۆیشتنی: "له پێناوی ئه‌و بازرگانییه‌وه ژیانم خسته مه‌ترسییه‌وه.. زیندانیی کرام.. لێم درا.. خۆم تووشی ده‌رده‌سه‌ریی کرد که شتێک بۆ ئه‌فغانستان بکه‌م.. دارتاشێکی هیچ و پووچ ده‌یه‌وێ ماندووبوونی هه‌موو ژیانم تێک بدا.. ده‌بێ سزای خۆی وه‌ربگرێ.. مه‌نسوور لێبووردنت نه‌بێ.. نه‌رمیی مه‌نوێنه".

له ماڵێکی قوڕینی رووخاو له خوادیادا ئافره‌تێک دانیشتووه و ده‌ڕوانێته هه‌وا.. منداڵه‌کانی ده‌گرین له‌به‌رئه‌وه‌ی هیچی نییه بیانداتێ.. چاوه‌ڕوانی باپیره‌یانه له شار بگه‌ڕێته‌وه.. له‌وانه‌یه له‌گه‌ڵ خۆی شتێک بهێنێ.. منداڵه‌کان به‌ره‌و پیریی ده‌چن.. به‌ڵام کاتێ به پایسکله‌که‌ی له ده‌روازه‌که دێته ژووره‌وه هیچی به ده‌سته‌وه نییه.. هه‌روا ماڵه‌که‌شیان هیچی تێدا نییه.. راده‌وه‌ستن و ته‌نیا ئاکاری ره‌شی ده‌بینن.. ئیدی ده‌ست ده‌که‌نه گریان و خۆیانی پێ شۆڕده‌که‌نه‌وه و گوێڕادێرن: "باوکمان له کوێیه.. که‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه لامان؟".

---

تێبینیی: ئه‌م چیرۆکه‌م له زمانی عه‌ره‌بییه‌وه وه‌رگێڕاوه، نووسه‌ره‌که‌ی رۆژنامه‌نووسێکی ناسراوی نه‌روێجییه.. سێ مانگ له ته‌ک خێزانێکی ئه‌فغانیی له کابول که خاوه‌ن په‌رتووکخانه‌ن ژیاوه.. په‌رتووکیکی به ناوی "په‌رتووک فرۆشێک له کابول" له‌سه‌ر داناوه که بۆ زۆربه‌ی زمانه زیندووه‌کانی جیهان وه‌رگێردراوه، ئه‌م چیرۆکه یه‌کێکه له بابه‌ته‌کانی په‌رتووکه‌که که تێکرای به‌سه‌رهاتی راسته‌قینه‌ی ئه‌و بنه‌ماڵه‌یه ده‌گێڕێته‌وه، هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش که نووسه‌ره‌که له نێو ده‌قی نووسینه‌که‌یدا تا راده‌یه‌کی زۆر چۆته نێو کونج و که‌لێنی بنه‌ماڵه‌که و به شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ باس له ژیان و هه‌ڵسوکه‌وتیان ده‌کا.. خاوه‌ن ماڵه‌که خۆی ده‌گه‌یه‌نێته نه‌رویج و سکاڵای له‌سه‌ر تۆمار ده‌کا. (وه‌رگێڕی کوردی).

نه‌رویج

# هاوسەری گاوانەکە.

**- وەرگێڕان لە عەرەبییەوە -**



هنری لۆسن

لە خانوویەکی سادە کە پێکهاتبوو لە دوو ژوور ژنێک و هەر چوار منداڵەکەی دەژین، باوک لە ماڵەوە نییە.. گاڕانەکەی داوەتە پێش و هەرێمەکانی ئۆسترالیا دەپێوێ.

خانووەکە کەوتۆتە ناوەڕاستی کۆمەڵێک داری تۆزاویی بێبەر.. ئاسۆی دارەکان دیار نییە، ناوچەکە پانتاییە و نە زنجیرەی هەیە نە بەرزایی، لەو چۆڵەوانییە ترسناکە شتێک نییە نیگا دڵخۆش بکا جگە لە هەندێ دار بەڕوو نەبێ کە سەوزییەکەیان تۆخە.. دارەکان لە ژێر خەمۆکیی ناڵەیان دێ.. کەوتۆنەتە کەناری رووبارەکەوە.. رووبارەکەش کەم ئاو و وشکە بە درێژایی رۆژەکانی ساڵ، خانووەکە تەنیا خانۆچکەیەکە لەسەر رێگای گشتییی.. نزیکترین مەڵبەندی شارستانیی ١٩ میل لێوەی دوورە.

خانووەکە پێکهاتووە لە دوو ژوور و دیوارەکانی بە تەختەدار دروست کراون.. تەختەکان هەندێکی لاکێشەیە و هەندێکیشی نیمچە خڕە.. بە گوریس توند پێکەوە بەستراون.. گوریسەکەش لە ریشاڵی دارەکان دروست کراوە.. زەوییەکەشی بە تەختەداری لاکێشە هەڵچنراوە بەڵام پێکەوە نەنووساون.. لە تەک ژوورەکاندا ناندینێک و بەلەکۆنێک هەیە پانتاییەکەیان لە پانتایی خانووەکە پترە.

چوار منداڵی زبر پێست و دەمووچاو گرژ لە بەرانبەر خانوەکە خۆیان خەریک کردووە.. لەپڕێکدا یەکێکیان هاوار دەکا: "دایە!!.. دایە!!.. مار!!.. مارێک لێرە دایە!!... ئافرەتێکی دێهاتی کە تیشکی خۆر بە دڵرەقیی لێداوە بە پەلە لە ناندینەکەوە دەردەچێ منداڵەکەی لە زەوی هەڵدەگرێ و بە لای قەبرغەی چەپی دایدەنێ و بە دەستەکەی تر دارێک هەڵدەگرێ.

کوڕە گەورەکەیان هاوار دەکا: "لێرەوە رۆیشتە نێو دارەکان" (مەبەستی لەو دارانەیە کە بۆ سوتان دایانابوو) بە دەنگێکی هاندەرانە و بە شێوەیەکی توند و هەڵوێست وەرگرتن هاوار دەکا: "دایە لێرە بوەستە!.. دووورکەوە.. دەمەوێ بە شوێنیدا برۆم!.. دەڕۆم پارچە ئاسنە ئەستوورەکە دێنم".

منداڵەکە بە گومانەوە نزیک دەکەوێتەوە.. دارێکی هەڵگرتووە لە خۆی درێژترە.. وەک ئەوەی سەرکەوتنی بەدەستهێنابێ هاوار دەکا: "لێرەوە رۆیشت.. چووە ژێر خانووەکە.. دارەکەی دەستی بەرز دەکاتەوە و ئاماژە دەکا.. سەگێکی رەشی کەتە گەردەوانەکەی پساند بەرەو پێشەوە دەڕوا بە دوای مارەکەدا.. سەرکەوتوو نابێ.. چەند خولەکێک رادەوستێ و جارێکی دیکە شوێنەکە دەپشکنێ بە تایبەت لەو شوێنەی کە مارەکە خۆی خزاندە نێو درزی

دارەکان بەڵام ئافرەتەکە بۆ پاراستنی سەگەکە دوای مانووبوونێک گەردەوانەکەی ئاڵاندەوە ملی.. رێگای پێنەدا سەرەڕۆیی بکا و ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە.. لەبەرئەوەی ئافرەتەکە زۆر پێویستی پێیەتی بە تایبەتیی لەو هەژاریی و نەهامەتییەدا.

دایک ئاماژە دەکا بۆ منداڵەکانی بە مەبەستی کەنارکەوتن لە کاتێکدا خۆی لە شوێنی بەستنەوەی سەگەکە بە وریاییەوە چاودێریی دەکا بە نیازی دۆزینەوەی حەشارگای مارەکە.

دوو قاپی شیری پر کرد و لەو قەراغە داینا بەو هیوایەی چەشەی بکا بەدەربکەوێ.. بەڵام ئەوە کاتژمێرێک تێپەڕی.. پێیوابوو رۆژگارێکی دوور و درێژە.. هیچ شوێنەواری مارەکە دیار نییە، خۆر نزیکی ئاوابوونە.. ئاوهەواش مژدەی هەڵکردنی گەردەلوولێک دەدا.. دەبێ منداڵەکان بەرێتە ژوورەوە.. چۆن شتی وا بکا لەوانەیە لە هەر دەمێکدا مارەکە لە درزەکانەوە خۆی بکا بە ژووردا؟!! باوەشێک داری سوتانی هەڵگرت و لە ئاندینەکەی دانا و منداڵەکانیشی هێنایە ژووری دانیشتنەکەی کە لە هەموو ژوورەکانی دی باشترە.

هەردوو کوڕ و هەردوو کچەکەی ئامادەکرد و پێیگوتن لە سەر تەختە دارینەکە کۆببنەوە کە کەوتۆتە ناوەڕاستی شوێنەکەوە.. هەندێک شوربای پێدان، پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێ چوو بۆ خانووەکە و چەند ریشاڵێکی لەگەڵ خۆی هێنا.. زۆر وریا و بە دەستوبرد بوو لە ئیشەکانیدا.. ترسی ئەوەی هەبوو لە هەر کاتێکدا دەستی بەر مارەکە بکەوێ.. منداڵەکانی لەسەر تەختەکە کۆکردەوە و خۆیشی بە درێژایی شەو دانیشت و چاودێریی کرد.. چاوەکانی دەڕوانە گۆشەکە.. باوەشێک داری لە تەنیشتیەوە داناوە ئامادە بێ بۆ کاتی پێویست.. هەڵستا بۆ لای سەگەکە چوو.. زنجیرەکەی لێکردەوە و هێنای بۆ لای خۆی.. تومی ئاوەڕی دایەوە بە نارەزاییەوە گوتی: "بە درێژایی شەو ئاگادار دەبم تا سەری ئەو مارە لەعنەتییە پان دەکەمەوە".

دایکی گوتی: "چەند جار پێمگوتی جنێو مەدە!".
تومی دارێکی لە تەنیشت خۆی داناوە.. برا بچکۆلانەکە جاکی نارەزایی دەردەبڕێ.
جاکی: "دایە تومی هەراسانم دەکا بە دارەکەی.. پێ بڵێ فڕێ بداتە دوور".
تومی: "کورە وسبە.. دەتەوێ بەگەزەی مار بمری؟!" دوای ماوەیەک تومی بەردەوامیی بە قسەکانی دەدا: "ئەگەر مار گەزەت لێبدا دەئاوسێ و رەنگت سوور دەبێ دواتر سەوز هەڵدەگەڕێ دواتریش رەنگت دەبێ بە شین.. بەو شێوەیە دەتەقیتەوە.. وا نییە دایە؟!".
دایک: "بێ دەنگ بە.. منداڵەکە مەترسێنە.. بخەوە".
هەردوو منداڵە بچکۆلانەکە لە خەو دان.. جاکیش ناوەناوە سکاڵایەتی لە دەست تەنگ پێهەڵچنینی لە لایەن تومی برایەوە.
تومی: "دایە.. ئۆف لە دەستی ئەو ئاژەڵە لەعنەتییە بچکۆلانە... گوێت لێیە؟ دەمەوێ سەری بشکێنم".
جاکی نارەزایی دەردەبڕێ و بە دەنگێکی خەواڵوو دەڵێ: "ئەو ئاژەڵە لەعنەتییە سپییانە زیانی کەسیان نییە".
دایک: "چەند جارە ئاگادارت بکەمەوە.. براکەت فێری جنێو مەکە" جنێو خەندە دەخاتە سەر لێوەکانی.. جاکی خەواڵو بوو و خەو بردیەوە.
تومی پرسیاری منداڵانەی دووبارە دەکاتەوە: "دایە وا دەزانی ئەوان پارێزگاریی لە کەنغەر دەکەن".
دایک: "خوایە چۆن بزانم.. بخەوە.. بخەوە".
تومی: "هەڵمەدەستێنی ئەگەر مارەکە دەرکەوت؟".
دایک: "ئۆهـ.. ئێستا بخەوە".

شەو دوو کوت بوو.. هەر چوار منداڵەکە خەویان لێکەوت بەڵام دایکەکە چاوەڕوان.. جارێک خۆی بە چنینەوە خەریک دەکا.. جارێکی دیکە دەخوێنێتەوە.. لە نێوان ئەو دوو کارەش چاو دەگێڕێ بە سەراپای ژوورەکەدا.. ئەگەر گوێی لە هەر جووڵەیەک بێ دەست دەداتە دارەکە و خۆی ئامادە دەکا بۆ لەنێوبردنی دوژمنەکەی... ئاوهەوا لێڵە و مژدەی گەردەلوولێکی نزیک دەدا.. گیڤە گیڤی با دێ.. لە نێوان درزی تەختەدارەکان خۆی دەکا بە ژووردا.. ئاگری مۆمەکە کز دەبێ.. لەسەر تەختە بچووکەکە دانراوە.. دەبیاتە گۆشەیەکی پەنا.. بەو گۆڤارەی کە دەیخوێندەوە پەنای بۆ دەکا.. گرێکی زیوین دەبریسکێتەوە.. لە نێوان درزەکانەوە رۆشنایی برووسکە خۆی دەکا بە ژووردا.. دەنگی هەورە تریشقە بە دوای یەکدا دێ.. بارانێکی زۆر دەبارێ وەک ئەوەی لافاو بێ، لەسەر زەوییەکە سەگەکە پاڵکەوتووە و گوێ قووت و ئامادەیە بۆ ڕووداوی شتێک... لە چاوانی سەگەکە پێشبینی دەکا کە مارەکە لە دیوارەکەی بەرانبەر بێ.. لەوێ درزی فراوانتری لێیە، وا هەڵنەکەوتووە کە ترسنۆک بێ لە بەرانبەر تەنگانەدا.. ئافرەتێکی ئازایە بەڵام ئەو ڕووداوانەی دوایی ئازایەتییان لێسەندووە.. پێش ماوەیەک کوڕە خۆشکێکی مار پێوەی دا و لە ئەنجامدا مرد.. لە لایەکی ترەوە ئەوە شەش مانگە تێدەپەڕێ بەسەر بزربوونی مێردەکەیدا و هیچ لە بارەیەوە نازانێ بۆیە لە دڵەڕاوکێدا دەژێ.

مێردەکەی گاوانی گەڕۆکی گاڕانێکە.. لەو کاتەوەی مێردی پێکردوە هاوبەش بووە لەگەڵیدا لە تەنگژیەکانی ژیان.. پێشتر خەونی ئەرخەوانیی هەبوو بەڵام ئەو وشکە ساڵییەی تووشی وڵات هات گەیاندنی بە رادەی پایەپووچبوون، هاوسەرەکەی ناچاربوو ئەو مەڕوماڵاتەی کە هەیبوو بیفرۆشێ و دەست بداتە پیشەکەی جارانی وەک گاوان.. بەڵام ژنەکە تا ئێستاش هەندێک مەڕوماڵاتی ماوە لەگەڵ جووتێ مانگا و ئەسپێک.. جاروبار شووبرایەکەی سەردانی دەکا.. مانگێ جارێک ئازووقەی پێویستی بۆ دێنێ و یەکێک لە مەڕەکان سەردەبڕێ و هەندێک گۆشت بە ژنەکە دەدا و ئەوەی ماوە لە بری ئازووقە دەیبا، ژیان فێری کردوە کە خۆی ئیشوکاری خۆی بسووڕێنێ.. زۆر جاران مێردەکەی لە ماڵەوە نییە و خەریکی گاوانییە.. جارێکیان پتر لە هەشت مانگ نەهاتەوە.. ئەو دەمە ئافرەتەکە وەک هەر کچێکی هەرزەکار خەون و ئاواتی هەبوو بەڵام ئێستا بە حوکمی قەدەر رازییە.. وروژاندن و خۆشیی خۆی بە خوێندنەوەی گۆڤاری ئافرەتان قەرەبوو دەکاتەوە.. بە دوای دوا مۆدێلدا دەگەڕێ لەو گۆڤارانەدا.

خۆی و مێردەکەی ئوسترالیایین.. مێردەکەی پیاوێکی نموونەیی نییە بە دەر بێ لە هەڵە بەڵام باوک و مێردێکی گونجاوە... ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ دەیبا بۆ شار و بە دەستبڵاویی پارەی لێ خەرج دەکا وەک بڵێی ژنی پادشایە.. لە شەمەندەفەر جێگای خەوی بۆ بە کرێ دەگرێ و لە باشترین میوانخانە دادەبەزن و لەوانەیە ئۆتۆمبیلیشی بۆ بکرێ.. بەڵام جگە لەوانە دوور لە یەک دەژین.. سوودی چیە پرتە و بۆڵە و سکاڵا؟!... ئافرەتەکە دەڵێ: "لەوانەیە پیاوەکەم هەندێک جار لە بیری بچێ کە خێزانی هەیە" بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە هەوڵ دەدا قەرەبووی دابڕانەکە بکاتەوە بە خەرجکردنی پارە بۆ رازیکردنی.

دووان لە منداڵەکانی لە جەنگەڵ پەیدا بوون.. جارێکیان مێردەکەی ناچار بوو بانگی دوکتۆرێکی سەرخۆش بکا تا سەرپەرشتیی منداڵ لە دایکبوونی بکا.. ئەو ڕۆژە لاواز بوو و تای لێهاتبوو.. لە خوا دەپاڕایەوە یەکێکی بۆی بنێرێ یارمەتیی بدا.. خوا بە دەنگ داواکەیەوە هات و (ماریای رەش)ی بۆ نارد.. بەڵکو باشتر خوا جیمی پادشای بۆ نارد.. لە ڕێگای ئەووەوە (مریەمی رەش) هات.. بە چارەیەکی رەشەوە لە پشت دەرگاکەوە وەدەرکەوت و بە گاڵتەوە گوتی ژنە پیرەکەم هێناوە.. ئەووەتە بە راکردن دەگا.. ئەووەتە نزیک رووبارەکەیە، لە نائامادەگیی مێردەکەیدا منداڵێکی مرد.. ئەو دەمە خۆی بە تەنیا بوو.. کاتێ کە منداڵە مردووەکەی بە هەردوو دەست هەڵگرتبوو نۆزدە میل بە پێ ڕۆیشت لە کەسێک دەگەڕا یارمەتیی بدا.

کاتژمێر دووی سەرلەسپێدەیە.. ئاگرەکە خەریکە دەکوژێتەوە.. سەگە ناشیرینەکە کە بینەر دڵخۆش ناکا گوێ قوت خۆی ئامادە کردوە بۆ شەڕ.. سەگێکی ئازایە و لە سەر و ژێری زەمین ترسی نییە.. هەمیشە ئازایە لە شەڕکردندا.. ئەوجا بەرانبەرەکەی چ گایەکی زل بێ یان مێشێکی لاواز.. رقی لە هەموو جۆرە سەگێک دەبێتەوە.. تەنیا سەگی کەنغەر نەبێ.. ئاسوودە نییە بە بوونی خەڵکی نامۆ لەماڵەکەیاندا ئەوجا چ دۆستی خێزان بێ یان خزم.. تێگەیشتنی کەمە لەوانەی سەردانی دەکەن.. لەوانەیە هەندێک رێبواری نامۆی بە دڵ بێ و دۆستایەتییان لەگەڵ بکا بەڵام دوژمنە سەرەکییەکەی مارە.. زۆری لە نێو داوە، ژنەکە زۆر دەترسێ مارێک پێوەی بدا و لە دەستی بچێ.. زۆربەی سەگەکانی هاوچەشنی بە هۆی مارپێدانەوە مردن.. ئافرەتەکە جاروبار ئەوەی لە دەستی دایە فڕێی دەدا.. گوێ هەڵدەخا.. چاودێری دەکا.. بیر دەکاتەوە.. مەلی ئەندێشەی بۆ لای ئەو سەرگوزەشتە و رووداوانە دەفڕێ کە لە ژیانیدا پێیاندا تێپەڕیوە.

ئەو بارانە زۆرە وا لە گیا دەکا برسکێ.. یادیکی سەخت بە مێشکیدا گوزەری کرد.. یادی بەرەنگاربوونەوەی ئاگرکەوتنەوە لە جەنگەڵدا.. لە کاتێکدا کە مێردەکەی لە ماڵ نەبوو.. ئەو رۆژەی کە گیا بەرز و وشک بوو.. ئاگرەکە داگیرسابوو و دەیویست هەڵیلووشێ.. ئەو رۆژەی کە شەرواڵی مێردەکەی لە پێکردبوو و بە لقی داری سەوز بڵێسەی ئاگرەکەی دەکوژاندەوە.. زۆر بەرهەڵستکاری دەکرد تا ئارەقەی لەگەڵ تەپوتۆزی رەشی گیایە سوتاوەکە تێکەڵ بوو.. هێڵی خواروخێچی لە سەر پێستی دەموچاوی دروست دەکرد، رووی بە هاڵاوی رەشایی داپۆشرابوو.. شێوەی دایکەکە بە شەرواڵی مێردەکەیەوە نامۆ بوو.. سەرنجی تومی بچکۆلانەی بۆ لای خۆی راکێشا.. وایلێکرد وەک قارەمانێکی بچووک شان بە شانی دایکی کۆشش بکا بەڵام تینی ئاگرەکە لە توانای ئەوان بەهێزتر بوو.. دەیویست لە نێویان بەرێ.. ئەگەر بەزەیی خوا نەبووایە لە کاتی گونجاو چوار پیاوی بە هێز نەدەهاتن.. دواتر هەڵویستەکە مایەی خەم و پێکەنین بوو.. دایکەکە رایکرد باوەش بە کوڕەکەیدا بکا بەڵام منداڵەکە خۆی نەدا بەدەستەوە و بە دەنگی بەرز هاواری کرد.. وایزانی پیاوێکی رەشە.. تەنانەت سەگەکەش مەسەلەکەی لێ تێکەڵ ببوو.. بروا بە هەستی خۆی بکا یان شوێنی هەست و نارەزایی منداڵەکە بکەوێ!!... سەری سوڕمابوو.. بە بێ مەبەست ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد تا تومی شاپێکی لێدا و وەئاگای هێنایەوە.. ئیدی دەستی کرد بە کلک لەقاندن بە نیشانەی پەشیمانبوونەوە لەوەی کە گومانی کرد و خاوەنەکەی نەناسییەوە.

ئەو رۆژە رۆژێکی دیار و گرنگ بوو لە ژیانی منداڵەکاندا.. بۆ چەند ساڵێک لە بیریان نەچۆوە.. بیر لە رووداوەکانی دەکەنەوە و پێدەکەنن.

یادگاری ململانێیەکی دیکە بە ئەندێشەیدا تێپەری.. ئەو رۆژەی کە بە تەنیا رووبەڕووی لافاو بۆوە.. ئەو رۆژەی کە مێردەکەی ماڵەوەی جێهێشتبوو و لە گەڕان بوو.. ئەو رۆژەی کە بۆ چەندین کاتژمێر کەناڵەکانی هەڵکەند و قووڵی دەکردەوە تا بەنداوی قەراغ رووبارەکە نەڕووخێ بەڵام لە کۆششەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو.. هەمیشە گرفتارگەلێک هەن لە توانای ئافرەتێکی تەنیا بەهێزترن.. کاتێ کە بەنداوەکە تەقی بۆ رۆژی دوایی سەر و دڵی گیرا.. بیری لەو خەفەتە کردەوە کە دووچاری مێردەکەی دەبێ کاتێ کە دەزانێ کار و کۆششی ساڵانێکی بەفیڕۆ رۆیشت.

یادگارییەکی دیکە بە مێشکیدا گوزەری کرد.. ئەو رۆژەی کە پەتایەکی کوشندە لە گاڕانەکەی دا و باشترین دوو مانگای کوشت لە گەوەڕەکەیاندا.. ئەو رۆژە چەند خەفتبار بوو.

پاشان یادگاری رووداوێکی دیکە خەندەی خستە سەرلێوی.. کاتێ کە قەلەڕەشەکان پەلاماری مریشکەکانی دەدان.. کە چۆن ئەو رۆژە پلانێکی سەیری داهێنا بە مەبەستی دوورخستنەوەیان.. منداڵەکان هاوار دەکەن: "قەلەڕەش!

قەلەڕەش دایە!..." ئەویش داری گسکەکە بەرەو روویان دەگرێ لە چەشنی چەک.. لە هەمانکاتدا دەنگێک دەردەکا لە دەنگی تەقە بچێ.. قەلەڕەشەکانیش دەستبەجێ ئەو ناوە جێدەهێڵن، راستە قەلەڕەش فێڵباز و زیرەکە بەڵام فێڵ و زیرەکیی ئافرەت کاریگەرترە.

ئەو هەڵویستە هاوچەشنانەی کە وەک ئەو رووداوە فێڵ و زیرەکییان تێدایە ئەوە بوون؛ کاتێ هەندێک پیاوی هاروهاج تووشی دەبوون و گومانی لا دروست دەبوو.. پەنای دەبردە بەر چەواشەکردنیان.. گوایە مێرد و کوڕەکەی لە قەراغ بەنداوەکە ئیش دەکەن و چەند خولەکێکیان پێ ناچێ دەگەنە ئێرە، تەنیا هەفتەیەک پێشتر یەکێک لەو پیاوە ستەمکار و رەزاقورسانەی تووش بوو.. نائامادەگیی مێردەکەی بە هەل زانی.. جانتایەکەی فڕێدایە بەلەکۆنەکەوە و داوای هەندێک خواردنی کرد.. ئەویش نەختێک خواردنی بۆ دانا.. خۆریش بەرەو ئاوابوون دەچێ.. حەزی دەکرد شەو بمێنێتەوە، ئافرەتەکەش دەستی دایە پارچە ئاسنێک و سەگەکەی بەرەڵا کرد و بەرەو کابرا چوو.. پارچە ئاسنەکە لە دەستێکی دابوو و لە دەستەکەی دیکەیشی زنجیری سەگەگە.. بە دەنگێکی فەرمانئامێز و یەکلاکەرەوە گوتی: "برۆ! بە پەلە گۆڕت گوم کە!!" نیگای پیاوەکە لە نێوان ئافرەتەکە و سەگەکە دابوو.. بە دەنگێکی نزم گوتی: "باشە بەڕێزم! ئەوە دەڕۆم.." پاشان رۆیشت.

خاوەن خواست و خۆڕاگرییەکی بەهێز و چاونەترس بوو بۆیە پتر تەنگانەی تێدەپەڕاند.. چاوی تیمساح ئاسای سەگەکە یارمەتیی دەدا.. دوو چاوی زەرد هەر دەتگوت تیمساحی راستییە.

رووداوە خۆشەکانی ژیانی کەمە.. هەموو رۆژەکانی وەکو یەکن.. تەنیا رۆژی یەکشەمە نەبێ جلی جوان لەبەر خۆی و منداڵەکان دەکا و پیاسەیەک دەکەن بۆ جەنگەڵ.. دەکۆشێ وا بڕوا بە خۆی بێنێ کە لە سەر شۆستەکەی شار پیاسە دەکا کە گوایە لە نێو کۆمەڵێک خەڵک دایە.. بەڵام لە راستییدا بیست میل دەڕوا بە بێ ئەوەی شتێکی تازەی تووش بێ.. بێزارییە لە هەموو شوێنێک.. دارەکان وەکو یەکن.. هیچ شتێک نییە بە خۆشییەوە سەرنجت راکێشێ.. هاوڕێیەتییەک نییە بەستەڵەکی بەربڵاوی تەنیایی بشکێنێ.. بێزارییەکە وەک بێزاریی بەلەمێکی پەڕینەوەیە لەسەر پانتایی بێ کۆتایی دەریا یان وەک رۆیشتنی فارگۆنی شەمەندەفەرێکە لەسەر یەک تەوژم و لە سەر یەک هێڵ کە بۆی دیارکراوە.

گەڕانەوەی مێردەکەی پێخۆشە بەڵام ئاهەنگی بۆ ناگێڕێ.. تەنیا چەند سینییەکی خواردنی بۆ دروست دەکا کە حەزی لێیە و جلی جوان لەبەر منداڵەکان دەکا.. ئەوە هەموو شتێکە.

ئافرەتەکە وا دیارە کە رازییە بە بەشی خۆی.. منداڵەکانی خۆشدەوێ بەڵام خەم و سەرقاڵبوونی بە ئەرکەکانی ژیان وزە و کاتی لێدەستێنێ بۆیە ناتوانێ خۆشەویستییەکەی دەرببڕێ.. لەوانەیە وا بێتە پێش چاو کە ئافرەتێکی دڵرەقە.. جێگای هەست و سۆزی مێیینە لە پێکهاتەیدا نییە بەڵام سووچی ئەو نییە.. سروشتی دەوروبەرەکەی مۆرکی دڵرەقییان لێداوە.

وا دیارە شەفقە کاتژمێر لە دەستیدا نییە.. لە ماڵەکەیاندا هەیە، مۆمەکە خەریکە دەتوێتەوە.. مۆمی دیکەی نییە.. ئاگردانەکە داری تێدا نەماوە.. سەگەکەی لە ژوورەوە بەجێهێشت و بە پەلە چوو بۆ لای کۆمەڵە دارەکە.. دارێکی راکێشا کۆمەڵەکە هەرەسی هێنا، دوێنێ لەگەڵ پیاوێکی رەشی دراوسێیان رێککەوت کە لە جەنگەڵەکە هەندێک داری وشکی بۆ بێنێ.. کاتێ کە پیاوەکە خەریک بوو.. ئەویش رۆیشت لە ماڵگایە بزربووەکەی دەگەڕا.. کاتێ گەڕایەوە بینی پیاوەکە بە چاکیی ئیشەکەی ئەنجام داوە.. پێ سەیر بوو کاتێ ئەو هەموو کۆمەڵە دارەی بینی.. کاتژمێرێکی نەخایاند ئەو هەموو دارەی کۆکردبۆوە.. ئەو کارەی پێخۆشبوو.. لەبری ئەوە چەند مشتە

توتنێکی پێدا و ستایشی هەڵسووڕان و پەلەکردنی لە ئیشەکەیدا کرد... پیاوەکەش ستایشەکەی پێخۆشبوو سوپاسی کرد و بە سەربەرزیی سینگی دەرپەڕاند و شوێنەکەی جێهێشت.. دوا پیاوی خێڵی ملکا بوو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک داری بێ ناوەڕۆک و پووچی کۆکردبۆوە.. ئەوەتە ژنەکە فێڵەکەی ئاشکرا کرد.. کۆمەڵێکی بێ ناوەڕۆکە... بەوە خەفەتبار بوو و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.. دەستی دایە دەسترێک و فرمێسکەکانی بسڕێتەوە بەڵام لەبری دەسترِ پەنجەکانی دەیسڕیەوە.. بۆی دەرکەوت کە دەسترەکە کون کونە.. پەنجە گەورەکەی لە کونێکەوە دەرچووبوو پەنجەی شایەتیی لە کونێکی دیکە.. بەوە پێکەنی.. پێکەنینەکەی "تیمساح"ەکەی ورووژاند.. جاروبار گیانی نوکتە بە دەروونیدا گوزەر دەکا و چیرۆکێکی پێکەنیناویی هەڵدەچنێ و بۆ ئەو پیاوانەی دەگێڕێتەوە کە لە جەنگەڵ تووشی دەبن.

ئەوە رۆژ دەرکەوت.. ژوورەکە بە چاکیی قوفڵدراوە.. گەرم داهاتوە بە هۆی گڕی ئاگرەکە بە درێژایی شەو "تیمساح"ەکە هێشتا جار نە جارێک چاوی بە دیوارەکەدا دەگێڕێ لە پرێکدا نیشانەی تووڕەبوون و گرژبوونی لێ وەدەردەکەوێ.. چوو بۆ ئەو لایەی کە پێیوابوو مارەکە خۆی تێدا حەشارداوە.. لەرزێک بە جەستەیدا هات.. مووی پشتی ملی راستبۆوە.. چاوە زەردەکانی دەبریسکێنەوە.. بریسکەی ئامادەیی بۆ شەڕ.. لەو دوو کونە دوو پشکۆ داگیرسان... مارەکە!! مارێکی رەش بە کاوەخۆ دەرکەوت و بەرەو سەرەوە و خوارەوە سەری دەجوڵێنێ.. سەگەکەش هێشتا لە بۆسە دایە.. ئافرەتەکەش سەری سوڕماوە لە شوێنی خۆی چەقیوە.. مارەکە هەنگاوێک هاتە پێشەوە.. ئافرەتەکە دارەکەی هەڵگرت.. مارەکە هەستی بە مەترسیی کرد و سەری خستەوە نێو درزەکەوە و بە پەلە خۆی کۆکردەوە.. "تیمساح" بازی دا بەو نیازەی بە دەم بیگرێ بەڵام لووتە پانەکەی نەیهێشت.. مارەکە خۆی بە زەوییەکەوە نووساندوە.. سەگەکەش هەوڵی دووەم و سێیەمی دا تا هەلی بۆ رەخسا توانی دەری بکا بۆ سەرەوە.. مارێکی رەش نزیکەی سێ مەتر درێژە.. سەری بەرز دەکاتەوە بە نیازی ئەوەی دوژمنەکەی لەنێوبەرێ بەڵام توانی ملی بگرێ و بە توندیی رایبوەشێنێ هەر وەکو ئەوەی هەستی کردبێ کە دوژمنایەتییەکی هەمیشەیی هەیە لە نێوان خۆی وەچەی حەوادا.

کوڕە گەورەکەیان وەئاگا هات.. هەوڵی دا جێگایەکەی جێبهێڵێ بەڵام دایکی بە توندیی دەستی گرت و نەیهێشت.. تەق.. تەق پشتی لە چەند شوێنێکەوە شکا.. تەق.. تەق.. سەری وردوخاش بوو.. لووتی "تیمساح"ەکەش وەکو کاتی جارانی خۆی بچووک ببۆوە.

ئافرەتەکە بە سەری دارەکەی مارەکەی هەڵگرت و لە نێو ئاگرەکەی دانا.. کۆمەڵێک داری خستە سەری.. راوەستا و سەیری کرد کە چۆن ئاگرەکە هەڵیدەلووشێ.. کوڕەکە و سەگەکەش چاویان لێبوو.. ئافرەتەکەش بە نیشانەی ئەمەک و پێزانین دەستی بە سەر سەگەکەیدا هێنا.. دەموچاوی سەگەکە نیشانەی تووڕەیی پێوە نەما.. ترووسکەی دوژمنکارانە لە چاوە زەردەکانی کوژایەوە، منداڵە بچکۆڵەکان هێمن بوونەوە.. جارێکی تر گەڕانەوە بۆ خەو.. کوڕە قاچ پیسەکە راوەستاوە و دەمێک دەڕوانێتە ئاگرەکە و دەمێکی دیکە دەڕوانێتە دایکی کە چاوانی پڕن لە فرمێسک.. قۆڵە بچکۆڵەکانی بە گەردنی دایکییەوە دەئاڵێنێ و بە تووڕەبوونەوە هاوار دەکا: "دایە نارۆم بۆ گاوانیی.. نارۆم.. لێمدە ئەگەر من کردم.. لێمدە ئەگەر من کردم"!

نەرویج

بەرهەمهێنانی «رۆژنامەی ئەمرۆ» زنجیرە (٦).